# ٢٠ مۆچیارییەکەی ولّیەم فۆکنەر لەمەڕ نووسین:

## لە ئینگلیزییەوە: ژیار هۆمەر

ولّیەم فۆکنەر یەکێکە لە هەرەباشترین نووسەرە ئەمریکییەکان لە مێژوودا. بە هۆی قەڵەمە بەبڕشت و شێوازە تایبەتەکەیەوە، توانیی لە تەمەنی پەنجاودووساڵییدا خەڵاتی نۆبێل بباتەوە، هەروەها براوەی دوو خەڵاتی پۆڵتیزەر و دوو خەڵاتی ناشناڵبووکە، دڵی زۆرێک لە خوێنەرانیشی بەدەست هێناوە. میلیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهاندا بەتاسەوە نووسینەکانی دەخوێننەوە. فۆکنەر جادوویەکی سەیری هەیە؛ یەکێکە لەو نووسەرانەی دەشێ بەردەوام نووسینەکانی بخوێندرێتەوە بێئەوەی بزاندرێ داخۆ چ ڕێچکەیەکی گرتووەتە بەر و چلۆن دەنووسێ.

فۆکنەر ساڵی ١٨٩٧ لە باشووری ئەمریکا، لە ویلایەتی میسیسیپی، چاوی بە دنیا پشکووت و ساڵی ١٩٦٢، لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا، لە هەمان ویلایەت کۆچی دوایی کرد. لێرەدا ئەو سەرنج و تێڕوانینە گرنگانەی فۆکنەر سەبارەت بە نووسین دەخەینە ڕوو کە لە بۆنە و دیمانە و گوتوبێژەکانی ساڵی ١٩٤٧ تا ١٩٥٨ هەڵهێنجراون.



**لەبارەی نووسەرییەوە:**

مەبە بە نووسەر، ببە بە نووسین. نووسەری واتا مەنگی و چەقین. کرداری نووسین؛ جووڵە و چالاکی و زیندوویەتی دەرنوێنێ. کاتێک لە جووڵە دەوەستی، مردووی. قەت بۆ نووسین زوو نییە، هەر کاتێک فێری خوێندنەوە بووی، دەیشتوانی بنووسی.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ دەیلی پرێنستۆنیان - ١٩٥٨)

**لەبارەی نووسینەوە:**

با هەر حەز و خولیا بێ. چونکە تۆ لەبەر پارە نانووسی، لەبەر چێژ دەنووسی. دەبێ بە لاتەوە خۆش و چێژبەخش بێ. ڕەنگە لە کاتی نووسیندا ئەو هەستەت نەبێ، بەڵام پاش تەواوبوونی دەبێ هەست بەو خۆشی و چێژە بکەی. تەواوبوون بەو واتایە نایەت ئیتر لە قوژبنێکدا دابنیشی و شانازی بەوەی نووسیووتە بکەی، بەڵکو واتا هەموو هەوڵ و کۆششی خۆتت تێدا وەگەڕ خستووە و جارەکانی داهاتوو باشتر و باشتر دەبێ.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ دەیلی پرێنستۆنیان - ١٩٥٨)

**تەکنیک:**

گەر نووسەر حەزی لە تەکنیکە، با ببێتە پزیشک یان نژیار. هیچ ڕێکارێک بۆ باشنووسی نییە، تەنانەت قەدبڕێکیش نییە. نووسەرە لاوەکان گەر شوێن تیۆرێک بکەون، گەمژەن. لە هەڵەکانتانەوە فێر بن، چونکە مرۆڤ تەنێ لە ڕێی هەڵەوە فێر دەبێ. نووسەری چاک پێی وایە کارەکەی هێندە باشە، کەس ناتوانێ مۆچیاریی بکا. سا خاوەنی فیزێکی تایبەتیشە. ئاساییە هەر چەندێکیش بە شانوباڵی نووسەری کۆندا هەڵبلێ، چونکە ئێستاکە دەیهەوێ پشتی لە ئەرز بدات.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ پاریس ڕیڤیوو - ١٩٥٦)

**باشترین شێواز بۆ نووسینی ڕۆمان:**

پێشنیار دەکەم سەرەتا کەسێتییەکان لە مێشکی خۆتاندا بئافرێنن. کاتێک کەسێتییەک بە چاکی لە خەیاڵداندا دەئافرێنن، کەسێتییەکە ڕاستەقینەیە و خۆی شتەکانی دی دەکا. ئیتر تاکە کاری ئێوەی نووسەر ئەوەیە دوای کەسێتییەکە بکەون، ئەو کارانەی دەیکا و ئەو قسانەی دەیڵێ، بنووسنەوە. سەرەتا حەپەلووشکردنە، پاشان دەرهاویشتنە. دەبێ بڕواتان بە کەسێتییەکە هەبێ، دەبێ وا بزانن زیندووە، هەڵبەتە دەبێ بارودۆخی ژیانی بە جۆرێک هەڵبژێرن و لەبەرچاو بگرن کە لەگەڵ بیروباوەڕیدا بگونجێ و شیاو بێ. دوای ئەم هەنگاوە، شتەکان لە خۆوە بەرەو پێش دەچن. بەر لەوەی پێنووس بنێیتە سەر تیانووس، دەبێ زۆربەی چیرۆکەکەت لە مێشکتدا نووسیبێ. دەبێ کەسێتییەکە لەسەر بنەمای تێگەیشتن و ئەزموونی ڕاستەقینەت بێ و وەک پێشتریش ئاماژەم پێ دا، ئەمە بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی وا خوێندووتنەتەوە، بیستووتن، بیرت لێ کردوونەتەوە، هەموو ئەمانە پێوەرێکت دەدەنە دەست بۆ پێوانی کەسێتییە خەیاڵییەکە. کاتێک کەسێتییە ڕاستەقینەکە تەواو دەبێ و لە بەرامبەرتدایە، زیندووە و دەجووڵێتەوە و گرنگە، کەواتە نووسینەوەی سانایە و قورس نییە.

(لە ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکارانی زانکۆی ڤێرجینیا - ١٩٥٨)

**بوون بە ڕۆماننووسێکی باش:**

لە سەدا نەوەدونۆ بەهرە، لە سەدا نەوەدونۆ ڕێکخراویی، لە سەدا نەوەدونۆ کۆشش پێویستە. نووسەری باش نابێ قەت بە تەواویی لە کاری خۆی قایل بێ. دەبێ هەمیشە ئامانجی گەورەتر و زۆرتر لەوەی دەتوانن، دابنێن. هەوڵ مەدەن هەر تەنێ لە هاوچەرخەکانی خۆتان یان پێشینان باشتر بن، هەوڵ بدەن لە خۆتان باشتر بن. نووسەر بوونەوەرێکە لە لایەن ئەهریمەنەکانەوە بەڕێوە دەبرێ. خۆیشی نازانێ بۆچی ئەویان هەڵبژاردووە، زۆربەی کاتەکانیش هێندە سەرقاڵە کە ناپەرژێتە سەر ئەوەی بزانێ داخۆ بۆچی وایە! نووسەر کەسێکە بەبێ هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقی، لەبەر ڕاپەڕاندنی کارەکەی، هەرچییەکی پێویست بێ؛ تەنێ لەپێناو تەواوکردنی نووسینەکەی، قەرز یان دزی یان سواڵ لە هەموو کەس دەکات... تاکە بەرپرسیاریەتیی نووسەر، هونەرەکەیەتی. گەر نووسەر باش بێ، زۆردار و دڵڕەق دەبێ، چونکە خەونێکی لە مێشکدایە و هێندە ئازاری دەدات کە دەبێت لە دەستی قوتاری بێ تا هەمدیسان هەست بە ئارامی بکاتەوە. هەرچییەکی لە هەگبەدا بێ: شەرەف، شکۆ، دڵنیایی، پێداویستی، دڵخۆشی، هەموو شتێک لەپێناو نووسینی پەڕتووکەکەیدا دادەنێ. گەر پێویست بکات لە دایکی بڕفێنێت، بێ ئەملاولا دەیکات؛ هۆنراوەی "Ode on a Grecian Urn" لە زۆرینەی پیرەژنەکان باشترە.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ پاریس ڕیڤیوو - ١٩٥٦)

**دەستهەڵگرتن لە نووسین:**

تاکە یاسای من ئەوەیە کاتێک نووسینەکە هاڵاوی گەرمیی لێ هەڵدەستێ، دەستی لێ هەڵبگری. هەموو ئەو شتانەی دەتەوێ بیانووسی، قەت بە جارێک هەڵیانمەڕێژە. هەمیشە کاتێک چیرۆکەکە خەریکە باش دەڕوات دەستی لێ هەڵبگرە. دەستپێکردنەوە لێرەوە ئاسانترە. گەر بە جارێک خۆت بڕەتێنی، ساتی دەستپێکردنەوە تووشی گێچەڵ دەبی. هەمیشە کاتێک شتەکان باش دەڕۆن، دەست هەڵبگرە.

(لە ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکارانی زانکۆی ڤیرجینیا - ١٩٥٨)

**زاراوە:**

باشترین شت ئەوەیە بە ڕێژەیەکی کەم کەڵک لە زاراوە وەربگیردرێ، چونکە ئەوانەی شارەزای زاراوەکە نەبن، سەریان لێ دەشێوێ. نووسەر نابێ ڕێگە بەوە بدات کەسێتییەکان ڕێک بە زمان و زاراوەیەکی تایبەت بدوێن. وا باشترە بە درێژاییی چیرۆکەکە، بە چەند ئاماژەیەکی کورت و پوخت، زاراوەی کەسێتییەکان دەربخات.

(لە بەرنامەیەکی ڕادیۆییدا - ١٩٥٨)

**کەسێتی:**

هەقیقەت لە ناواخنی دڵی مرۆڤەوە هەڵدەقووڵێ. هەوڵ مەدە بیر و ڕامانی خۆت دەرخواردی خوێنەر بدەی. لەبری ئەوە، هەوڵ بدە کەسێتییەکە چلۆن دەبینیت ئاوها پێناسەی بکە. شتێک لە یەکێک وەربگرە، شتێک لە یەکێکی تر، بەم شێوەیە کەسێتیی

سێیەم چێ بکە، با بە شێوەیەک بێ کە خەڵکی تێی ڕامان و بینیان، لێی تێبگەن.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ دەیلی پرێنستۆنیان - ١٩٥٨)

**باشترین تەمەن بۆ نووسین:**

بۆ نووسینی چیرۆک، باشترین تەمەن سیوپێنج تا چلوپێنجساڵییە. لەو تەمەنەدا، هێشتاکە کڵپەی دەروونتان دانەمرکاوەتەوە و لە هەمان کاتدا ئەزموونێکتان خڕ کردووەتەوە. هەڵبەت چیرۆک خاووخلیچکە. بە بڕوای من باشترین تەمەن بۆ نووسینی هۆنراوە، حەفدە تا بیستوشەش ساڵییە. هۆنراوەنووسین وەک هەڵدانی مووشەکە بەرەو بۆشایی، پێویستە هەرچی وزە و بارووتت پێیە تێی بترنجێنی.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ وێسترن ڕیڤیوو - ١٩٤٧)

**شێوازی نووسین:**

من شێوازی نووسینم بۆ خۆم نەئافراندووە. پێم وایە شێواز یەکێکە لە کەرەستەکانی پیشەکار، نووسەرێکیش کە لەڕادەبەدەر خەیاڵی لای باشترکردنی شێوازە، یان دوای شێوازێکی تایبەت دەکەوێ، ڕەنگە قسەی زۆری بۆ گوتن پێ نەبێ و خۆیشی ئەمە چاک دەزانێ، سا ئەمەیش دەیترسێنێ، بۆیە ئیدی دەچێ بە شێوازێک دەنووسێ، پاشان وەک ئەوەی خشڵ و گەنجینەیەکی دانسقەی دۆزیبێتەوە، داکۆکیی لێ دەکا. چەشنی 'واڵتەر پیتەر' دەردەچێ کە نووسینەکانی جوانن، بەڵام ناوبۆشن. پێم وایە شێواز تەنیا کەرەستەیەی پیشەکارە. چیرۆکەکە خۆی پێت دەڵێ بە چ شێوازێک بینووسی، لەوانەیە بەکارهێنانی شێوازێک بۆ چیرۆکێک لەبار بێ و شێوازێکی تر بۆ چیرۆکێکی تر. دەبێ نووسەری کارامە وەک دارتاشێکی لێزان بتوانێ پارچەیەک نووسین دابتاشێ... بەڵام بە بڕوای من شێواز شتێکە خۆی بەرهەم دێ.

(لە ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکارانی زانکۆی ڤێرجینیا - ١٩٥٨)

**نووسینەوەی واقیع:**

هەنووکە مەرگەساتەکەمان ترسێکی گشتیگیر و جیهانییە و ئەوەندە خۆی ڕاگرتووە کە تەنانەت ئێمەیش توانیوومانە بەرگەی بگرین. ئیدی کێشەی ڕۆح نەماوە، تاکە پرسیارێک لە ئارادایە: "کەنگێ ژیانم کۆتایی دێ؟" لەبەر ئەمەیە نووسەرە لاوەکانی ئەم سەردەمە کێشمەکێشی ناخی مرۆڤیان پشتگوێ خستووە کە تاکە شتێکە بۆ نووسین بشێ، تاکە شتێکیشە کەڵکی کۆشش و چنگەکرێی هەبێ.

نووسەر دەبێ دووبارە فێری هەموو ئەمانە ببێتەوە. دەبێ خۆی فێر بکا کە ترس پیسترینە. ئەم شتە فێری خۆی بکا و بۆ هەمیشە لە بیری بکا، بە هیچ کلۆجێک نەهێڵێ ترس لە نووسینەکانی بچۆڕێتەوە، بەڵکو دەبێ بیپەرژێتە سەر نووسینەوەی ڕاستییەکان، ئەو شتانەی هەڵقوڵاوی نێو ناخین و هەموو ئەو چیرۆکانەی پێملی نووسینەوەیانە؛ ئەڤین و شانازی، غەڕایی و بەزەیی، دلۆڤانی و قوربانی. نووسەر تا ئەمە نەکا، لە ژێر باری نەفرەتدا دەبێ. ناچێ لەبارەی ئەوینەوە بنووسێ، دەچێ لەبارەی ئالۆشەوە دەنووسێ. لەبارەی شکستێکەوە کە کەس شتی بەنرخی تێدا لە دەست نادا. لەبارەی سەرکەوتنێکەوە کە هیچ هیوایەکی تێدا

نییە. لە هەموویشی خراپتر، نووسینەکانی سۆز و بەزەییبیان لێ ناچۆڕێ. خەم و پەژارەکەی لەبەر زیندەبەڕۆح نییە، بۆیە تەنێ هەر خۆی دادەپلۆسێنێ. جا لەبارەی دڵ و دەروونەوە نانووسێ، بەڵکو هەر باسی لوولەڕژێن دەکا.

(گوتاری فۆکنەر لە بانگهێشتنامەی خەڵاتی نۆبێڵ - ١٩٤٩)

**ناو:**

گومانم لەوە هەیە یاسا و ڕێسایەک بۆ ئەمە هەبێ، بەڵام پێم وایە تا ناوەکەی کورتتر بێ، باشترە. بە بڕوای من زۆربەی زۆری کاتەکان، چیرۆک خۆی ناوێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ... بەڵێ! سوورم لەسەر ئەوەی تا کورتتر بێ باشترە.

(لە بەرنامەیەکی ڕادیۆییدا - ١٩٥٨)

**شکست:**

هەمووومان لە بەدەستهێنانی خەون و ئاواتەکامان شکستمان هێناوە. سا لەسەر بنچینەی شکستە ئاڵووالاکانمانەوە دەست دەدەینە کاری ئەستەم. بە بڕوای من، گەر بمتوانیبایە دیسان هەموو نووسراوەکانم بنووسمەوە، بێگومان لە جاران باشتر دەمنووسینەوە، هەڵبەت ئەمە لای نووسەر شتێکی ئاساییە. بۆیە لە نووسین بەردەوامە، هەمدیسان هەوڵ دەداتەوە، ئەو کاتەی ئیدی کارێکی نەماوە بیکا، دەتوانێ شاخوێنبەری بقرتێنێ یان لە بەرزاییەکەوە خۆی هەڵدێرێ. من شاعیرێکی دۆڕاوم. ڕەنگە هەموو ڕۆماننووسەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان ویستبێتیان ببنە شاعیر، بەڵام بۆیان دەردەکەوێ کە پێیان ناکرێ، پاشان نووسینی کورتەچیرۆک تاقی دەکەنەوە -کە لە دوای شاعیری قورسترین کارە- جا دوای شکستهێنان لەمەیشدا، بەرەو ڕۆماننووسین پەل دەهاوێژن.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ پاریس ڕیڤیوو - ١٩٥٤)

**ساتی سرووش:**

ئێوە هەمیشە دەتوانن کات بۆ نووسین تەرخان بکەن. ئەوەی دەڵێت کاتی نووسینم نییە، بیانوویەکی قۆڕی لە پشت ئەم قسەیەوە مەڵاس داوە. نووسین و سرووش دووانەیەکی لێک دانەبڕاون. کاتێک سرووشتان بۆ دادەبەزێ چاوەڕوان مەبن، یەکسەر بینووسن. چاوەڕوانی ئەوە مەبن کاتێک بۆ نووسین دابنێن و دیسان ئەو دۆخی سرووشە دابڕێژنەوە، یەکسەر بینووسن و تەواوی بکەن. ئەوە بزانن کە قەت قەت ئەو هەستەی سەرەتاتان چنگ ناکەوێتەوە.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ وێسترن ڕیڤیوو - ١٩٦٧)

**پێداویستییەکانی نووسەر:**

نووسەر ژینگەیەکی پێویستە کە پڕ بە دڵی خۆی ئارامی و تەنیایی و چێژی تێدا بێ، گەیشتنیش بەمانە زۆر لەسەری نەکەوێ. ژینگەی نەگونجاو تەنێ ئۆقرەبڕاو و شەکەت و قەڵسی دەکا. با لەبارەی ئەزموونی خۆمەوە بدوێم؛ پێویستم بە کاغەز و جگەرە و خواردن و چۆڕێک وێسکی هەیە... نووسەر

پێویستی بە سەربەخۆیی ئابووری[1] نییە، تاکە شتێک بیهەوێ پێنووس و تیانووسە. من هەرگیز نووسینێکی باشم نەبینوە کە بە زەبری پارە و بەخشیش نووسرابێ. نووسەری باش هەرگیز چاوی لە دەستی ئەموئەو نییە. هەمیشە سەرقاڵی نووسینە، گەر وا نەبێت دیارە بە بیانووی نەبوونی کات و پشتگیریی ماددییەوە خۆی دەخڵافێنێ. هونەری باش دەکرێ لە دز و قاچاغچییەکانەوە یان لە مەیتەری ئەسپەوە وەربگیرێ. زۆربەی خەڵکی بە دیتنی ئەوەی ئەوان چۆن لە بەرامبەر هەژاری و تەنگوچەڵەمەکاندا بەرگەیان گرتووە، ترس دایاندەگرێ، تەنانەت بە دیتنی ئەوەی کە چەندێک پشوودرێژیشن. هەڵبەت هیچ شتێک ناتوانێ نووسەری باش بفەوتێنێ. تاکە شتیش بتوانێ نووسەری باش بگۆڕێ، مردنە.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ پاریس ڕیڤیوو - ١٩٥٤)

**نووسین لە دەرەوەی بازنەی ئەزموونەوە:**

بۆ ئەوەی نووسەر دەیهەوێ لەبارەیەوە بنووسێ، نابێ سنوورێک دابندرێ. دەبێ بەو شێوازە بنووسێ کە شارەزایە، دەشێ لە دەرەوەی بازنەی ئەزموونەکانیشیەوە بێ. سا وا باشترە ئەو شتەی دەینووسێ لە تێڕوانین و ئەزموونەکانییەوە سەرچاوە بگرێ، بەڵام هەر نابێ سنووربەندی بۆ هەوڵ و کۆششەکانی هەبێ. ئامانج تا بەرزتر و مەزنتر بێ، باشترە. گەر نووسەر دەیهەوێ شکست بهێنێ، وازی لێ بهێنن با شکستێکی مەزن و عەنابی بهێنێ؛ نەوەک دۆڕانێکی بچووک و بێنرخ.

(لە ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکارانی زانکۆی ڤێرجینیا - ١٩٥٨)

**بیراز و پێداچوونەوە:**

بەهۆی ئەو گوڕوتینەی لە کاتی نووسیندا هەتانە، ڕەنگە ڕستەی زۆر کەڵەکە بکەن. گەر دوای پێداچوونەوە ڕستەکانتان بە گونجاو و لەبار زانی، دەستکارییان مەکەن.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ وێسترن ڕیڤوو - ١٩٤٧)

هەر چیرۆکێک نەتواندرێ لە ڕستەیەکدا یان هیچ نەبێ لە پاڕاگرافێکدا کورت بکرێتەوە، کەڵکی نووسینی نییە. سەبارەت بە خۆم؛ لە پێداچوونەوەدا تەمەڵ و تەوەزەلم، سا بۆیە پێش ئەوەی نووسینە گران و تاقەتپڕووکێنەکە لەسەر کاغەز هەڵبڕێژم، هەموو هەوڵم وەگەڕ دەخەم تا زۆرینەی کرداری نووسینەکە لە مێشکمدا، لە هزر و خەیاڵمدا، ڕاپەڕێنم. هەڵبەت من پێم وایە پێداچوونەوە کاتێک باشە نووسینەکە چاک دەرچووبێ، بەڵام ئەوە نەبێ کە بەتەمای بووی، بۆیە گۆڕانکاری و جێگۆڕکێی تێدا دەکەی و هەوڵ دەدەی لە بیرۆکەکەتی نزیک بخەیتەوە، کەچی هەر وا دەرناچێ. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە پێداچوونەوە زیاتر بۆ نووسەرەکانە نەوەک بیرازکەرەکان[2] کە لەبەر دڵی خوێنەر دەق دەشێوێنن.

(لە ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکارانی زانکۆی ڤێرجینیا - ١٩٥٨)

[1] Economic freedom

[2] بیرازکەر: Editor، ویرایستار، محرر - وەرگێر.

**کەرەستەی سەرەکیی نووسەر:**

نووسەر سێ شتی پێویستە؛ ئەزموون، تێڕوانین، خەیاڵکردن. گەر دووانیان یان بڕێک جار یەکێکیان لەوانی تر بەهێزتر و بەپێزتر بێ، دەکرێ قەرەبووی لاوازیی ئەوانی دی بکاتەوە. لە لایەنی خۆمەوە هەمیشە چیرۆک لە بیرۆکەیەکی ساکار، بیرەوەرییەک یان وێنایەکەوە سەر هەڵدەدا. نووسینی چیرۆک هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەو ساتەی کە ڕوونی بکەیتەوە بۆچی ئەم شتە ڕووی داوە، یاخود دوای ئەمە چ شتێکی دیکە ڕووی داوە. هەمیشە نووسەر هەوڵ دەدات کەسێتییەکانی بە سەرنجڕاکێشترین و باشترین شێواز بنووسێ و دابڕێژێ، ئاشکرایە بۆ ئەمەیش یەکێک لە کەرەستەکانی ژینگەکەی بەکار دەهێنێ کە زۆر چاک تێیدا شارەزایە. بە بڕوای من؛ مۆسیقا ساناترین کەرەستەیە بۆ دەربڕینی شتێک، هەروەها مۆسیقا لە سەرەتاییترین ئەزموونی مرۆڤ و مێژووە. بەڵام چونکە کاری من لەگەڵ وشەکاندایە، دەبێ هەوڵ بدەم شتەکان بە وشە دەرببڕم، لە کاتێکدا مۆسیقا باشتر دەتوانێ دەریببڕێ.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ پاریس ڕیڤیوو - ١٩٥٤)

**باشترین ڕاهێنان بۆ نووسین:**

بخوێننەوە، بخوێننەوە، بخوێننەوە. هەموو شتێک بخوێننەوە؛ نووسینە بێسەروبەرەکان، کلاسیکەکان، باشەکان، خراپەکان... هەموویان بخوێننەوە تا بزانن ئەوان چلۆن نووسیوویانە، سەرنجی وردەکارییەکانیان بدەن. کاتێک کەسێک دەیهەوێ فێری دارتاشیی ببێت، سەرەتا تەنێ سەرنج دەدا و ورد دەبێتەوە. بخوێننەوە! خوێندنەوە سەرنجدان و وردبوونەوەی نووسەرە. بنووسن، گەر باش بێ خۆتان پێی دەزانن. گەر خراپیش بێ، شەقێکی تێ هەڵبدەن.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ وێسترن ڕیڤیوو - ١٩٤٧)

**کار و پیشە:**

نووسین مەکەنە کار و پیشەتان. با لە پاڵیدا کارێکی ترتان هەبێ کە دابینکەری ژیان و بژێوییتان بێ. گرنگ نییە چ کارێک دەکەن، تەنێ ڕێگر نەبێ لە نووسین و پارەی لێ دەست بکەوێت بەسە. گرنگ نییە ڕۆژانە چەند کاتژمێر کار دەکەی، دەتوانی کات بۆ نووسین گل بدەیتەوە. من تا ئێستاکە هیچ کەسێکم نەبینیوە شتێکی پێ خۆش بووبێ و نەیتوانیبێ کات بۆ نووسینەوەی دابنێ.

(لە دیمانەیەکدا لەگەڵ دەیلی پرێنستۆنیان - ١٩٥٨)

ژێدەر:

20 Pieces of Writing Advice from William Faulkner, lithub.com (Translated into Kurdish by Jiyar Homer)

# دەمتوانی بچووکترین شتیش ببینم

## ڕەیمۆند کارڤەر

## لە ئینگلیزییەوە: ژیار هۆمەر

لە پێخەفەکەمدا پاڵکەوتبووم و جیڕەی دەرگاکەم بیست. ورد گوێم هەڵخست. جگە لەوە هیچی ترم نەبیست. هەوڵم دا کلیف[1] لە خەو هەڵبستێنم بەڵام هەر لەوە دەچوو بورابێتەوە. بۆیە هەڵستام و بەرەو پەنجەرەکە چووم. مانگێکی گەورە بەسەر زنجیرەچیای چواردەوری شاردا ڕاکشابوو. مانگێکی گرشەداری گرژومۆن. هەموو گەمژەیەک ڕووخسارێکی تێدا بەدی دەکرد.

تینی کزی تریفەی مانگەشەو بواری دەدا هەموو شتێکی نێو حەوشەکە ببینم: کورسی، داربی، تەنافی جلهەڵخستن، گوڵەحەریرە، دەرگایەک لەسەر پشت.

بەڵام کەسی لێ نەبوو. سێبەری تۆقێنەری لێ نەبوو. تریفە هەموو شتێکی داپۆشیبوو و دەمتوانی بچووکترین شتیش ببینم. بۆ وێنە: جلگرە بە تەنافەکەوە.

دەستم بە شووشەکەوە نووساند تا بەری مانگ بگرم. پتر ڕوانیم. گوێم هەڵخست. پاشان بەرەو ناو نوێنەکەم گەڕامەوە.

بەڵام خەو نەدەچووە چاوم. گینگڵم دەدا. بیرم لە دەرگا کراوەکە دەکردەوە. هەر دەتگوت بوێرییم تاقی دەکاتەوە.

پرخەپرخەکەی کلیف تۆقێنەر بوو. دەمی داچەقابوو و هەردوو قۆڵی باوەشیان بە سنگە سپیوسۆڵەکەیدا کردبوو. سەرەڕای جێگەکەی خۆی، سێبەشی جێگەخەوەکەی منیشی داگیر کردبوو.

پەیتاپەیتا پاڵم دەنا و ئەویش دەینرکاند.

بڕێکی دی ددانم بە خۆمدا گرت بەڵام بۆم دەرکەوت ئاوهایی بێکەڵکە. هەڵستام و نەعلم لە پێ کرد. بەرەو چێشتخانەکە چووم و چاییەکەم لێ نا و لەسەر مێزی نانخواردنەکە بە دیاریەوە ڕۆنیشتم. جگەرەیەکی بێفلتەرم لەوانەی کلیف کێشا.

درەنگ بوو. نەیشمدەویست لە کاتژمێر بڕوانم. چاکەم هەڵقوڕاند و جگەرەیەکی ترم کێشا. پاش قەیرێک بڕیارم دا بچمە دەرەوە و دەرگاکە پێوە بدەم.

ئیدی ڕۆبەکەم لە بەر کرد.

[1] Cliff

تریفەی مانگ هەموو جێیەکی ڕووناک کردبووەوە: ماڵ و دار و ستوون و تەلی کارەبا و تەواوی دنیا. سەرەتا حەوشەی پشتەوەم پشکنی ئەمجا هەیوانەکەم جێ هێشت. کزەبایەکی سارد هەڵیکرد ناچار ڕۆبەکەم داخست.

بەرەو دەرگاکە ملم نا.

لای پەرژینەکەی نێوان ماڵی ئێمە و ماڵی سام لۆتن[1] ژاوەژاوێک دەهات. چاوێکم گێڕا. سام ئانیشکی لەسەر پەرژینەکە دانابوو و پاڵی دابووەوە، هەڵبەت دوو پەرژینی لێ بوو. قوولەمشتی بەرەو دەمی برد و قرخەقرخ کۆکی.

سام لۆتن گوتی: "نانسی[2]، ئێوارەت باش."

گوتم: "سام! کورە زیرەت پێ کردم. ئەوە خەریکی چییت؟ هیچت نەبیست؟ من جیرەی کردنەوەی دەرگاکەمانم بیست."

گوتی: "نە هیچم بیستووە نە هیچم بینیوە. لەوانەیە با بوویێت." شتێکی دەجوو. چاوێکی لە دەرگا کراوەکە کرد و شانی هەڵتەکاند.

قژی لەبەر تریفەی مانگەشەودا زیوویین دەینواند و بژ ببوو. لووتە زلەکەی و چرچولۆچیی ڕووخسارە پانکەڵە خەمبارەکەیم دەبینی.

توخنی پەرژینەکە کەوتم و گوتم: "ئێ، ئەوە سام خەریکی چییت؟"

گوتی: "حەز ئەکەی شتێکت پیشان بدەم؟"

گوتم: "ئێستا دێمە ئەودیو."

هاتمە دەرەوە و بەرەو ماڵی سام ڕۆیشتم. سووڕانەوە و پیاسە بە ڕۆب و جلی خەوەوە لەو کاتەدا شتێکی پێکەنیناویی بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم شەرت بێ ئەمەم قەت بیر نەچێتەوە، واتا پیاسەی ئاوها لە دەرەوەی ماڵەوە.

سام لە بەردەم ماڵی خۆیان ڕاوەستابوو، دەرلنگی پیجامەکەی بەر پێڵاوە ڕەشوسپییەکەی کەوتبوو. دەستێکی لایت و دەستەکەی تری قوتوویەک بوو.

سام و کلیف جاران هاوڕێ بوون. شەوێکیان دادەنیشن دەخۆنەوە. دەمەبۆڵەیان دەبێت. ئیدی دەستبەجێ سام پەرژینێکی دانا و کلیفیش هەروەها.

ئەو ڕووداوە پاش ئەوە بوو کە سام **میلی**ـی[3] لە دەست دا و ژنی هێنایەوە و زۆری نەخایاند منداڵێکی تری خستەوە. میلی تا مرد هاوڕێیەکی نزیکم بوو. لە چلوپێنجساڵیدا بە جەڵتەی دڵ مرد. هەر کە بە ترومبێلەوە گەیشتبووە حەوشەکەیان دڵی وەستابوو. ئیتر ترومبێلەکە تا خۆی بە دیواری ئەوسەری گەراجەکەدا نەکێشابوو نەگیرسابووەوە.

سام پیجامەکەی هەڵکرد و هەڵترووشکا. ڕووناکیی لایتەکەی گرتە زەوییەکە و گوتی: "سەیری ئەوە کە."

سەیرم کرد؛ چەند کرمەلیقەیەکم بینی لە تۆپەڵێک پیسی ورووکابوون.

گوتی: "کرمەلیقەن! ئا ئێستاکە بڕێک لەمەم پێ دان." قوتووەکەی هەڵبڕی، لە قوتووی ئەجاکس[4] دەچوو،

[1] Sam Lawton
[2] Nancy
[3] Millie
[4] Ajax: تۆزی پاککەرەوەیە - وەرگێڕ.

پاشان گوتی: "خۆ هەموویان هەڵلووشیوە." هەر شتەکەی ناو دەمیشی دەجوو. ئاوڕێکی بەو لادا دایەوە و تفی کردەوە، لە تووتن دەچوو. "دەبێت لەمە بەردەوام بم تا پێیان ڕابگەم." لایتەکەی خستە سەر گۆزەیەک کە کەیلانی کرمەلیقە بوو. "داویان بۆ دادەنێم، ئەوسا هەرکاتێک هەڵێکم بۆ بڕەخسێ بەم قوتووەوە دێمەوە بۆ گیانیان. سەگبابینە لە هەموو شوێنێکن. هەموو ئەوەی دەیکەن تاوانە. ئا تۆ لێیان بڕوانە."

ڕابووم. قۆڵی گرتم و بەرەو لای گوڵەباخەکان ڕاپێچی کردم. کونیلەی سەر گەڵاکانی پیشان دام.

گوتی: "کرمەلیقەکان شەوانە لەم ناوە کەوتوون. داویان بۆ دادەنێم و دەچم دەیانگرم. کرمەلیقە بوونەوەرێکی ناحەزە. جا لەو گۆزەیەی ئەوێدا کۆیان دەکەمەوە." ئاڕاستەی لایتەکەی بەرەو خوارەوەی گوڵەباخەکە گواستەوە.

فڕۆکەیەک لە ژوور سەرمانەوە فڕی. بیرم لە سەرنشینەکانی دەکردەوە کە ئێستا دانیشتوون و بە قایش خۆیان بەستووەتەوە، هەندێکیان دەخوێننەوە، هەندێکیان چاو دەبڕنە خوارەوە.

گوتم: "ئێ سام، هەموو لایەک باشن؟"

شانی هەڵتەکاند و گوتی: "ئا ئا باشن."

هەر شتەکەی پێشتری دەجوو. گوتی: "کلیفۆرد چۆنە؟"

گوتم: "هەر وەک هەمیشە."

سام گوتی: "کاتێ دێمە دەرەوە و دوای ئەم کرمەلیقانە دەکەوم، جاروبار سەیری ماڵی ئێوە دەکەم. خۆزگە دەخوازم من و کلیف ببینەوە بە هاوڕێ. بڕوانە ئەوێ." هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی. "ئەوە دانەیەکە لەوێ. دەیبینی؟ ڕێک لەو جێیەی لایتەکەم لێ داوە." ڕێک تیشکی ڕووناکییەکەی خستبووە سەر خۆڵی ژێر گوڵەباخەکە. سام گوتی: "سەیری ئەمە کە."

هەردوو دەستم لە ژێر مەمکم گرێ دا و خۆم بەرەو لای شوێنی لایتەکە نوشتاندەوە. کرمەلیقەکە جووڵەی لێ بڕا و سەری بەم لا و بەو لادا دەلەراندەوە. پاشان سام بە قوتووی تۆزەکەوە گەڕایەوە و بەسەر زەوییەکەدا پرژاندی.

گوتی: "هەی کرمەلیقەی چەپەڵ."

کرمەلیقەکە جرتوفرتی پێ کەوت. پاشان لوولی خوارد و ڕەق هەڵگەڕا. پێمەڕەیەکی هەڵگرت و چەند پشتەخاکەنازێکی پێدا کوتا و هەڵیدایە ناو گۆزەکە.

سام گوتی: "زانیووتە؟ وازم لێ هێناوە. دەبوو هەر وازم بهێنابایە. ماوەیەک شتەکان وەها تێدەپەڕین و ئیدی ئاگام لە هیچ نەمابوو، هۆشم لە سەردا نەمابوو. هێشتاکە لە ماڵەوە خواردنەوەمان هەیە، بەڵام قەت توخنی ناکەوم."

سەرم بۆ لەقاند. سەیرێکی کردم و چاوی لێ نەدەترووکاندم.

گوتم: "وا باشترە من بڕۆمەوە."

گوتی: "دە باش... جارێ خەریکی ئەوە دەبم و کاتێک لێ بوومەوە، منیش دەچمەوە ماڵەوە."

گوتم: "شەوت گەش، سام."

گوتی: "بوەستە!" لە جووین ڕاوەستا. بە زمانی، شتەکەی نێو دەمی خستە پشت لێوی خوارەوەی. "سڵاویشم بە کلیف بگەیەنە."

گوتم: "خەمت نەبێ، پێی ڕادەگەیەنم."

سام دەستی بە قژە زیووینەکەیدا هێنا، هەر دەتگوت گەرەکیەتی یەکجاری تەختی بکات. پاشانیش دەستی هەڵبڕی و ماڵئاواییی لێ کردم.

لە ژووری نووستن، ڕۆبەکەم داکەند و قەدم کرد و لە بەر دەستمدا دامنا. بێ ئەوەی سەیری کاتژمێرەکە بکەم، پەلم کوتا تا دڵنیا ببمەوە لەوەی قورمیش کراوە. پاشان بەرەو نوێنەکەم داکشام، چەرچەفەکەمم بە خۆمدا دا و چاوم لێک نا.

ئەوسا بیرم کەوتەوە کە هەر بیرم چووە دەرگاکە دابخەم.

چاوم کردەوە، لەسەر گازەرای پشت پاڵ کەوتبووم. تۆزێک کلیفم ڕاوەشاند. قرخەقرخی لێ هەڵستا. تفێکی قووت دا. شتێک لە دەمییەوە دەرپەڕی و بەسەر سنگیدا پژا.

سا نازانم. منی خستەوە بیری ئەو کرمەلیقە گچکانەی کە سام لۆتن تۆزی بەسەردا دەپرژاندن.

ماوەیەکی کورتخایەن بیرم لە جیهانی دەرەوەی ماڵەکەم کردەوە؛ ئیدی هیچم بە خەیاڵدا نەدەهات جگە لەوەی دەبێ پەلە بکەم و زوو بۆی بخەوم.

سەرچاوە:

I Could See The Smallest Things, Raymond Carver, Collected Stories; What We Talk About When We Talk About Love, The Library of America (Translated into Kurdish by Jiyar Homer)

# دواشەوی دنیا

## ڕەی برادبێری
## لە ئینگلیزییەوە: ژیار هۆمەر

- گەر بزانی ئەمشەو دوایین شەوی دنیایە، چی دەکەی؟
- چی دەکەم؟ خۆ گاڵتە ناکەی؟

- نا نا، بەڕاستیمە، گاڵتەی چی.

- نازانم، بیرم لەوە نەکردووەتەوە. ژنەکە دەسکی قۆرییە زیوییینەکەی بەرەو لای پیاوەکە وەرچەرخاند، پاشان دوو کووپەکەی خستەوە سەر ژێرکوپەکەیان. پیاوەکە نەختێک قاوەی کردە نێو کووپەکان. لەولاتر و لەسەر قاڵیچەکە، لە بەردەم تینی چرا سەوزەکە، دوو کیژۆڵە میکانۆیان هەڵدەچنی. بۆنوبەرامەی خۆشی قاوەکەیش هەوا پاکژەکەی ئێوارەی تەنیبوو.

پیاوەکە گوتی: "ئممم... وا باشترە بیری لێ بکەیتەوە."

ژنەکەی هەڵیدایە: "هەر لەسەر قسەی خۆت سووری؟"

پیاوەکە سەری لەقاند.

- جەنگ هەڵدەگیرسێ؟

سەری ڕاوەشاند.

- نەکا بۆمبی ئەتۆمی یان هایدرۆجینی بێ؟

- نا.

- ئەی...؟

پیاوەکە دەڵێت: "هیچ کامێکیان نییە." ئینجا هێدی-هێدی قاوەکەی تێک دەدا و لە ناواخنی ڕەشاییەکەی دەڕوانێ.

- با وای دابنێین گەیشتووینەتە دوالاپەڕەی کتێبێ.

- لە مەبەستت ناگەم.

- هینە، ڕاستییەکەی خۆیشم باش تێناگەم، بەڵام ئەمە هەستێکە؛ جارجارە ترس دامدەگرێ، بڕێکجاریش هیچ هیچ ناترسێم، بگرە تەواو هێمن و لەسەرخۆم.

چاوی بڕییە پرچی زەردی کیژۆڵەکان کە لە بەردەم ڕووناکییەکەدا دەدرەوشایەوە. بە سرتە گوتی:

- ئەزانی یەکەمین جار، ئاوا چوار شەوێک لەمەوبەر بوو، کەچی هیچیشم پێ نەگوتی.

- چ شتێک؟

- ئەو خەوەی بینیم. لە خەوما بینیم هەموو شتێک کۆتایی پێ دێ. دەنگێک ئەوەی پێ ڕاگەیاندم؛ لەو دەنگانە نەبوو کە پێشتر بیستبووم. دەی ئیدی دەنگێک بوو، گوتیشی هەموو شتەکانی سەر زەوی ڕادەوەستێن. سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر زۆر بیرم لێ

نەکردەوە، بەڵام لەسەر کار تەواوی ڕۆژەکە بۆ ساتێک چییە بەرۆکی بەرنەدام. دواتر پاشنیوەڕۆکەی، **ستان ویڵس**م بینی کە لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دەرەوە و پێم گوت:

"ستان! گەر پێم بڵێی بیر لە چی ئەکەیتەوە، پێنییەکت دەدەمێ."

بەرسڤی دایەوە: "دوێشەو خەوێکم بینی..." تەنانەت پێش ئەوەی خەوەکەیم بۆ بگێڕێتەوە، دەمزانی چییە. خۆی دەبوو سەرەتا من باسم بکردایە لای، کەچی ئەو پێی گوتم و گوێم شل کرد بۆی.

- ڕێک هەمان خەو بوو؟

- ئەرێ. بە ستامم گوت منیش ڕێک هەمان خەوم بینیوە. نەحەپەسا. ڕاستییەکەی فرە هێدی و لەسەرخۆ بوو. ئینجا بۆ هەواگۆڕینێک چووین، بێئەوەی بەرنامەیەکمان هەبێ بۆ خۆمان بە نێو نووسینگەکەدا ئەسووڕاینەوە. سەرمان لە هەر ژوورێک دەدا، ئەمانبینی ئەو خەڵکە چاویان بڕیووەتە ئەودیو پەنجەرە، سەر مێز، یاخود دەستوپلیان. ئەو شتەیشی لە بەردەمیاندا بوو، نەیاندەبینی. چەند کەسێکیانم دواند، ستانیش هەر وای کرد.

- هەموویان ئەو خەوەیان بینیبوو؟

- هەموویان. ڕێک هەمان خەو. بێ کەم و زیا.

- تۆ بڕوات بە خەو هەیە؟

- بەڵێ. هەرگیز هێندە دڵنیا نەبووم.

- دەی کەنگێ ڕادەوەستێ؟ مەبەستم زەوییە.

- بە درێژاییی شەو لای ئێمە ڕادەوەستێ و بە تێپەڕبوونی شەو لە بەشەکانی تری زەوی، هەمان شتیش لای ئەوان ڕوو دەدا. ئیتر وەستانی تەواوەتیی لە سەرانسەری گۆی زەوی بیستوچوار کاتژمێر دەخایەنێ.

هەڵوەستەیەکیان کرد و دەستیان لە قاوەکەیان نەدا. پاشان لەسەرخۆ قوڵفی فنجانەکەیان گرت و قاوەکەیان هەڵقوڕاند، لە یەکتریشیان دەڕوانی.

ژنەکە گوتی: "شایانمانە ئەوەمان بەسەردا بێ؟"

"بابەتەکە شایان و شتی وا نییە. خۆی ئەو شتانە هەڕەمەکین. ئەزانی سەرنجم دای تەنانەت بەرهەڵستیی قسەکانمیشت نەکرد. ئەوە بۆ؟"

ژنە گوتی: "دەی هۆیەکم هەر هەیە."

"هەمان هۆیە کە هاوکارەکانم هەیانبوو؟"

ژنەکە سەری لەقاند: "نەمدەویست هیچ بدرکێنم. دوێشەو ڕووی دا. ژنەکانی دراوسێشمان لە نێوان خۆیاندا باسیان لێوە دەکرد."

ڕۆژنامەی سەرلەئێوارەی هەڵگرت و پیشانی پیاوەکەی دا: "بەڵام لە هەواڵەکاندا هیچی لەبارەوە نەنووسراوە."

"نا. هەمووان ئاگایان لە بابەتەکەیە. جا ئیتر نووسینەوەی کەڵکی چییە؟" پیاوەکە نووشتایەوە، ڕۆژنامەکەی هەڵگرت و دیسان لەسەر کورسییەکەی ڕۆنیشت. پاشان لە کچەکان و ئەمجا لە ژنەکەی ڕوانی: "ئەوە چییە دەترسی؟"

"نا. تەنانەت لەبەر منداڵەکانیش ناترسێم. هەمیشە وام دەزانی تا دواڕادە لە مردن دەترسم. بەڵام هیچ ناترسم."

"کەواتە ویستی مانەوە لە مرۆڤدا کە زاناکان باسی دەکەن، کوانێ؟"

"نازانم. مرۆڤ کاتێک هەست دەکات هەموو شتێک لۆجیکییە، زۆر شپرزە نابێ. ئەم مژارەیش لۆجیکییە. بەو شێوازەی ئێمە ژیاوین، ئاکامەکەی لەمە زیاتری لێ چاوەڕوان ناکرێ."

"خۆ زۆریش خراپ نەبووین. ها؟"

"نا، بەڵام خۆ زۆریش باش نەبووین. پێم وایە کێشەکە لێرەدایە. ئێمە هەمیشە کتومت وەک خۆمان بووین، لە کاتێکدا زۆربەی زۆری دنیا شتی دزێو بوون."

کیژۆڵەکان لە هەیوانەکەدا دەکەنین و دەستیان ڕادەوەشاند، ئەو خانووەیشی بە میکانۆ چێیان کردبوو، ڕووخاندیان.

"هەمیشە وێنام دەکرد کە لە هەلومەرجێکی ئاوهادا، خەڵکی بڕژێنە سەر شەقامەکان و بقیژێنن."

"شتی ڕاستەقینە قیژە و هەرای پێ ناوێ."

"ئەزانی چۆنە، هەر چۆنێک بووە لە تۆ و کچەکانم بترازێ، بیری هیچی شتێکی دیکە ناکەم. تەنێ هەر ئەو سیانەتان بۆم گرنگن. هەرگیز حەزم لە شارەکان و ترومبێلەکان و کارگەکان و کارەکەی خۆم نەبووە. بیری هیچ شتێک ناکەم مەگەر خێزانەکەی خۆم و ڕەنگە بیری گۆڕانی کەشوهەوا بکەم، هەروەها بیری پەرداخێک ئاوی سەهۆڵاویش کاتێک دنیا زۆر گەرمە و چێژی خەوتنیش. هەر ئەم شتە بچکۆلە و ساکارانە... دەسا چۆن دەبێ ئێمە لێرە ئاوها دابنیشین و بەم ساردوسڕییەوە لێی بدوێین؟"

"چونکە هیچمان لە دەست نایە."

"هەر وایە ئیتر. گەر شتێکمان لە دەست بهاتایە، بێگومان دەمانکرد. وا بزانم ئەمە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی دنیادا کە هەمووان لە کۆتا شەوی ژیانیاندا دەزانن چی بکەن."

"مەراقمە بزانم کەسانی دی ئێستاکە، هەر ئەم ئێوارەیە، لەم چەند کاتژمێرەکەی کە ماوە، چی دەکەن."

"بۆ شانۆگەری دەچن. گوێ لە ڕادیۆ دەگرن، سەیری تەلەڤیزیۆن دەکەن، کۆنکەن دەکەن، منداڵەکانیان دەخەوێنن، خۆیشیان دەخەون. وەک هەمیشە."

"بەهەرحاڵ، هەمیشە شتێک هەیە تا خۆمانی پێوە با بدەین."

"ئێمەی مرۆڤ هێندەش خراپ نیین."

هەردووکیان بۆ چەند ساتێک متەقیان لە خۆیان بڕی، ئینجا پیاوەکە هەمدیس قاوەی کردەوە نێو کوپەکان و پرسیی: "جا بۆ پێت وایە ئەمشەو ڕوو دەدا؟"

" دەی ڕوو دەدا و ئەه."

"بۆ چی لە شەوێکی دە ساڵ لەمەوبەردا نەبوو؟ یان سەدەیەک لەمەوپێش، یاخود پێنج سەدە یان دە سەدە لەمەوپێش؟"

"ڕەنگە هۆکەی ئەوە بێت قەت لە مێژوودا ڕێکەوتی ٣٠ـی فێبریوەری ١٩٥١ نەبووە و ئەمێستا هەیە. چونکە ئەم ڕۆژە لە ڕۆژەکانی تری مێژوو گرینگترە،

چونکە ئیمساڵ ئەو ساڵەیە کە هەموو شتەکانی جیهان بەو شێوازەی هەن، خۆیان دەنوێنێن. سا لەبەر ئەم هۆکارانە، ئەمشەو کۆتاییی هەموو شتێکە."

"ئەمشەو فڕۆکە جەنگییەکان لە هەردوو بەری ئۆقیانووسەوە هەڵدەفڕن، چیتر خاکێک بۆ نیشتنەوە نادۆزنەوە."

"ئێ ئەمەیش بەشێکە لە ئاکامی ئەم پرسە."

پیاوەکە گوتی: "باشە دەی، ئێستا چی بکەین؟ قاپوقاچاغەکان بشۆرین؟"

بە وریاییەوە دەفرەکانیان شۆرد، کاتێک خستیاننەوە سەر جێگەکانیان، دەبریکانەوە. کاتژمێر هەشتونیو کچەکانیان خەواند، بە ماچێک شەوشادیان لێ کردن و گڵۆپە بچووکەکانی تەنیشت قەرەوێڵەکانیان هەڵکرد و دەرگای ژوورەکەیشیان خستە سەر پشت.

کاتێک لە ژووری کچەکان هاتنە دەرەوە، پیاوەکە کە پایپی نابووە لالێوی، ڕاوەستا و گوتی:

"نازانم..."

"چی؟"

"نازانم وا باشترە دەرگای ژوورەکەیان دابخەین یان کەمێک بە کراوەیی جێی بهێڵین تا ئەگەر هات و بانگیان کردین، گوێمان لێ بێ."

"وا بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ منداڵەکان ئاگادارن یا نا، ئاخۆ کەسێک شتێکی پێی گوتبێتن یا نا."

"نا نا، بێگومان نا. ئەگینا لێیان دەپرسیین."

دانیشتن، تاوێک ڕۆژنامەیان خوێندەوە و دوان و گوێیان بۆ ئەو مۆسیقایە هەڵخست کە ڕادیۆکە بڵاوی دەکردەوە. پاشان لە تەنیشت یەکدی و بەرامبەر ئاگردانەکە ڕۆنیشتن، چاویان لە پشکۆ سوورە گەشاوەکان بڕی. دەنگی میلی کاتژمێرەکە، دەونیو و پاشان یانزەونیوی ڕاگەیاند. بیریان لە تێکڕای خەڵکی دنیا دەکردەوە کە هەریەکێکیان دواهەمین شەوی خۆی، لەسەر حەز و ویستی خۆی، بەسەر بردووە.

پاشان لە ماچێکی دوورودرێژی تەڕوپاراودا نوقم بوون.

ژنەکە گوتی: "لانیکەم بەدەم یەکەوە بووین..."

پیاوەکە پرسی: "چییە ئەوە دڵت پڕ بووە؟"

ژنەکە بەرسڤی داوە: "وا هەست ناکەم."

پاشان گڵۆپەکانیان کوژاندەوە، دەرگاکانیان کلیل دا و چوونە ژوورەکەی خۆیان، لە تاریکاییە فێنکەکەی شەودا جلەکانیان داکەند.

ژنەکە هەر وەک شەوانی دی لێفەکەی لۆ دا و بە سەرنجەوە لەسەر کورسییەکە داینا، پاشان چەرچەفەکەی ڕاخست.

"چەرچەفەکە چەند گەرم و نەرم و خۆشە."

پیاوەکە گوتی: "ماندووم."
"هەردووکمان ماندووین."

چوونە نێو پێخەفەکەیانەوە و لەسەر گازەرای پشت لێی ڕاکشان. ژنەکە گوتی: "بوەستە!"

پیاوەکە دەنگی هەڵستان و چوونەدەرەوەی، لە ژوورەکەوە بەرەو بەشی دواوەی خانووەکەیان، بیست. پاشان جیڕەی هێواشی کردنەوەی دەرگایەکی هاتە گوێ.

پاش قەیرێک ژنەکە گەڕایەوە: "بیرم چووبوو شێرەی موبەقەکە بگرمەوە. گرتمەوە."

شتێکی پێکەنیناویی لەم کارەی ژنەکەدا هەبوو و پیاوەکە پێکەنی. ژنەکەیش لەگەڵی پێکەنی و بۆی دەرکەوت کارەکەی پێکەنیناویی بووە.

لە ئاکامدا پێکەنینەکەیان دامرکایەوە، لەسەر جێگە نەرمونۆڵەکەیان پاڵکەوتن، دەست و قەدیان لە یەکتر ئاڵاند.
دوای ساتێک پیاوەکە گوتی: "شەوت شاد."

ژنەکەیش وەڵامی دایەوە: "شەوت شاد..." و بە دەنگێکی ناسک درێژەی پێ دا: "گیانەکەم..."

سەرچاوە:

The Last Night of the World, Ray Bradbury Esquire.com (Translated into Kurdish by Jiyar Homer)

# | پەڕاوی ئیسپانی

# جوانترین پێنج چیرۆکی دنیا

## گابرییێل گارسییا مارکێز

## لە ئیسپانییەوە: ژیار هۆمەر

١

منداڵێکی پێنج ساڵ لە ئاپۆڕەی بۆنەیەکدا دایکی لێ ون دەبێ، دەچێتە لای پۆلیسێک و لێی دەپرسێ: "ئەوە خاتوونێکتان نەبینیوە منی لەگەڵ نەبێ و لێرەوە تێپەڕێ؟"

٢

**ماری جۆی**[1] تەمەن دوو ساڵ، خەریکە ڕادێ لە تاریکی و نووتەکیدا یاری بکات؛ ئەمە پاش ئەوەی بەڕێز **مەی**[2] باوکی و هاوژینەکەی، دیتیان لە نێوان ڕزگارکردنی ژیانی کیژۆڵەکەیان و کوێربوونی بۆ تەواوی ژیانی، ناچارن یەکێکیان هەڵبژێرن. دوای ئەوەی شەش پسپۆڕی لێهاتوو دەستنیشانیان کرد شێرپەنجەی چاویەتی، لە نۆڕینگەی مایۆ هەردوو چاوی ماری جۆی بچکۆلەیان دەرهێنا. چوار ڕۆژ دوای نەشتەرگەرییەکە، کیژۆڵەکە زریکاندی: "دایە! ناتوانم لە خەو هەڵستم... ناتوانم لە خەو هەڵستم..."

٣

ئەمە سەربوردەی خەمۆکێکە لە نهۆمی دەیەمەوە خۆی هەڵدایە سەر شەقامەکە. کاتێک لە نیوەی بەربوونەوەکەیدا بوو، لەودیو پەنجەرەکانەوە کورتەساتی دڵخۆشی و گچکەناسۆری دەستەمۆ و خۆشەویستیی نهێنی و ژیانی تایبەتیی دراوسێیەکانی دەدەیت؛ قەت ئەو وردەکارییانەی ژیانیان نەگەیشتووەتە لای پلیکانەی باڵاخانەکە. ساتێک لەشی زرم کێشای بە شۆستەی شەقامەکەدا، تەواو بیروڕای سەبارەت بە دنیا گۆڕیبوو و بەو دەرئەنجامە گەیشتبوو کە ئەو ژیانەی لە پشت دەرگایەکی هەڵەوە بەسەری بردبوو و بۆ هەتاهەتایە لە کیسی چوو، ئەوەی دەهێنا بۆی بژی.

٤

دوو گەڕیدەی هەردەوێڵ، دوای ئەوەی سێ ڕۆژی کوللەمەرگییان لە بەفردا ڕابورد، کەوێڵێکی لاچەپەکیان دۆزییەوە و بووە مۆڵگەیان. پاش تێپەڕینی سێ ڕۆژەکە، یەکێکیان ڕەق بووەوە، زیندووەکەیان سەد مەترێک لەو لای کەوێڵەکەوە چاڵێکی لە بەفرەکەدا هەڵکەند و تەرمەکەی تێدا ناشت. هەرچۆنێک بێ، ڕۆژی دواتر پاش ڕاپەڕینی لە یەکەم خەوی خۆش،

[1] Mary Jo

[2] May

دیسان لە ژوورەوە بینییەوە. مردوو و ڕەقهەڵهەڵاتوو، بەڵام وەک میوانێکی فەرمی لە بەردەم جێخەوەکەیدا دانیشتبوو. سەرلەنوێ ناشتییەوە، ئەم جارەیان لە گۆڕێکی دوورتر، کەچی ڕۆژی دواتر هەر چاوی کردەوە بینیی دیسان لە بەردەم جێخەوەکەیدا دانیشتووە. بۆیە بەلەسە بوو. ئیدی لە سۆنگەی ئەو دەستنووسەی لەوێ کەوتبوو ڕاستیی چیرۆکەکەمان دەزانین. لە نێو هەموو ڕوونکردنەوانەی دەیانویست بەو مەتەڵەی بدەن، ئەگەرێکیان گونجاوترین دەینواند: زیندووەکەیان تەنیاییەکی ئەوەندە قووڵی هەست پێ کردبوو، بۆیە هەر خۆی کە خەوتبوو تەرمەکەی دەرهێنابووەوە و هەر هەڵستابوو ناشتبوویەوە.

٥

لە کرێوەی گزنگێکدا، دەستەی دەسترێژ لە قاوشەکەی دەریان هێنا. سا بۆ گەیشتنیش بە شوێنی گوللەبارانەکە دەبوو هەموویان هەڵتەک-هەڵتەک بەسەر کێڵگەیەکی بەفریندا بڕۆن. پاسەوانە مەدەنییەکان بە پاڵتۆ و دەستکێشی چەرم و کڵاوی سێسووچ چاک خۆیان پێچابووەوە، بەڵام هێشتا هەر لەسەر زەوییە ڕووتەڵە بەستووەکەدا هەڵدەلەرزین. زیندانییە داماوەکە، تەنێ چاکەتێکی خوریی شڕودڕی لە بەردا بوو. هەڵلەرزینی لەشە نیوە ڕەقهەڵهاتووەکەیشی لێ بترازێ، هیچی تری پێ نەدەکرا. لە تاو ئەو سەرماوسۆڵە کەڵبەداره دەیناڵاند. ئیدی سەردەستەکە بەو ناڵەناڵە هەڵچوو، بە سەریدا نەڕاندی:

- کەڵتەکۆن! دە بەسە! بیبڕەوە! لەم سەرما حیزەدا خۆت مەکەرە قوربانیی گوللەیەک! بیر لە ئێمە بکەرەوە، دەبێ بگەڕێینەوە!

سەرچاوە:

Los cinco cuentos cortos más bellos del mundo, Gabriel García Márquez, Conversaciones desde la Soledad, Gente Nueva Editorial, Bogotá, 2001. (Traducido al kurdo por Jiyar Homer)

# بۆنی پیواز

## کامیلۆ خۆسێ سێلا[1]

## لە ئیسپانییەوە: ژیار هۆمەر

نەخۆش بوو و فلسێکیشی نەبوو، سا خۆی کوشت چونکە بۆنی پیواز دەهات.

- بۆگەنی پیواز دێ. بۆنێکی جاڕزکەری پیواز دێ.

- پیاوەکە! دەمت دابخە! هیچ بۆنێک نایە. دەتەوێ پەنجەرەکە بکەمەوە؟

- نا، جیاوازیی نییە. خۆ بۆنەکە ناڕوات، دیوارەکان بۆنی پیوازیان لێ دێ، دەستیشم بۆنی پیوازی لێ دێ.

ژنەکە نموونەی خۆڕاگری بوو.

- دەتەوێ دەستت بشۆری؟

- نا، نامەوێ، تەنانەت ناخیشم بۆنی پیوازی لێ دێ.

- داسەکێ.

- ناتوانم، بۆنی پیواز دێ.

- دەی هەوڵ بدە سەرخەوێک بشکێنی.

- ناتوانم، ئاودامانم بۆنی پیوازی لێ دێ.

- ئەی پەرداخێک شیرت دەوێ؟

- پەرداخەشیرم ناوێ. بەشکم بتۆپم! جگە لەوەی زۆر زوو بمرم هیچی ترم ناوێ. بۆنی پیوازەکە جار بە جار تەشەنە دەسەنێ.

- لەوچەلەوچ مەکە.

- چیم بوێ دەیڵێم! بۆنی پیواز دێ!

پیاوەکە لە پڕمەی گریانی دا.

- بۆنی پیواز دێ!

- باشە پیاوەکە باشە، بۆنی پیواز دێ.

- بێگومان بۆنی پیواز دێ! وڕی کردووم!

ژنەکە پەنجەرەکەی کردەوە، پیاوەکە بە چاوی پڕئەسرینەوە دەستی بە هاتوهاوار کرد.

[1] کامیلۆ خۆسێ سێلا (Camilo José Cela): ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و هۆنەر و ڕۆژنامەوان و گوتارنووسی ئیسپانی. ناوی تەواوی 'کامیلۆ خۆسێ مانوێل خوان ڕامۆن فڕانسیکۆ دێ خێرۆنیمۆ سێلا ترولۆک'ـە. ساڵی ١٩١٦ لە 'ئیریا فلاڤیا'ـی سەر بە هەرێمی 'گالیسیا'ـی 'ئیسپانیا' هاتووەتە دنیاوە. خاوەنی نزیکەی ٧٠ پەڕتووکە و ساڵی ١٩٨٩ خەڵاتی نۆبێلی وێژەی بردووەتەوە. لە بەرهەمە بەنێوبانگەکانی: بنەماڵەی پاسکوال دوارتێ، گەشت بەرەو ئەلکاڕیا، پلوورە، خاچەکەی سان ئەندرێس. ساڵی ٢٠٠٢، لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا، لە شاری 'مەدرید' کۆچی دوایی کردووە. - وەرگێڕ.

- پەنجەرەکە دابخە! نامەوێ بۆنی پیوازەکە بڕوات!

- بە دڵی خۆت.

ژنەکە پەنجەرەکەی داخست.

- دەی ئاوم دەوێ؛ لە کوپدا، نەک لە پەرداخدا.

ژنەکە بەرەو چێشتخانەکە چوو تا کوپێک ئاو بۆ مێردەکەی ببات.

ژنەکە کاتێک کوپەکەی دەشووشت ناڵەیەکی تۆقێنەری بیست، وەک بڵێی لە ناکاو هەردوو سیی مرۆ بتەقێت.

ژنەکە زرمەی کەوتنی لەشی پیاوەکەی بەسەر کاشیی هەیوانەکەدا نەبیست. بری ئەوە، لە لاجانگیدا هەستی بە ئێشێک کرد؛ ئێشێکی سارد و تیژ وەک ئەوەی سووژنێکی تێ چەقیبێت و بکزێتەوە.

- ئای!

قیژەی ژنەکە لە پەنجەرە کراوەکەوە دەرچوو؛ کەس بەرسڤی نەدایەوە، سەر قەرەوێڵەکەیش چۆڵ بوو.

چەند دراوسێیەک لە پەنجەرەی بەرهەیوانەکەوە دەرکەوتن.

- ئەوە چی بووە؟

ژنەکە نەیدەتوانی زاری هەڵبهێنێت. سا ئەگەر بیتوانیبایە بدوێت، دەیگوت:

- هیچ نەبووە، هەر تۆزێک بۆنی پیواز دەهات.

سەرچاوە:

Olor a cebolla, La Colmena, Camilo José Cela, Alianza Editorial (traducido al kurdo por JIyar Homer)

# هابیل و قابیل[1]

## خۆرخێ لویس بۆرخێس

## لە ئیسپانییەوە: ژیار هۆمەر

دوای مردنی هابیل، هابیل و قابیل بە بیابانەکەدا دەسووڕانەوە و چاویان بە یەکتر کەوتەوە. هەردووکیان زۆر کەڵەگەت بوون، هەر بۆیە لە دوورەوە یەکتریان ناسییەوە. دوو براکە لەسەر ملەکە ڕۆنیشتن، ئاگریان کردەوە و نانیان خوارد. چەشنی مرۆڤی شەکەت لە دەمی خۆرئاوابووندا مات بوون. لە ئاسمانیشدا ئەستێرەیەک دەیجریواند کە هێشتا ناوی بەسەردا دانەبڕابوو. قابیل بە هۆی ڕووناکیی بڵێسەکەوە، تێبینیی جێبەردەکەی سەر تەوێڵی هابیلی کرد و ئەو پارووەی بۆ دەمی دەبرد لێی کەوتە خوارەوە، سا داوای لێخۆشبوونی تاوانەکەیشی لێ کرد.

هابیل بەرسڤی دایەوە:

- تۆ منت کوشتووە یان من تۆم کوشتووە؟ ئێستا بیرم ناکەوێتەوە. ئەوەتا دیسان وەک پێشوو پێکەوەین.

قابیل زاری هەڵهێنا:

- ئێستا دەزانم بە ڕاستی تۆ منت بەخشیوە، چونکە لەبیرچوونەوە بە واتای بەخشینە. سا منیش هەوڵ دەدەم لە بیر خۆمی ببەمەوە.

هابیل بە ئەسپایی گوتی:

- دەی هەر وایە، تا سوێ لە دڵدا بمێنێ، لۆمەکردنیش هەر دەمێنێ.

سەرچاوە:

Leyenda (Abel y Caín), Jorge Luis Borges, Elogio de la sombra, P: 42 (traducido al kurdo por Jiyar Homer)

[1] ئەم چیرۆکە بە ناوی هابیل و قابیل (Abel y Caín) و ئەفسانە (Leyenda)ـەوە بڵاو بووەتەوە – وەرگێڕ.

# شەمشەمەکوێرە

## ئێدواردۆ گالیانۆ[1]

## لە ئیسپانییەوە: ژیار هۆمەر

کاتێک هێشتا زۆر بچووک بوو، هیچ بوونەوەرێک لە دنیادا هێندەی شەمشەمەکوێرە دزێو و ناشرین نەبوو.

شەمشەمەکوێرە بەرەو تەشقی ئاسمان هەڵفڕی تا بە دوای خوادا بگەڕێ.

پێی نەگوت:

- جاڕزم لەوەی تۆقێنەرم. پەڕی ڕەنگاوڕەنگم بدەرێ.

نا. پێی گوت:

- تکایە،پەڕم بدەرێ... خەریکە لە سەرمادا ڕەق هەڵدێم!

خوا هیچ پەڕێکی لا نەمابوو.

فەرمانی دا:

- هەر باڵندەیەک پەڕێکت دەداتێ.

ئاوها شەمشەمەکوێرە وەریگرت؛ پەڕی سپیی کۆتر، پەڕی سەوزی تووتی، پەڕی پەلکەزێڕینەییی گیزەگیزکەرە[2]، پەڕی پەمەییی فلامێنکۆ، پەڕی سووری پۆپنەی کاردێناڵ[3]، پەڕی شینی پشتی شاماسیگرە[4]، پەڕی خاکیی باڵی هەڵۆ و پەڕی زێڕین کە سەرسنگی تۆکانی[5] تەنیووە.

شەمشەمەکوێرەی ئاڵووااڵ و نەشمیلانە بە ناو گەواڵەهەور و ئاسماندا دەفڕی. بچووبایەتە هەر شوێنێک، هەوای شاگەشکە دەکرد و واقی باڵندەکانی دەوڕماند.

زاپۆتێکەکان[6] دەڵێن پەلکەزێڕینە لە فڕەی فڕینەکەیەوە هاتووەتە بوون.

---

[1] ئێدواردۆ گالیانۆ (Eduardo Galeano) ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و هۆزانڤان و ڕۆژنامەوان و وتارنووسی ئوروگواییی، ساڵی ١٩٤٠ لە شاری مۆنتێڤیدێیۆ چاوی بە دنیا پشکوتووە. نووسەرێکی دیاری ئەمریکای لاتینە و پتر لە ٤٠ پەڕتووکی نووسیوە. ساڵانێک ئاوارەی ئیسپانیا و ئەرجەنتین بووە، پاشان گەڕاوەتەوە ئوروگوای. ساڵی ٢٠١٠ خەڵاتی ستیگ داگەرمانی وەرگرتووە. ساڵی ٢٠١٥، لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا، بە شێرپەنجەی سی لە مۆتێڤیدێیۆ کۆچی دوایی کردووە – وەرگێڕ.

[2] Hummingbird

[3] Cardinal

[4] Kingfisher

[5] Tucán

[6] زاپۆتێک: خەڵکە ڕەسەنەکەی مێکسیکۆ – وەرگێڕ.

فیز سنگی پێ دەرپەڕاند، هەر بە سووکایەتی و ڕقەوە دەیڕوانی.

باڵندەکان خڕ بوونەوە، پێکەوە بەرەو لای خوا هەڵفڕین.

سکاڵایان هەڵڕشت:

- شەمشەمەکوێرە گاڵتەمان پێ دەکا، هەروەتر بە هۆی ئەو پەڕانەی پێمانەوە نەماوە سەرمامانە.

ڕۆژی دواتر، کاتێک شەمشەمەکوێرە لە لووتکەی فڕینیدا باڵی ڕادەوەشاند، لەپڕ ڕووتوقووت بووەوە. پەڕەبارانێک دایکردە سەر زەوییەکە.

هێشتاکە هەر بە دوایاندا دەگەڕێ. کوتوکوێر و ناشرینە، دوژمنی ڕووناکییە، بە شاراوەییش لە کونەئەشکەوتەکاندا دەژی. هەر شەو دادێ، دەچێتە دەرەوە بۆ پەڕە ونبووەکانی دەگەڕێ؛ سا بە پەلەپڕووزکێ دەگەڕێتەوە، بێ ئەوەی وچانێکی بداتێ، چونکە شەرم دەکا لەوەی ئاوها ببینرێ.

سەرچاوە:

El murciélago, Eduardo Galeano, Memoria del fuego. Vol. 1. Los nacimientos. Siglo Veintiuno Editores, 2014 (traducido al kurdo por Jiyar Homer)

# منەکەی تر[1]

## ماریۆ بێنێدێتی[2]

## لە ئیسپانییەوە: ژیار هۆمەر

کوڕێکی ئاسایی بوو؛ پانتۆڵەکەی پینەی پێوە بوو، چیرۆکی دەخوێندەوە، کاتی خواردن دەیملّچاند، قامکی دە لووتی دەژەند، لە نیوەڕۆخەودا دەیپرخاند. لە هەموو شتێکدا **ئارماندۆی ئاسایی** بوو، بەدەر لەوە منەکەی تری هەبوو.

منەکەی تر تێڕوانینێکی تەواو شاعیرانەی هەبوو، ئەڤینداری کچەئەکتەرەکان دەبوو، وریایانە ڕادەکشا، خۆرئاوابوونیش هەستی دەبزواند. کوڕەکە زۆر پەرۆشی منەکەی تری بوو و وای لێ دەکرد لە بەردەم هاوڕێکانیدا پەژارە دایبگرێت. لە لایەکی ترەوە، منەکەی تر، مێلانکۆلیای هەبوو. سا لەبەر ئەوە، ئارماندۆ وەک ئەوەی هیوای بۆ دەخواست، نەیدەتوانی زۆر ئاسایی بێت.

ئێوارەیەکیان، ئارماندۆی کەنەفت و شەکەت، لۆژەلۆژ گەڕایەوە ماڵەوە. پێڵاوەکەی داکەند، بە شێنەیی پەنجەی قاچی جووڵاند و ڕادیۆکەی داگیرساند. مۆسیقای مۆزارت لە ڕادیۆکەدا دەیچریکاند، کەچی خەو کوڕەکەی هەڵفریواند. منەکەی تر کاتێک لە خەو ڕاپەڕی بە کوڵ گریا. یەکەم سات، کوڕەکە نەیدەزانی چی بکات، پاشان ژیر بووەوە و منەکەی تری بە جنێو داشۆرد. ئەو فزەی نەکرد، بەڵام بەیانیی دواتر، خۆی کوشت.

مردنی منەکەی تر سەرەتا ئارماندۆی داماوی زۆر تاساند، بەڵام یەکسەر بیری لەوە کردەوە ئێستا دەتوانێ ببێتە کەسێکی تەواو ئاسایی. ئەو بیرە ئاسوودەییی پێ بەخشی.

تەنێ پێنج ڕۆژ ماتەمین بوو. کاتێک بە مەبەستی فیزلێدان بە ئاساییبوونە نوێ و تەکووزەکەی[3]، لە ماڵ هاتە دەرێ، هەر لە دوورەوە هاوڕێیەکانی بینی لێی نێزیک دەبنەوە. بەوە گەشایەوە و دەستبەجێ لە قاقای پێکەنینی دا.

سەربارى ئەوەیش، کاتێک بە لایدا تێپەڕین، تێبینیی ئەویان نەکرد. سا لە هەمووی خراپتر، کوڕەکە گوێی لە

[1] El Otro yo یان Alter Ego: منەکەی تر، منی تر، جووتکەسێتی. چەمکێکی سایکۆلۆجییە – وەرگێڕ.

[2] ماریۆ بێنێدێتی (Mario Benedetti) ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و هۆنەر و ڕۆژنامەوانی ئوروگوایی، ناوی تەواوی 'ماریۆ ئۆرلاندۆ خاملێت خاردی برێنۆ بێنێدێتی فاڕووخیا'ـیە، ساڵی ١٩٢٠ لە شاری 'پاسۆ دێ لۆس تۆرۆس' لە 'ئوروگوای' هاتووەتە دنیاوە، خاوەنی پتر لە ٨٠ پەڕتووکە و لە وێژەی 'ئێسپانیۆلی' و 'ئەمریکای لاتین'ـدا ناوێکی دیار و پرشنگدارە. لە بەرهەمە بەنێوبانگەکانی: "سوپاس بۆ ئاگر" و "کەشکۆڵی هەڵبەست" و "ئەڤین، ژن و ژیان" و "ئاگربەست" و "داهاتووی ڕابوردووم" و... هتد. ساڵی ٢٠٠٩، لە تەمەنی ٨٨ساڵیدا، لە شاری 'مۆنتێڤیێدۆ'ـی 'ئوروگوای' کۆچی دوایی کرد – وەرگێڕ.

[3] تەکووز (Tekûz): کامڵ – وەرگێڕ.

پەیڤەکانیان بوو: «ئای ئارماندۆی داماو. ئا بزانە پێشتر چەند بەهێز و لەشساغ دەردەکەوت.»

کوڕەکە بێجگە لە دامرکاندنەوەی پێکەنینەکەی، بژاردەیەکی تری نەما. جا لە هەمان کاتیشدا، لە سەرەوەی کۆڵەکەی سنگیدا، هەستی بە هەناسەبڕانێک کرد کە فرە هاوشێوەی نۆستالجیا بوو. بەڵام نەیدەتوانی هەست بە مێلانکۆلیا بکات. چونکە منەکەی تر هەموو مێلانکۆلیاکەی لەگەڵ خۆیدا بردبوو.

**سەرچاوە:**

El otro yo, La muerte y otras sorpresas, Mario Benedetti, 1968 – Alfaguara (traducido al kurdo por Jiyar Homer

# چەپکێک کورتیلەچیرۆکی ئیسپانی

## لە ئیسپانییەوە: ژیار هۆمەر

## دەینەسوڕ[1]

### ئاوگوستۆ مۆنتێڕۆسۆ[2]

کاتێک خەبەری بووەوە، دەینەسوڕەکە هێشتا لەوێ بوو.

سەرچاوە:

El dinosaurio, Augusto Monterroso, Obras completas (y otros cuentos), Ediciones Era, 2019, P: 136 (traducido al kurdo por JIyar Homer)

## ئەڤین ٧٧

### خولیۆ کۆرتاسار[3]

جا پاش ڕاپەڕاندنی ئەوەی بێبڕانەوە دەیکەن، لە خەو هەڵدەستن، خۆیان دەشۆرن، بۆن بە بنباڵ و لاملیاندا دەپرژێنن، قژیان دادەهێنن، خۆیان دەگۆڕن، سا ئاوهایی بەرەبەرە دەبنەوە بەوەی کە نین.

سەرچاوە:

Amor 77, Julio Cortázar, Manual de cronopios – 1992, P: 49 (traducido al kurdo por JIyar Homer)

---

[1] ئەمە کورتترین چیرۆکی ئەمریکای لاتین و زمانی ئیسپانییە – وەرگێڕ.

[2] ئاوگۆستۆ مۆنتێڕۆسۆ (Augusto Monterroso): ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی گواتێمالایی-هۆندوراسی، ساڵی ١٩٢١ لە شاری تێگوسیگالپای هۆندوراس هاتووەتە دنیاوە و نووسەرێکی دیاری ئەمریکای لاتینە. ساڵی ١٩٩٦ خەڵاتی خوان ڕولفۆی وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٣، لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا، لە شاری مێکسیکۆ کۆچی دوایی کردووە – وەرگێڕ.

[3] خولیۆ کۆرتاسار (Julio Cortázar): ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و گوتارنووس و وەرگێڕی ئەرجەنتینی. ساڵی ١٩١٤ لە وڵاتی بەلجیکا لە دایبابێکی ئەرجەنتینی لە دایک بووە. کۆرتاسار یەکێکە لە باشترین نووسەرانی ئەمریکای لاتین و وێژەی ئیسپانی. ساڵی ١٩٨٤ خەڵاتی کۆنێکسی وەرگرتووە و پاڵێورای خەڵاتی نۆبێڵ بووە. ساڵی ١٩٨٤ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە – وەرگێڕ.

## نامە

## لویس ماتێیۆ دیییز[1]

گشت بەیانییەک دەچمە نووسینگەکەم، دادەنیشم، گڵۆپەکە هەڵدەکەم، جانتاکان دەکەمەوە و بەر لە دەستپێکردنی کاری ڕۆژانە، دێڕێک لەو نامە درێژەدا دەنووسم کە چل ساڵە بە وردی هۆکارەکانی خۆکوشتنمی تێدا ڕوون دەکەمەوە.

سەرچاوە:

La carta, Luis Mateo Díez, Los males menores, P: 128 (traducido al kurdo por Jiyar Homer)

## نامەی خۆشەویستی

## خوان خۆسێ میياس[2]

ڕۆمان هەیە گەر درێژیش نەبێ تا نەگەیتە لاپەڕەی ٥٠ یان ٦٠ هەر دەست پێ ناکا. هەندێک ژیانیش هەمان شتی بەسەردا دێ. بۆیە تا ئێستا خۆم نەکوشتووە، جەنابی دادوەر.

سەرچاوە:

Carta del enamorado, Juan José Millás, Narrativabreve.com (traducido al kurdo por Jiyar Homer)

[1] لویس ماتێیۆ دیییز (Luis Mateo Díez): ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و گوتارنووس و هۆزانڤانی ئیسپانی، ساڵی ١٩٤٢ لە شاری بیبالینۆی ئیسپانیا لە دایک بووە. خاوەنی پتر لە ٥٠ پەڕتووکە و نووسەرێکی دیاری ئیسپانیایە. ساڵی ٢٠٠٠ خەڵاتی گێڕانەوەی لە ئیسپانیا وەرگرتووە. ساڵی ٢٠١٢ خەڵاتی فڕانسیسکۆ ئومبراڵی بۆ کتێبی ساڵ وەرگرتووە. ئێستا تەمەنی ٧٧ ساڵە و نیشتەجێی ئیسپانیایە – وەرگێڕ.

[2] خوان خۆسێ میياس (Juan José Millás): نووسەر و ڕۆژنامەوانی ئیسپانی. ساڵی ١٩٤٦ لە شاری ڤالێنسیا لە دایک بووە. ساڵی ١٩٩٠ خەڵاتی **نادال**ـی بەدەست هێناوە. ئێستا تەمەنی ٧٤ ساڵە و نیشتەجێی مەدریدە – وەرگێڕ.

# دەیڕێسا و دەیڕێسا...
## ماکس ئاوب[1]

دەیڕێسا و دەیڕێسا و دەیڕێسا و دەیڕێسا و دەیڕێسا و دەیڕێسا و دەیڕێسا و دەیڕێسا. بێ پسانەوە دەیڕێسا. من ژنی ماڵەوەم. بەڵام ئەو خزمەتکارە قەڵەوە هیچ ناکا جگە لە قسە و قسە و قسە. ئیدی لە هەر کوێیەک بوومایە، دەهات و هەژدەهەژدە قسەی بۆ دەکردم. گوێی پێ نەدەدا، سەبارەت بە هەموو شتێک و هەموو کەسێک دەدوا. لەبەر ئەوە دوورم خستەوە؟ دەبوو پارەی سێ مانگیم پێ بدابایە. سەرەڕای ئەوەیش، زۆر دەلوا بمکا بە چاوەوە. تەنانەت لە سەرئاویش؛ ئەی ئەگەر فلان، ئەی ئەگەر فیسار، ئەگەر و ئەگەر. خاولیم لەسەر دەمی دانا تا دەمی بگرم. بەوە نەمرد، بەڵکوو بەوەی قسەی نەکرد. قسەکان لە ناخیدا تەقینەوە.

سەرچاوە:

Hablaba y hablaba…, Max Aub, Crímenes Ejemplares, 2019, P: 33 (traducido al kurdo por Jiyar Homer)

# ئیمپڕاتۆری چین
## مارکۆ دینێڤی[2]

کاتێک ئیمپڕاتۆر **وو تی**[3] لە پێخەفە پانوپۆڕەکەیدا مرد، کەس لە قووڵاییی کۆشکی ئیمپڕاتۆریەتدا پێی نەزانی. هەمووان لە ڕادەبەدەر سەرقاڵ بوون بە گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی. تاکە کەس زانیی **وانگ مانگ**ـی[4] سەرۆکوەزیرانی بوو کە چاوی بڕیبووە کورسیی دەسەڵات و کەسێکی چاوچنۆک بوو. هیچی نەگوت و تەرمەکەی داشارد. ساڵێکی پڕ لە خێروخۆشی لە ئیمپڕاتۆریەتەکەدا ڕابورد. تا لە ئاکامدا، وانگ مانگ ئێسکوپرووسکی ئیمپڕاتۆری پیشانی خەڵکەکە دا.

گوتی: "چاوتان لێیە؟ ساڵێکە مردوویەک لەسەر کورسیی ئیمپڕاتۆر دانیشتووە. ئەوەی حوکمی دەکرد من بووم. شایانمە ببمە ئیمپڕاتۆر."

---

[1] ماکس ئاوب: ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شانۆنووس و هۆزانڤان و ڕەخنەگری ئیسپانی-فەڕەنسی. ساڵی ١٩٠٣ لە پاریس هاتووەتە دنیاوە. ماڵباتەکەی بە هۆی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە ئاوارەی ئیسپانیا بوون و لە ڤالێنسیا نیشتەجێ بوون. ساڵی ١٩٦٥ گۆواری وێژەییی شەستەکانـی دامەزراندووە. ئاوب هەموو بەرهەمەکانی بە زمانی ئیسپانی نووسیوە. ساڵی ١٩٧٢ لە شاری مێکسیکۆ کۆچی دواییی کردووە - وەرگێڕ.

[2] مارکۆ دێنێڤی (Marco Denevi): چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەوان و پارێزەری ئەرجەنتینی. ساڵی ١٩٢٢ لە سایێنز پێنیا لە دایک بووە. ساڵی ١٩٩٨، لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا لە بوێنۆس ئایرێس کۆچی دواییی کردووە – وەرگێڕ.

[3] Wu Ti

[4] Wang Mang

خەڵکەکە دڵیان خۆش بوو، لەسەر کورسیی ئیمپڕاتۆر دایاننیشاند و پاشان کوشتیان، ئەگینا وەک پێشتری زۆر شیاو دەبوو و خێروخۆشیی ئیمپڕاتۆریەتەکە هەر بەردەوام دەبوو.

سەرچاوە:

El emperador de China, Marco Denevi, Brevisima relacion: nueva antología del microcuento, P: 211 (traducido al kurdo por Jiyar Homer)

# ڕامووسان

## ئێنریکێ ئەندێرسۆن ئیمبێرت[1]

شاژنی وڵاتێکی دووردەستی باکوور، ڕقی لە **ئەسکەندەری مەقدۆنی**[2] هەڵستابوو چونکە خۆشەویستییەکەی ڕەت کردبووەوە. بۆیە بڕیاری تۆڵەکردنەوەی دا. لەگەڵ کۆیلەیەکیدا منداڵێکی خستەوە و ژەهری پێ دا. کچۆڵەکە گەورە بوو، جوانێکی پیاوکوژ دەرچوو. هەر کەسێکی لێوی ماچ بکردایە دەمرد. شاژنەکە ناردی بۆ لای ئەسکەندەر تا ببێتە ژنی. ئەسکەندەریش هەر چاوی پێ کەوت ئاوەز لە کەللەیدا نەما و ویستی دەستبەجێ ڕایمووسێ. بەڵام **ئەرەستۆی**[3] مامۆستای فەلسەفەی، گومانی هەبوو لەوەی کچەکە خواردنێکی زیانبەخش بێ. سا بۆ ئەوەی دڵنیا ببێتەوە، کوێرانە خۆی خستە تەڵەی مەرگەوە و ڕایمووسی. هەر کە ڕایمووسی، لەتاو ئازار تلایەوە و مرد.

ئیدی ئەسکەندەر نەیویست لێوی لەسەر لێوی کچەکە دابنێ، نەک لەبەر ئەوەی ژەهراویی بوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی پیاوێکی تر لەو گۆزەڵەیەی خواردبووەوە.

سەرچاوە:

El Beso, Enrique Anderson Imbert, Narraciones completas - Volume 1, 1990, P: 524 (traducido al kurdo por Jiyar Homer)

---

[1] ئێنریکێ ئەندێرسۆن ئیمبێرت (Enrique Anderson Imbert): چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و مامۆستای زانکۆ و ڕەخنەگری ئەرجەنتینی. ساڵی ١٩١٠ لە شاری کۆردۆبای ئەرجەنتین هاتووەتە دنیاوە. ساڵی ٢٠٠٠، لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە – وەرگێڕ.

[2] Alejandro el Magno

[3] Aristóteles

# نامه بۆ نووسەرێکی لاو
## نامەیەکی ئێرنێستۆ ساباتۆ بۆ ڕوبێن لۆزا ئەگێرێبێرێ
## لە ئیسپانییەوە: ژیار هۆمەر

"ئەمڕۆ بووم بە ٨٠ ساڵ، ڕوبێن گیان... بینایيم ڕێگریی خوێندنەوەم لێ دەکات؛ بەدەر لە خوێندنەوەی پیتی گەورە و ژمەدەرمانەکانم. ئێستا بە ئامێری نووسین دەنووسم، سوپاسی یادگەی دیجیتاڵی دەکەم. جاران، ماتیلدێ خوێنەرم بوو، کەچی پێنج ساڵە زۆر خراپ بووە، ئەوەیش کۆتاییی پێ هات. ئای چەند شت کۆتاییيان پێ هات! باوەشێکی گەرم بۆ تۆ... ئێرنێستۆ ساباتۆ".

سەرچاوە:

Carta a un joven escritor, Ernesto Sabato, Tringa.net (traducido al kurdo por Jiyar Homer)

# بارهەڵگرەکەی بەرلین

## حەسەن بەلاسم

## لە عەرەبییەوە: ژیار هۆمەر

ئەم چیرۆکە لە تاریکیدا قەوما. گەر بمتوانییایە جارێکی دی بینووسمەوە، تەنێ قیژوهۆڕی تۆقین و دەنگە نەناسراوەکانی دیکەی کاتی کوشتارەکەم دەنووسییەوە. دەشێ بەشێکی بەرچاوی چیرۆکەکە بۆ پەخشی ئەزموونیی ڕادیۆ بەکار بهێندرێ. بە دڵنیاییەوە زۆرینەی خوێنەران بە چیرۆکێکی هەڵقولاوی خەیاڵدانی چیرۆکنووسی دادەنێن یانژی بە چیرۆکێکی ساکاری ترسناک پۆلێنی دەکەن. لێ بە پێویستی نازانم سوێندتان بۆ بخۆم تا بڕوا بە سەیروسەمەرەکانی دنیا بکەن. تەنێ پێویستە ئەم چیرۆکە، وەک پەڵەیەک گوو بە جلی خەوەوە یان پەڵەیەک چەشنی گوڵەکێویلە، بنووسمەوە.

هاوینی ساڵی ٢٠٠٠، لە چەقی ئەستەنبووڵ، لە باڕێکدا کارم دەکرد. لەوێ ئینگلیزییە شەقوشڕەکەم بەکەڵکم هات، چونکە ئاموشۆکەرانی باڕەکە گەشتیار بوون و زۆرینەیشیان ئەڵمانی بوون کە بە ئینگلیزییەکی گاڵتەجاڕانە دەدوان. من لە ترسی برسیەتی و دیکتاتۆر هەڵنەهاتبووم، بەڵکوو لە خۆم و لە دۆزەخی ساڵانی گەمارۆی ئابووری هەڵهاتبووم. لە دڕندەکانی تریش. لەو ساڵە دژوارانەدا، لە سۆنگەی هەژمونی پێداویستیی سادەوساکاری ڕۆژانەی مرۆڤەوە، ترس لە شتێکی نادیار و ناڕوون، بەرەو سەرەوە هەڵدەزنا و هەستی ئینتیمای شووناسی دە ناخی مرۆدا دەسڕییەوە. لەو ساڵانەدا، چونکە لەوە دەترسام لە برسان بمرم، دڵڕەقییەکی ئێجگار دزێو بەرۆکی گرتبووم. هەستم دەکرد خەریکە دەبم بە مشک!

لەو کارەدا زەڕوپارەم خڕ کردەوە و بە قاچاغچییەکی ئاژەڵخووم دا، تا لە ڕۆژهەڵاتی مرۆڤایەتییەوە بەرەو لەوەڕگاکانی ڕۆژئاوا بمپەڕێنێتەوە. ڕێگای هەڵهاتن بە گوێرەی نرخ دەگۆڕدرا؛ ڕێگای ئاسمانی بە پاسپۆڕتی ساختە هەبوو، بەڵام زۆری تێ دەچوو. ڕێگای دارستان و ئاوییش هەبوو کە هەرزانتر بوو. من بیرم لە ڕێگای ئاویی و بارهەڵگر دەکردەوە. سەرەڕای دڵەڕاوکێ لە هەمبەر ئەو دەنگۆیانەی دەگوترا پۆلیس ئامێری پێوەری دوانەئۆکسیدی کاربۆنی لە بارهەڵگرەکاندا داناوە، تاکوو ئەوانەی خۆیان تێدا حەشار داوە، بدۆزێتەوە. بەڵام هەبوونی ئامێرێکی لەو چەشنە، لە بیرۆکەی بارهەڵگرەکە ساردی نەکردمەوە، بەڵکو چیرۆکی عەلی ئەفغانی و کۆکوژیی بارهەڵگرەکەی بەرلین پاشگەزی کردمەوە. چیرۆکی ئەفغانییەکە مشتێکە لە خەرواری چیرۆکەکانی کۆچ. ماوەی دە ساڵی ڕەبەق بە نایاسایی لە ئەستەنبووڵ ژیا. سا بۆ دەرهێنانەوەی خەرجیی سۆزانییە ڕووسەکان و بەرتیل بە پۆلیس دان، سەرقاڵی فرتوفێڵ و فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر بوو. لەبەر ئەوەی بڕوام بە چیرۆکی

بارهەڵگرەکەی بەرلین دەکرد، هەندێک کەس گاڵتەیان پێ دەکردم. ڕاستییەکەی بۆ بڕواکردن بەم جۆرە چیرۆکانە چەند بیانوویەکم پێیە. بە لامەوە جیهان زۆر هەڵپرژاو و قۆڕ و نامرۆڤانەیە، تەنێ بیانوویەکی بچووکیشی گەرەکە تا چەپەڵی و قێزەونییەکانی خۆی بنوێنێ. بێگومان ئێوە چیرۆکی دڵتەزێنی کۆچی هاوشێوەی ئەم کۆچەتان بیستووە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەر لە هەموو شتێک تیشک دەخەنە سەر خنکانی کۆچبەران. نوقمبوونی بەکۆمەڵی لەم چەشنە دیمەنێکی سینەمایی خۆشە و هێندەی تایتانیک هەواداری هەیە. هەر بۆ وێنە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن چیرۆکی کۆمێدیای ڕەش و هاوشێوەکانی ناگوازنەوە، یانیش هەواڵی سوپای ئەورووپییە دیموکراتەکان ناگوازنەوە کە کاتێک لە دارستانێکی زەبەلاحدا شەو دادێ، کۆمەڵێک مرۆڤی تۆقیو و خوساو بە باران و برسیەتی و ڕەهێڵە و سەرما، قۆڵبەست دەکەن. سا بەم دوو چاوەی خۆم بینیم کە سەربازێن بولگاری چۆناوچۆن لاوێکی پاکستانییان تێلاترێن کرد تاکوو بورایەوە. پاشان داوایان لێ کردین لەو سەرماوسۆڵەیەوە بەرەو ڕووبارێکی نیمچەبەستەڵەک خلۆر ببینەوە. ئەمە بەر لەوەی ڕادەستی سوپای تورکیا بکرێینەوە.

بە گوێرەی گێڕانەوەی عەلی ئەفغانی، ئەوان سیوپێنج لاوی ئێراقی بوون. کۆمەڵێک لاوی خەیاڵپلاو لەگەڵ قاچاغچییە تورکەکەدا ڕێک کەوتبوون کە لە ئەستەنبووڵەوە تا بەرلین، بە بارهەڵگری داخراوی تایبەت بە میوەی قوتوونراو، بیانگوازێتەوە. ڕێککەوتنەکە بەم شێوازە بوو؛ هەریەکێکیان چوار هەزار دۆلار بدا و ڕێگەکە ئەوپەڕی حەوت ڕۆژ بخایەنێ. بارهەڵگرەکەیش بە شەودا دەربچێ و بە ڕۆژدا لە شارۆچکەکانی سەرسنوور بوەستێ. ئەوەی دەیهەوێ پیسایی ڕۆ بکا دەبێ لە ڕۆژدا بیکا، میزکردنیش بە شەوان لە بارهەڵگرەکەدا ڕێپێدراوە، بە مەرجێک لە دەبەئاوی بەتاڵدا بکرێ. هەڵگرتنی مۆبایل قەدەغە بوو. دەبوو هەمووان هێمنیی بپارێزن، لە خاڵی پشکنین و ترافیکدا هەناسە لە خۆیان ببڕن و قرەقڕ نەکەن. شتێک هەموو سەرنشینانی بارهەڵگرەکەی بەرلینی ڕاڕا کردبوو، ئەویش چیرۆکێک بوو وا چەند ڕۆژێک لەوەوبەر ڕۆژنامەکانی تورکیا سەبارەت بەو ئەفغانییانە بڵاویان کردبووەوە کە پارەیەکی زۆریان بە قاچاغچییەکی ئێرانی دابوو تا یۆنان بیانبا؛ بارهەڵگرەکە بە درێژاییی شەو ڕێ دەکا. پێش خۆرکەوتن ڕادەوەستێ، قاچاغچییەکە پێیان دەڵێ وردەوردە دابەزن، ئەوان وایان دەزانی گەیشتوونەتە شارێکی سنووری یۆنان. ئەفغانییەکان بەدەم دابەزینەوە باوەش بە جانتاکانیاندا دەکەن و هەست بە تێکەڵەیەکی خۆشی و ترس دەکەن، لە بن دارێکی زەبەلاحدا ڕۆدەنیشن. قاچاغچییەکە پێیان دەڵێ ئێرە گچکەدارستانێکی یۆنانە، ئەوەی لەسەرتانە تا بەیانی چاوەنواڕ بن، کاتێک پۆلیسی یۆنانی دەگا، دەستبەجێ داوای مافی پەنابەری بکەن. بەیانییەکەی، ڕۆژنامە وێنەی ئەفغانییەکانی بڵاو کردەوە کە لە باخچەیەکی چەقی ئەستەنبووڵ دانیشتوون. بارهەڵگرەکە بە درێژاییی شەو بە شەقامەکانی ئەستەنبووڵدا سووڕاوەتەوە و تەنانەت سنووری شارەکەیشی نەبەزاندووە. چەشنی هەموو چیرۆکە گیرفانبڕییەکان، قاچاغچی و بارهەڵگرەکە ون دەبن و ئەفغانییەکان لە گرتووخانەی سنووورداشی کۆچبەران دەئاخنێرن.

بەڵام ئەوانەی بارهەڵگرەکەی بەرلین جگە لە گرتنەبەری ڕێی هات و نەهات، بژاردەیەکی تریان نەبوو. لە چیرۆکی گیرفانبڕی دەترسان، واتا لە

ئیفلیجی و هیوابڕان و گەڕانەوە بۆ وڵاتێک کە برسیەتی و زۆرداری تا بینەقاقای هاتووە. بڕوایان بە ئابڕووی قاچاغچییە بەنێوبانگەکە هەبوو. دەگوترا باشترین و سەرڕاسترین قاچاغچیی تورکیایە. لە پێناو بەرژەوەندیی خۆی کەسی هەڵنەخەڵەتاندووە. پیاوێکە بە دینەکەیەوە پابەندە، سێ جاران حەجی کردووە، بۆیە بە **حاجی برایم** ناسراوە.

شەوێ، پاش دابینکردنی دەبەئاو و خواردەمەنی، بارهەڵگرەکەی حاجی ئیبراهیم لە ئەستەنبووڵ دەرچوو. نێو بارهەڵگرەکە زۆر ئەنگوستەچاو و گەرم داهاتبوو، هەوایش لە سمەسا نادیارەکانەوە دزەی دەکردە ژوورەوە. ترسی نەمانی ئۆکسجین هەبوو، سا بۆیە لاوەکان وەک ئەوەی لە ڕووبارێکدا ژێرەمەلە بکەن خێراخێرا هەناسەیان هەڵدەکێشا. پاش پێنج کاتژمێر لە دەرچوونی بارهەڵگرەکە، لەو تاریکییەدا تا ڕادەی خنکان؛ بۆنی ئارەقەی لەش و بۆگەنی گۆرەویی و ئەو خواردنەی هەڵیان دەلووشی، دەهات. یەکەم شەو بە خێر و خۆشی تێپەڕی. بەرەبەیان بارهەڵگرەکە لە گەراجی گوندێکی سەر سنوور ڕاوەستا، دەرگای پاشەوەی کرایەوە، سەرنشینەکان هێشتا هەناسەیان دەدا و کڵپەی هیوا لە سنگیانەوە بڵێسەی دەسەند. جێگەی گەراجەکە جاران گەوڕ بووە و ئێستاکانێ دوو لاو چاودێرین. سەرنشینەکان تەنانەت بۆیان نەبوو لە بارهەڵگرەکەوە بۆ نێو گەوڕەکە دابەزن و بپرسن داخۆ ئەم گوندە لە چ شارێکە یاخود لە چ وڵاتێکە. چاودێرێکیان، سەرنشینەکانی یەک-یەک بۆ سەرئاوێکی تەنگەبەر و فرە پیس و پۆخڵ کە لە قوژبنێکی گەوڕەکەدا بوو، برد. ئەوەی تریشیان ئاو و خواردنی بۆ کڕین و پاشنیوەڕۆ گەڕایەوە.

دووەم شەو ترۆمبێلێکی مارسیدس، بۆ دڵنیایی ڕێگاوبان و زانیاریدان بە لێخوڕی بارهەڵگرەکەی بەرلین، بە مەودایەکی زۆر دوور لە پێش بارهەڵگرەکەوە دەڕۆیشت. بارهەڵگرەکەی بەرلین دووەم شەویشی بە خێر بەڕێ کرد و تەنێ سێ جاری کەمخایەن لای دا. نیوەڕۆی ئەم جارەیان، بەرەو گەراجێکی پانوبەرینتر کە بارهەڵگری تریشی لێ بوو، چوو. هەر زۆر بە سانایی ژاوەژاوی شار دەبیسترا.

سێیەم شەو، بۆ دڵنیایی ڕێ، جێپێکی سەربازی لە پێش بارهەڵگرەکەوە دەڕۆیشت. ئەمجارەیان بارهەڵگرەکەی بەرلین تەنێ پێنج کاتژمێر ڕێی کرد، کوتوپڕ وەستا و خولێکی دا و بە خێراییەکی شێتانە کشایەوە، لاوەکان لە تاریکایی بارهەڵگرەکەدا زەندەقیان چوو و بە لێخوڕینە شێتانەیەکەیدا هەستیان بە شڵەژاویی لێخوڕی بارهەڵگرەکە کرد. ترسیان لێ نیشت و هەندێکیان بە ویرەویر دوعا و قورئانیان دەخوێند. کوڕێکی منداڵکار بە دەنگێکی نەختێک بەرز ئایەتەلکورسیی دەخوێند، دەنگە خۆشەکەی سەرنشینەکانی خستە گریان. سەرلەنوێ بارهەڵگرەکە بۆ ماوەی کاتژمێرێک بە هەمان خێرایی بەڕێ کەوتەوە و دیسان ڕاوەستا. دوای چارەکێک بە خێراییەکی مامناوەند وەڕێ کەوتەوە، بەڵام ڕەوتی بارهەڵگرەکە بەو ئاڕاستەیەدا لاوەکانی بەسەر دوو بەرەدا دابەش کرد؛ هەندێکیان دەیانگوت بارهەڵگرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە هاتوون و هەندێکیان پێیان وا بوو تا دواپشوو بەردەوام دەبێ و کۆڵ نادا. پێیشیان وا بوو قاچاغچییەکە بە تەلەفۆن ڕێنوێنیی لێخوڕەکە دەکا و مەترسیی پۆلیسی پێ ڕادەگەیەنێ. هەستیان بەوە کرد بارهەڵگرەکە بۆ سەر جادەیەکی پێچەڵپێچی خۆڵ لای داوە. لەپڕ بارهەڵگرەکە ڕاوەستا و لێخوڕەکە بزوێنەری

ترۆمبێلکەی کوژاندەوە و بێدەنگییەکی سامناک باڵی بەسەر بارهەڵگرەکەی بەرلیندا کێشا. بێدەنگییەکی تۆقێنەر کە گێڕانەوەی بڕوا ناکرێ.

سیوپێنج لاوەکە بۆ ماوەی پتر لە سێ کاتژمێر لە تاریکاییی بارهەڵگرەکەدا چاوەنواڕ بوون. سەبارەت بەوەی ڕووی دەدا سرتە و چرپەیان بوو. هەندێکیان دەیانویست لە سمەساکانی نزیکی دەرگای پاشەوەی بارهەڵگرەکەوە بزانن داخۆ چ باسە. کاتژمێرەدەستییەکانیان کاتژمێر حەوت و دە خولەکی بەیانیی ڕاگەیاند. کاتی پڕکردنەوەی دەبەئاوەکان بوو، هێشتا خواردەمەنیی پێویستیشی لێ مابوو، بەڵام ئاو لە چاوترووکاندنێکدا نەدەما. دەبوو گوویش بکەن، ئیدی ئاوها سکاڵا و پرتەوبۆڵە سەری هەڵدا. هەندێکیان شەقیان لە بارهەڵگرەکە دەدا و هاواریان لە دەرەوە دەکرد. سێ لاو نارەزاییبیان دەربڕی و داوایان لەوانی دی کرد بسرەوێن. بۆنی دار و درەخت، هەوا شێدار و بارگاوییەکەی تەنیبوو. چەلەحانێی ئەوەیان بوو داخۆ دەنگەکە لە کوێرا دێ. هەندێکیان ئەوانی تریان وەک تارماییەک دەبینی. دەمی نیوەڕۆ، هەموویان پەلیان بە پلێتی پاشەوەی بارهەڵگرەکە دەکێشا و قیڕوهووڕی ڕزگاربوونیان بوو. هەندێکیان گوویان لە دەڵقی خواردنەکەدا کردبوو. بۆگەنێکی قێزەون و وڕکەر نێو بارهەڵگرەکەی تەنیبوو، وەک چەند چینێک بەرد کەڵەکە ببوو. هەناسەدانی لاوەکانیش مینا دێوەزمەیەک لە تاریکاییدا هەناسەبڕکێی بێ، تێک هاڵابوو. بۆن و ترس مێشکی هەموویانی کاس کردبوو. لەو تاریکاییەدا شەڕ و ململانێ سەری هەڵدا، پاشان پتر تەشەنەی سەند. پاش کاتژمێرێک دۆخەکە هێور بوویەوە. تینوویەتی سرەوتی بۆ نێو بارهەڵگرەکە گەڕاندەوە. دانیشتن و بە دەنگێکی نزم چەشنی زیکەی هەنگ بە پستەپست دەدوان. جاروبار یەکێکیان جنێوی دەدا و بە پێلەقە و مست، بارهەڵگرەکەی دەکوتا. زۆرینەی لاوەکان هەوڵی شاردنەوەی ئەو ئاو و خواردنەیان دەدا کە لە جانتاکانیاندا مابووەوە.

سەرەڕای تاریکی و نووتەکی، سەر لە قاچ جوێ نەدەکرایەوە و نەدەزاندرا چی ڕوو دەدا: ئەموئەو کاری وایان دەنواند کە دۆخەکە نەیدەخواست. یەکێک قەیتانی پێڵاوەکەی توند دەکردەوە. یەکێک کاتژمێرەدەستییەکەی دەترازند و لە گیرفانی دەئاخنی. یەکێک لەو تاریکاییەدا کراسەکەی دەگۆڕی. بیر و خەیاڵی مرۆڤی ئاوهایە، لە ساتی وەهادا، وەک زەنگی ئاگادارکەرەوە و حەبی هورووژێنەری لێ دێ.

نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، هاتوهەرایەکی ئێجگار زۆر هەبوو. تازەلاوەکان ئەوانەی هێشتا بڕستیان بە بەرەوە مابوو، دەیانویست باوەش بۆ ژیان بکەنەوە و دەرگای بارهەڵگرەکە بشکێنن. ئەوانی دییش لە قیژوهۆڕ و پێداکێشانی بارهەڵگرەکە بەردەوام بوون. یەکێکیان بۆ قومێک ئاو دەلاڵایەوە. دەنگی تڕ و نزا و قورئانخوێندن تا کەشکەڵانی فەلەک دەڕۆییشت. هەندێکیشیان ئەژنۆی خەمیان لە باوەش گرتبوو و وەک نەخۆشێکی لەجێداکەوتووی کەنەفت و زەبوون بیریان لە ژیان دەکردەوە. بەڵام بۆنی تڕ و تسەکە هێندە پیس بوو کە دەیتوانی پتر لە پۆلێک باڵندە مردار بکاتەوە. ئەمن هەنووکە سەبارەت بەو دەنگ و بۆنانەی لەو گەشتەدا دەهاتن و دەچوون، نانووسم. بەڵکوو لەبارەی ئەو قیژوهۆڕە ترسناکانەی وا بڵاو دەبوونەوە، دەنووسم. لەوە دەچوو هێزێکی نادیار بارهەڵگرەکەی خستبێتە هەلەکەسەما. بێدەنگییەکی چڕ و لینج بواری دەدا ترپەی دڵی سەرنشینەکان ببیسترێ، قیژەکان لە ئەشکەوتێکی لێوانلێو لە

نهێنییەوە دەهاتن. پاش بیستنی هاوارەکان، دەیانویست سەرچاوەی ئەو دەنگە نامرۆیی و نائاژەڵییە بدۆزنەوە کە ئاوها بێدەنگیی بارهەڵگرەکەی شڵەقاند.

بارهەڵگرەکە بە شێوەیەکی تۆقێنەر دەلەرییەوە، هەمدیسان قیژەقیژ و ترس سەری هەڵدایەوە. مینا کەڵەپشکۆیەک لەسەر زاری مرۆڤ بێ، دەینواند. بەڵێ، ئەم جارەیان بە شێوەیەک ئاهوناڵە دەهات وەک بڵێی گڕکانێک تەقیوەتەوە. هاتوهەرای دڵڕەقانەی مرۆڤ و ئاژەڵ و دێوەزمەی چیرۆکە خەیاڵییەکان تێک هاڵابوون و هەموویان وێکڕا ئاوازێکی دۆزەخیی هاوبەشیان پێک هێنابوو.

پاش چوار ڕۆژ، پۆلیسی سڕبیا، لە شارۆچکەیەکی سەرسنووری پڕ لە جەنگەڵ و دارستانی چڕ، بارهەڵگرەکەی دۆزییەوە. بارهەڵگرەکە لە کێڵگەیەکی چۆڵکراوی بەخێوکردنی پەلەوەردا بوو. ئەوەی بەسەر قاچاغچییەکاندا هات، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. ئەم چیرۆکانە هەموویان هاوشێوەن. ڕەنگە قاچاغچییەکان ئاگاداری چاودێری و جموجووڵی پۆلیس بووبێتن، لێ لەوانەیە ویستبێتیان بۆ چەند ڕۆژێک خۆیان بشارنەوە، یانژی لەبەر هۆی دی کە پەیوەندیی بە گێرمەوکێشەی مافیاکانی قاچاخ لەبەر پارەوزەڕ، هەیە.

هەنگێ پۆلیس دەرگای پشتەوەی بارهەڵگرەکەیان کردەوە، لاوێکی سەراپا خوێناوڵ لە بارهەڵگرەکەوە بازی دا و چەشنی شێت بەرەو دارستانەکەی فرتەی کرد. پۆلیس شوێنی کەوت. لێ لەو دارستانە زەبەلاحەدا بزر بوو. سیوچوار تەرم لە بارهەڵگرەکەدا کەوتبوون کە چەقۆ و چەکی دی هەنجن-هەنجنی نەکردبوون، بەڵکو لاشەگەلێک بوون کە چڕنووک و دەندووکی هەڵۆ و کەڵبەی تیمساح و کەرەستەی تری نادیار وەها شیتاڵی کردبوون. بارهەڵگرەکە کەیلانی گوواو و میز و خوێن و چەند جەرگێکی ونجڕونجڕ و ڕیزێک چاوی دەرپۆقیو و ڕیخۆڵە بوو، وەک بڵێی بەر چنگی گەلەگورکێکی برسی کەوتبێتن، سیوچوار لاو بوون و بە دەردی هەویرێکی پانکەڵەی ئاوێتەی گۆشت و خوێن و گوواو چووبوون!

**یانکۆڤیچ**، پیرەپۆلیسێکی سڕبی، کەس بڕوای بە چیرۆکەکەی نەکرد، بگرە هەمووان گاڵتەیان پێ دەکرد. ئەوانەیشی لەوێ لەگەڵی بوون، گەواهیی قسەکانی ئەویان نەدەدا. لێ گەواهیی لاوە خوێناوڵەکەیان دەدا کە بەرەو دارستانەکە هەڵهات. ڕۆژنامەکانی سڕبیا لە هۆکاری دیارنەمانی لاوەکەیان دەکۆڵییەوە، بەڵام بە گوێرەی گوتەی پۆلیس سنووری بەزاندووە و بەرەو هەنگاریا ڕۆییوە.

یانکۆڤیچ لەگەڵ ژنەکەی لە نێو پێخەفدا پاڵکەوتوون و لە ساپیتەکە هەڵدەڕوانێ، پێی دەڵێ: "کچێ ئافرەت شێت نەبووم نە... خۆ هەزار جار بۆم گێڕایتەوە... کوڕەکە هەر کە گەیشتە دارستانەکە کەوتە سەر چوارپەل و بوو بە گورگێکی خۆڵەمێشی، جا ئیدی لە دارستانەکەدا دیار نەما..."

ژێدەر:

شاحنة برلين / حسن بلاسم / www.iraqstory.com

# بەڵێننامە

## زاهید بارخودا

## لە فارسییەوە: ژیار هۆمەر

ئەو ژنەی لەودیو مێزەکەوە دانیشتبوو پەرداخە چاکەی هەڵگرت و هاتە لام. گوتم پەڕاوەکەم تەواوە. چاوێکی پیادا گێڕام. پەرداخە چاکەی لەسەر مێزەکە دانا و پەڕاوەکەی هەڵدایەوە.

«هەمووی تەواوە جگە لە فۆڕمی بەڵێننامەکە.»

«فۆڕمی بەڵێننامەکە؟! جا ئێسا ئەبێ چی بکەم؟»

بەرەو کتێبدانی تەنیشت مێزەکەی ملی نا. چەند چەکمەجەیەکی ڕاکێشا: «خاتوو میرزایی، ئەرێ نازانی فۆڕمی بەڵێننامەکانیان لە کوێیا داناوە؟»

میرزایی گوتی فۆڕم نەماوە و پرێنتەرەکەیشیان بۆ چاککردنەوە بردووە.

«بەیانی!»

«چی؟»

«بڕۆ بەیانی بێرەوە. پەڕاوەکەشت لەگەڵ خۆتا ببە. لێرە ون ئەبێ.»

«تکایە گەر ئەکرێ ئێستا واژووی بکەن، بێگومان بەیانی فۆڕمەکە پڕ ئەکەمەوە.»

دواچۆڕی چاکەی هەڵقوڕاند و بە لالووتەوە گوتی:

«نابێ.»

«کە وا بێ ئەکرێ ئەرک بکێشن و نوسخەیەکی فۆڕمەکەم بدەنێ تا لە دەرەوە پرێنتی کەم.»

بە چاوزەقییەوە لەسەر کورسییەکەی ڕابوو: «چی چی کاکە؟! هیچ نوسخەیەک بە کەس نادرێ. هەموو شتەکانی ئێرە تایبەتین. بڕۆ بەیانی بێرەوە.»

لە ترسی ئەوەی نەوەکا پەڕاوەکە بدڕێنێ یاخود گەڕێکی ترم پێ بگێڕێ یەکسەر پەڕاوەکەم خستە بنهەنگڵم و بێ ماڵئاوایی بەرەو دەرگاکە ملم نا. هێشتاکە نەگەیشتبوومە دەرگاکە بانگی کردم. تیامابووم بگەڕێمەوە یان نا. هەنگاوێکی ترم بەرەو دەرگاکە نا. جارێکی تر بانگی کردم. ئەم جارەیان هێندە بەتووڕەییەوە بانگی کردم کە کاتی گەڕانەوە پەڕاوەکەم لە دەست بەربووەوە.

«ئەتوانین شتێکی تر بکەین.»

خەریکی هەڵدانەوەی پەڕاوێک بوو. بەرەو لای چووم. لەوەی هەمدیسان سڵاوم کرد پەژارە دامیگرت. پەڕاوەکەی بندەستی بەرەو ڕووم ڕاگرت.

«مەبەستم ئا ئەم فۆڕمەیە. ئەتوانی خۆو کۆپی کەی؟»

چاوێکم پێدا خشاند. چەند دێڕێک نووسینی تێدا بوو لەگەڵ خشتەیەکیش کە هەر دیار بوو هیی زانیارییەکانە.

«بەڵێ، بێگومان.»

لاپەڕەیەکی دایە دەستم.

«دەی خێرا دانەیەکی لەبەر بگرەوە. پەڕاوەکەش نوکەقەڵەمێکی بەرنەکەوێ. ئینجا زانیارییە پێویستەکانی لەسەر بنووسە. لە خوارەوەشیا واژوو بکە.»

لە خۆشییان دەستم دەلەرزی. لاپەڕە و پەڕاوەکەم وەرگرت. چاوێکم بەساڵۆنەکەدا گێڕا. لای پەنجەرەکەوە کورسی و مێزێکی چۆڵم بینی. هەر کە لەسەر کورسییەکە دانیشتم بۆم دەرکەوت جافم پێ نییە. دڵنیابووم لەوەی گەر بۆ وەرگرتنی جاف بچمەوە لای، تووڕە دەبێ. سەیری چەند کارمەندێکی ترم کرد. بەرەو لای ئەو پیاوە ڕۆیشتم کە پەنجەی ئەسپێکوژەی بە باندج هەڵپێچابوو. سڵاوم کرد و داوام لێ کرد گەر دەکرێ ئەرک بکێشێ جافێکم بداتێ. بە سەر وەڵامی دایەوە کە پێی نییە. بەرەو لای کارمەندێکی تر ڕۆیشتم. هێشتا زارم هەڵنەهێنابوو بە دەست ئاماژەی بۆ کردم بچم عەرەبانەکەم ڕابکێشم. پەڕاوەکەی خۆم و پەڕاوەکەی تر و لاپەڕەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتم لە دەرەوە جافێک بکڕم. دەستم لەسەر کێلوونی دەرگاکە بوو کە دەنگی ژنەکارمەندەکە وەک مار چزەی لێ هەڵستاندم:

«ها، بۆ کوێ؟»

هەمووان ئاوڕیان لێ دامەوە. گوتم دەمویست بچمە دەرەوە جافێک بکڕم. هاتە لام. پەڕاوەکەی لێ سەندم: «بڕۆ بەیانی بێرەوە. ئەمانە هیی ئەوە نیین چاکەیان لەگەڵا بکەی. حەی! پەڕاوی خەڵکیو خستۆتە بنباڵت و ئەچیتە دەرەوە. ئا لاچۆ لە بەرچاوم مەمێنە.»

«ڕاستییەکەی بەتەمای ئەوە نەبووم. جافم پێ نەبوو فۆڕمەکەی پێ کۆپی بکەم. ترساشم لەوەی پەڕاوەکان لێرە جێ بێڵم و خۆم بڕۆم.»

«هینە، جاف! یەکێ نەزانێ جاف لێرە قاتییە. ئەی جا بۆ نەهاتی بە خۆم بڵێی. ئا تۆ چاوێ لەم سەر مێزانە کە. جاف وەک خۆڵە.»

لە دەوروپشتمم ڕوانی. هەموو کارمەندەکان ئەو جافەی کە بەدەستیانەوە بوو، هەڵیانبڕی و ڕایاندەوەشاند. سوور بووم لەسەر ئەوەی چاکەیەک بنوێنێ و بهێڵێ فۆڕمەکە کۆپی بکەم. بە نابەدڵی و ڕووخسارە سوورهەڵگەڕاوەکەیەوە پەڕاوەکەی دایەوە دەستم. جافێکیشی پێ دام.

ئاودامانم ئارەقی لێ دەچۆڕا. بەرەو مێزی تەنیشت پەنجەرەکە گەڕامەوە. پەڕاوەکانم لەسەر مێزەکە دانا. نەمدەتوانی بە ڕێکی هەناسە بدەم. پەلم کوتا و پەنجەرەکەم کردەوە. کە هەوا فێنکەکە لە دەموچاومی دا، هەڵلەرزیم. ئەوەندە هەڵلەرزیم بە ڕادەیەک گوێم لە چۆقەی ددانەکانم بوو. ئیدی بڕستی داخستنی پەنجەرەکەم لێ بڕابوو. سەرم بە ئانیشکمەوە نا تاکوو کەس شەقەشەقی ددانەکانم نەبیستێ. با پەنجەرەکەی تەواو خستە سەر پشت. ئەو لاپەڕەیەی لەسەر پەڕاوەکەمم دانابوو، لەسەر مێزەکە داخزا. چەند کارمەندێک هاواریان لێ هەڵستا.

«پەنجەرەکە داخە!»

سەرەڕای ئەوەی نەمدەویست بەڵام خۆنەویستانە بەرەو لای ژنەکارمەندەکە گەڕامەوە. وەها چرچاوی گرژومۆن کردبوو وەک بڵێی باوکیم کوشتبێ. هێندە بەهەڵپە ڕووەو پەنجەرەکە بەرز بوومەوە کە هاوسەنگیی خۆمم لە دەست دا و کەوتم بەسەر مێزەکەدا. مێزەکە بە جیڕوهوڕ بەرەو دیوارەکە خلیسکا. پەنجەرەکەم پێوە دا. لە ترسی ئەوەی نەوەکا دیسان مێزەکە دەنگی لێ هەڵبستێ، نەمخستەوە جێی خۆی. بە سەرنجەوە کورسییەکەم هەڵگرت، بردمە نزیک مێزەکە و دانیشتمەوە. وردەوردە پەڕاوەکەم هەڵدەدایەوە. فۆڕمی بەڵێننامەکەم دۆزییەوە. دەبوو خشتەیەکم بکێشایە. ئەو لاپەڕە سپییەی با خستبوویەوە سەر ئەرزەکە، هەڵمگرتەوە و لە پێشمدا دامنا. ئینجا بۆ دۆزینەوەی جافەکە، سەرەتا پەڕاوەکەی خۆم پاشان پەڕاوەکەی ترم ژێرەوژوور کرد. لێی نەبوو. سەرم سڕ ما. هەردوو پەڕاوەکەم هەڵدایەوە. ناو گیرفان و باخەڵم گەڕام. بەڵام لێی نەبوو. هەڵستام و جارێکی دی سەر مێز و کورسییەکە گەڕام. چاوێکم بەملاولادا گێڕا. دەترسام سەیری دوورتر بکەم. وا هەستم دەکرد هەمووان قڕوقەپیان کردووە. بیرکردنەوە لەوەی کارمەندەکان سەیرم دەکەن، ئازاری دەدام. دانەویم و سەرم بردە ژێر مێزەکە. ئەوەی دەمبینی نەمدەتوانی بڕوای پێ بکەم. جافەکە کەوتبووە ژێر قاچێکی مێزەکە. ئەویش ئەو قاچەی کە بە دیوارەکەوە لکابوو؛ دەبوو بۆ هەڵگرتنەوەی هەر بچووبامایەتە ژێر مێزەکە. مێزەکە چکۆلە بوو. هەر جووڵە و جێگۆڕکێیەکی من، کیڕەکیڕی لە مێزەکە هەڵدەستاند. تەپوتۆزەی ژێر مێزەکەیش قوڕگ و لووتمی دەتۆزاندەوە. هەموو دەمێک ئەگەری هەبوو بکۆکم. بە دوو پەنجە جافەکەم هەڵگرتەوە. بەبێ هەڵبڕینی قاچی مێزەکە، دەرنەدەهێنرایەوە. بە دەستەکەی تریشم تێدەکۆشام قاچی مێزەکە بێدەنگوهەرا هەڵببڕم. هەر کە جافەکە جووڵایەوە پژمیم. خێرا جافەکەم دەرهێنا و دەستم بەرەو لووتم برد. هێندە بە قاییمی لووتم هەڵگلۆفی کە پژمەکە زیاتر لەوەی دەنگ بداتەوە، ڕایتەکاندم. سەرم کێشای بە مێزەکەدا. تا بە خۆمدا هاتمەوە مێزەکەم دیت کەوتە سەر شان. زرمەکەی تۆقاندمی. هەڵستام. بینیم هەموویان بەرەو لای من دێن. لە نێوانیاندا چاوم بۆ کارمەندەژنەکە دەگێڕا. تا چەند چرکەیەک نەمدەتوانی هیچ دەنگێک ببیستم. تەنێ هێندەم دەزانی وا شاتەشات بەسەرمدا دەشیڕێنێ. دەستی بۆ سەروو و خوار دەبرد و لێوی هێندە بە قینەوە دادەخرا و دەکرایەوە کە سەروسەکوتم ئارەقەی تێ زا، وەک ئەوەی تفی لە چارەم کردبێ. سەرم داژەنی. هەموو گیانم تەپوتۆز بوو. هەر دەستم بە پانتۆڵەکەمدا هێنا تەپوتۆزی لێ هەڵستا. هەموویان بەرەبەرە کۆکین و دوور کەوتنەوە. مێزەکەم بەرز کردەوە. پەڕاوەکانم هەڵگرتەوە. لەسەر کورسییەکە دانیشتم. جافەکەم لەسەر مێزەکە دانا و بۆ گەڕان لە دووی فۆڕمی بەڵێننامەکە، پەڕاوەکەم هەڵدایەوە. چاوم چووە پشتی سەرم. خەوم دەبینی. دەبوو خەو بووایە. گەلەک باشتر بوو خەو بووایە. بریا خەوم ببینیایە. فۆڕمەکە... فۆڕمی بەڵێننامەکە لە نێو پەڕاوکەدا دڕابوو. لە بنەوە تا ناوەڕاستی لاپەڕەکە. بڕوا بەوە نەدەکرا کە بە هەڵکەوت وای لێ هاتبێ. هێندە بە وردی دڕێندرابوو وەک بڵێی کەسێک لە ئەنقەست وای لێ کردبێ! پەڕاوەکەم داخست. لە دڵی خۆمدا گوتم ڕەنگە لە سەرەتاوە دڕابێ. خۆزیا پتر لێی ورد ببوومایەتەوە. خۆم هەر چەند جارێک پەڕاوەکەم کردبووەوە. تا ئەو دەمەی بە بیرمدا دەهات، فۆڕمەکە ساغ بوو. دووبارە ترەقەی پەڕاوەکەم ترازاند. دەستم لەسەر فۆڕمەکە دانا. بە یەکەم ڕوانین دەرنەدەکەوت دڕاوە. بەڵێ، دەشێ هەر لە سەرەتاوە دڕابێ. لێ دێتەوە بیرم کاتێک کارمەندەژنەکە فۆڕمەکەی پیشان دام چەند جارێک ڕایوەشاند. ئەمەم زۆر چاک لە بیر

بوو. خۆزگە بیرم نەدەکەوتەوە. ڕەنگە هەر ئەو کاتە دڕابێ. ڕەنگە ژنە خۆی دڕاندبێتی و بۆ ئەوەی بیخاتە ئەستۆی من، هێشتی لەبەری بگرمەوە. ئا ئا، دەشێت کاری ئەو بێ. دەبوو هەوڵ بدەم هیچ نەبێ تەپوتۆزی سەر فۆڕمەکە بسڕم. هەر کە دەستم لەسەر فۆڕمەکە دانا، تەڕاییی ئارەقی ناولەپی دەستم پەڕاوەکەی پەڵەپەڵە کرد. هەموو شتێک بەرەبەرە خراپتر دەبوو. بۆ ئەوەی پەڵەکان لا ببەم، ئانیشکم بەسەر فۆڕمەکەدا هێنا. فۆڕمەکە هەر بە تەواویی دڕا. سەرم لەسەر پەڕاوەکە دانا. سا چیم پێ دەکرا؟ دەبوو هەڵبێم. بە هەر کلۆجێک بووایە دەبوو لەوێ بچوومایەتە دەرێ. ئەدی ئەرک و هیلاکیی ئەم چەند مانگەم چی؟ ئەو ماوەیە بە هۆی ئەم پەڕاوەوە هێندە ئاموشۆی ئێرەم کردبوو کە هەمووان دەیانناسیم. لەوانەیشە نەیاندەناسیم. سەرەڕای ئەوەی گشت ڕۆژێک لەگەڵ کارمەندەکان دەهاتمە ئێرە بەڵام ڕوانینی کەسیان ئاشنا نەبوو. قەت چاو لە قەڵافەتت ناکەن. پەڕاوەکەیان بە دەستەوە ڕادەگرت. مەراقیان بوو تاقەهەڵەیەکی تێدا بدۆزنەوە. ئینجا خۆ هەر من نیم. ڕۆژانە پانزدە کەسین هەموو کارمان بووەتە هاتن بۆ ئێرە. لەم ژوور بۆ ئەو ژوورە. نەمبینیوە کەسێک کاری تەواو کرابێ. ناهێڵن تەواو بێ. دەبێ کۆتایی بەم مۆتەکەیە بهێنم. دەبێ ئەمڕۆ کارەکانم ڕایی بکەم. گەر کوتێک لەزگەی برینم دەست بکەوتبایە هەر فرە خاس دەبوو. لەزگەم لە فۆڕمەکە دەدا. لەوانە بوو سەیری پەڕاوەکەیان نەکردایە. دەبێ دەستوبرد لەبەری بگرمەوە. پەڕاوەکە دەکەمەوە. هەر کە جافەکە لەسەر فۆڕمەکە دادەنێم نوکەکەی دەچێتە ناوەوە. جافەکە ڕادەوەشێنم. نایەتەوە تاییم. دەبێ شتێکی تێ بئاڵێنم. لەتێک کلێنکس لە گیرفانم دەردەهێنم. لە بەشی ناوەوەی کونی جافەکەی هەڵدەپێچم و دیسان لە جێی خۆی دایدەنێمەوە. ئەمێستا بە بڕی پێویست توندوتۆڵ بووەتەوە. نووسینەکانی سەر فۆڕمەکە کۆپی دەکەم. کێشانی خشتەکە کۆسپ دەهێنێتە بەردەمم. ئەمجا ئێستا دەبێ چلۆن هێڵێکی وا ڕاست و ڕێک بکێشم. تێدەکۆشم کەڵک لە لێواری پەڕاوەکە وەربگرم. ناکرێ. ئەو گیرەکەی[1] فۆڕمەکانی ناو پەڕاوەکەی ڕاگیرکردووە ناهێڵێ. گەر جافێکی دی یان ڕاستەیەکم پێ بووایە کارەکەم ڕایی دەبوو. سەرم بەرەو کابرایەکی تر دەسووڕێنم کە چەند مەترێک لەولاترمەوە لەسەر کورسییەک دانیشتووە. بە شێنەیی هەڵدەستم. بەرەو لای دەچم. بە گوێیدا دەچرپێنم داخۆ جافی پێیە؟ بە سەر دەڵێ نا، دەپرسم ئەی ڕاستە؟ ئەم جارە تەنانەت بە سەریش وەڵام ناداتەوە. لە ترسی ئەوەی نەوەکا شتێک بڵێ، لێی دوور دەکەومەوە. پێ بە جەرگی خۆمدا دەنێم و بەرەو لای مێزی کارمەندێک هەنگاو هەڵدەهێنم. قامکی ژەنیووەتە ناو لووتی و تێی ڕادەدا. هەر لەوێدا دەوەستم و سەرم دادەنەوێنم. چاوەڕێم کارەکەی تەواو بێ. پەنجەی لە کونەلووتی دەردەهێنێ، بە هەمان پەنجە و بە ئاماژە دەڵێ دوور بکەوەرەوە. چاو لە مەودای نێوان خۆم و مێزەکە دەکەم. نیو مەترێکە و مەودای ئەویش لەودیو مێزەکەوە هەر هێندەیە. لە دڵی خۆمدا دەڵێم جا تا کوێ دوور بکەومەوە. سا ئەگەر زیاتر دوور بکەومەوە بێ ئەملاولا هەمووان دەنگم دەبیستن. لەو مەودایەوە، بە دەستم لە هەوادا وێنەی ڕاستەیەک دەکێشم و بە سرتە دەڵێم: "ڕاستە." پەنجە بە کونەلووتەکەی تریدا دەکا و وەک ئەوەی وەڵامی دابێتمەوە زەقزەق لە مۆنیتەرەکەی بەردەمی دەڕوانێ. لەو مێزە دەڕوانم کە پەڕاوەکانم لەسەر جێ هێشتووە. هێشتا لەوێ ماون. بە بەردەم مێزەی کارمەندەژنەکەدا تێدەپەڕم. بە تەلەفۆن دەدوێ. بەرەو لای ئەو کارمەندە دەچم کە قامکی بە باندج هەڵپێچاوە. دەڵێم پێویستم بە ڕاستەیە. خۆی لە کەڕی

[1] گیرەک (Paper clip) – وەرگێر.

دەدا. دوور دەکەومەوە. لەسەر کورسییەکە دادەنیشمەوە. دەکەومە بیری جزدانی پارەکەم. لەسەر لاپەڕەکە دایدەنێم و تێدەکۆشم بە هێمنی و وریایی هێڵەکان بکێشم. هێشتا نەگەیشتوومەتە کۆتاییی یەکەم هێڵ، دیسان نووکی جافەکە دەچێتەوە ناوەوە. دیسانەوە چواردەورەکەی بە کلێنکس دەپەستێوم. خشتەکە تەواو دەکەم. هەرچەندە خواروخێچە بەڵام خۆشحاڵم بەوەی لە ئاکامدا کێشام. دەست دەدەمەوە نووسین. دوو ڕیزی خشتەکەم پڕ کردووەتەوە کاتێک بۆم دەردەکەوێ کە لەبری نووسینی ناو و زانیارییەکانی خۆم، ناو و زانیارییەکانی پەڕاوەکەی ترم کۆپی کردووە. ناولەپی دەستم ئارەق دەرپەدا. هەناسەم دەر نایە، خەریکە دەخنکێم. بە جاف ناو و زانیارییەکان دەکوژێنمەوە. بەڵام چیدی جێیەک بۆ زانیارییەکانی خۆم نەماوەتەوە. ئەستەمە ژنەکە ئەم فۆڕمە ببینێ و پەسەندی بکا. سا ئەگەر پەڕاوەکەم لەتوپەت نەکات ئەوا چاکەیەکی گەورەم دەگەڵ دەکا. بەرەو لای سەردانیکەرێک دەچم، پێی دەڵێم لاپەڕەیەکی سپیم گەرەکە. دەڵێت نییە. بە پاڕانەوەوە دەڵێم دەتوانی بچی لە کارمەندێکی وەربگری؟ ڕەنگ بە ڕوویەوە نامێنێ و ترس دایدەگرێ و دوور دەکەوێتەوە. بەرەو لای یەکێکی تریان دەچم. ئەویش هەمان کاردانەوەی دەبێ. یەک ڕێگەچارەم بۆ دەمێنێتەوە؛ بەرەو لای کارمەندەژنەکە بگەڕێمەوە. لە مێزەکەی نێزیک دەبمەوە، لە کاتێکدا دەستی بەرەو من درێژ کردووە، دەڵێ:

«پەڕاوەکانم بدەرێ. خۆیشت برۆ بەیانی بێرەوە.»

«هێشتا فۆڕمەکەم پڕ نەکردۆتەوە. گەر ئەکرێ ئەرک بکێشن لاپەڕەیەکی سپیم بدەنێ. لەوەیان... لەوەیان...»

«لاپەڕەی سپی؟! جا لاپەڕەی سپییت بۆ چییە؟!»

«بۆ فۆڕمەکە... لەوەی خۆتان ویستتان کۆپیەکی لێ بگرمەوە.»

«هێشتا پڕت نەکردۆتەوە؟!»

«ئەو لاپەڕەی کە داتامێ... پڕم کردەوە... بەڵام...»

«بەڵام چی؟!»

«کوژاندنەوە بە جاف... کەمێ کوژاندنەوە بە جافی تێ کەوتووە...»

«بچۆ پەڕاوەکان بهێنە... خێرا... کۆپیکردنی ناوێ... تەنانەت ئەم کارەشت پێ ناکرێ... دەی بچۆ بیهێنە... بەیانی وەرەوە... ئێ بەشکم لە ناوچاوانی تۆ بەیانی پرێنتەرەکەیان چاک کردبێتەوە... خێرا کە... خێرا.»

«تکایە... تەنێ لاپەڕەیەکی سپیم بدەنێ... هەموویم پڕ کردەوە...»

تەلەفۆنەکە لێ دەدات. ژنەکە بیستۆکەکە هەڵدەگرێ و خەریکی قسەوباس دەبێ. گەر پەڕاوەکانی پێ بدەمەوە بێگومان سەیری فۆڕمەکە دەکا و دەزانێ دڕاندوومە. نابێ بهێڵم پێی بزانێ. دەبێ هەرچۆنێک بووە لاپەڕەیەکی لێ بستێنم. لێی دەڕوانم. خۆم کزۆڵ دەکەم، هەوڵ دەدەم هەستوسۆزی بە لای خۆمدا ڕابکێشم. تەلەفۆنەکەی تەواو دەبێ. بیری نەماوە من لەوێم. لەسەر کورسییەکەی دادەنیشێ. هەستم پێ دەکا. بە سەربادان دەپرسێ چما وەستاوم؟

«بۆ لاپەڕە... لاپەڕەیەکی سپی.»

لە جێی خۆیەوە لاپەڕەیەک هەڵدەداتە بەردەمم. لە خۆشحاڵیدا خەریکە باڵ دەردەکەم. لەسەر کورسییەکە دادەنیشم و دەست دەدەمەوە نووسین. تازە لە کێشانی خشتەکە بوومەتەوە کاتێک کارمەندێکیان دەڵێ هەموو سەردانیکەران بچنە دەرەوە. کاتژمێر

یەکی نیوەڕۆیە و ئەوان تاکوو کاتژمێر یەک لە وەڵامدانەوەی هاووڵاتیان بەرپرسن. بە پەلەپرووزکێ زانیارییەکانم دەنووسم. ژاوەژاو ناهێڵێ بە باشی جڵەوی سەرنجم بکەم. کارمەندێک دێتە لام و لە ژوور سەرم ڕادەوەستێ. پەڕاوەکەم لە بندەست ڕادەپسکێنێ و بە دەست ڕێی چوونەدەرەوەم پیشان دەدا.

«کارەکەم تەواو بووە. تەنێ دەبێ ئەم فۆڕمە ڕادەست بکەمەوە.»

مل نادات.

«ئەها ئەو خاتوونەیە. ئەبێ فۆڕمەکە ڕادەستی ئەو بکەمەوە.»

دووپاتە ئاماژە بە دەرگاکە دەدات.

بۆ ساتێک دەیدات لە کەللەم کە هەردوو پەڕاوەکە لەگەڵ خۆمدا ببەم، بەیانی بە دەرزیلێدراویی بیانهێنمەوە. بەڵام لە ترسی ئەوەی نەوەکا تووشی تەشقەڵەیەک ببم، کۆڵ دەدەم.

«ئەم پەڕاوەم لەو خاتوونەی هاوکارتان وەرگرت. هیچ نەبێ مۆڵەتم بدەنێ با پەڕاوەکەی ڕادەست بکەمەوە.»

پەڕاوەکەی بە دەستەوەیە و چاوی لێ دەکا. هەڵی دەداتەوە. لە کاتی هەڵدانەوەدا، لەتەدڕاوەکەی فۆڕمی بەڵێننامەکە دەکەوێتە سەر زەوییەکە. لە ترسان زمانم گۆ ناکا. بە دەست ئاماژە بۆ کارمەندەژنەکە دەکەم. لە کاتێکدا من تێدەکۆشم پێم لەسەر فۆڕمی سەر زەوییەکە دابنێم، ئەو پەڕاوەکە بەرەو هاوکارەکەی بەرز دەکاتەوە. ژنەکە بەرەو لامان دێ. پەڕاوەکە وەردەگرێ. بە دەستەلەرزە ئەو فۆڕمەی کۆپیم کردووە لەگەڵ پەڕاوەکەی خۆمی پێ دەدەم. سەیری هەردووکیان دەکا. پەڕاوەکە دەداتەوە دەستم و بەدەم دوورکەوتنەوەوە فۆڕمی بەڵێننامەکەم دەدڕێنێ، ئەمجا دەقریشکێنێت: «بەیانی!»

ژێدەر: تعهد - زاهد بارخدا.

# ئەو پیاوەی ژنەکەی لێ ون بوو

## زاهید بارخودا

## لە فارسییەوە: ژیار هۆمەر

تۆ لەوێ بوویت، دڵنیابوویت لەوێ بوویت، هەموویانت دەناسییەوە، تەنانەت ئەم پرسگەوانەیش کە ناهێڵێت بچیتە سەرەوە! ناو و پاشناوەکەتت لێ دەپرسێت. ژمارەی ژوورەکەت دەڵێیت، تەنانەت کلیلی ژوورەکەیشی پیشان دەدەیت. بە حەپەساوییەوە سەری دەلەقێنێت و دەڵێت تۆی بیر نایەتەوە. کەریمی ناناسێت، واتا تۆ، ئەمەیش بە لاتەوە گاڵتەجاڕییە، ناتەوێت بحەپەسێیت، هەوڵ دەدەیت بکەنیت، لێ ترسێکی شاراوە کە بناغەی دڵت هەڵدەتەکێنێت، ناهێڵێت. دەڵێیت کاتی گاڵتەوگەپ نییە، دەبێت دەرمانەکان بۆ خێزانەکەت ببەیت. هەر کە وا دەڵێیت، زەردەخەنەیەک پانتاییی سەروچاوت دادەگرێت. دەڵێیت: «خێزانەکەم... خێزانەکەم ها لە ژوورۆ.» ڕەنگوڕووت دەکرێتەوە. پرسگەوان سەیری دەفتەرەکەی بەردەمی دەکات. ئەو ژوورەی ئاماژەت پێ داوە، بە ناوی تۆوە نییە! پیشانت دەدات. دیسان سووریت لەسەر ئەوەی خێزانەکەت لەوێیە. دیسانەوە کلیلی ژوورەکەی پیشان دەدەیت. کلیلەکەت لێ دەستێنێت. دڵنیا دەبیتەوە لەوەی گاڵتەت لەگەڵ ناکات. دەڵێیت: «تکایە سەر مەخەنە سەرم. هەر نیو کاتژمێرێ ئەبێ لەم میوانخانەیە دەرچووم. ئاخر چۆن بیرتان نایەتەوە! خۆ ناونیشانی دەرمانخانەکەشم لە خۆتان پرسی.» بیری نایەتەوە. گاڵتەیەکی خۆش نییە. بەرەو پلیکانەکان مل دەنێیت و سەردەکەویت. هاواری لێ هەڵدەستێت کە بۆ کوێ دەچیت؟ بەرەو لات دێت، تۆ هەر لاسارانە بەردەوام دەبیت. دەگەیتە ڕێڕەوەکە، ڕووی تێ دەکەیت و پێی دەڵێیت: «لای ڕاست، سێهەم قاپی.» لە دەرگا دەدەیت. ژنێکی منداڵلەباوەش دەرگاکە دەکاتەوە. دەحەپەسێیت. دەسڵەمێیتەوە. هەنگاوێک دەکشێیتەوە. ژمارەی ژوورەکە دەخوێنیتەوە. بە هەڵە نەهاتوویت! دەڵێیت: «ئێوە؟» ژنە بانگی مێردەکەی دەکات. مێردەکەی خەریکە بە خاولییەک ڕووخساری دەسڕێت. تەوقە لەگەڵ تۆ و پرسگەوان دەکات. پرسگەوان حاڵ و مەسەلەکەی تێدەگەیەنێت. ژن و مێردەکە وا دەزانن شێتیت. لەگەڵ پرسگەوان دەچیتەوە خوارەوە. دەرگای چوونەدەرەوەت پیشان دەدات. لەوێ دەوەستیت و جووڵە لە خۆت دەبڕیت. دەستت دەگرێت تاکوو لە میوانخانەکە وەدەرتنێت. دەنگ هەڵدەبڕیت. بەرێوەبەری میوانخانەکە دێت. هەڕەشەوگوڕەشەی تەلەفۆنکردن بۆ پۆلیست لێ دەکات. دەڵێیت ئەوەی دەبێت تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکات تۆیت. چۆن دەکرێت دوێشەو لە میوانخانەیەک بیت و بەیانییەکەی بڵێن لێرە نەماویت. تەنانەت ئەو ژوورەیشی تێیدایت، بە کەسێکی دیيان دابێت. ژنەکەتت بیر دەکەوێتەوە. چەند جارێک بەدەم خۆتەوە دەڵێیت: «کوبرا.» لە دەستیان هەڵدێیت و هەمدیسان دەچیتەوە سەرەوە. چەند کەسێک لە ژوورەکانەوە دێنە دەرەوە. بەرەو لای یەکێکیان دەچیت: «سڵاو ئاغای ڕەمەزانی، دەنگوباستان؟» ڕوو

دەکەیتە بەڕێوەبەر و دەڵێیت کە ئەم بەڕێزە تۆ دەناسێت. ڕەمەزانی دەشەپۆکێت. دەڵێت یەکەم جاریەتی تۆ دەبینێت. دەڵێیت دوێشەو تۆ و کوبرا لەگەڵ ئاغای ڕەمەزانی و خاتوونەکەی شێوتان خواردووە. دەڵێت دەگەڵ ئێوەدا نەبوو. قامکی بەرەو پیاوە خاولیبەدەستەکە ڕادەکێشێت و دەڵێت: «دوێشەو لەگەڵ ئاغای حەمیدی و خاتوونە بەڕێزەکەیان شێومان خوارد، نەک ئێوە!» تۆیش پێت وایە ئەو ماستە موویەکی تێدایە. دەتەوێت بەزۆر خۆت بە ژووردا بکەیت، حەمیدی ناهێڵێت. دەنەڕێنیت: «کوبرا. کوبرا.» هەمووان لە تریقەی پێکەنین دەدەن. لە کاتێکدا حەمیدی چاوێکی لەسەر ڕەمەزانییە، بە سرتە دەڵێت: «لەو ناوە، کوبرا! ئاخر کێ ژنەکەی خۆی بە **کوبرا** بانگ ئەکا؟» ڕەمەزانی و پرسگەوان دەکەنن. تۆیش دەڵێیت: «بۆ مەگەر مرۆڤ خۆی ناوی ژنەکەی هەڵئەبژێرێ؟» ئەم جارەیان هەموویان دەکەنن. دەڵێیت شمەکەکانت لە ژوورەکەدان. لەسەر چوونەژوورەوە سوور دەبیت. ژنەکەی حەمیدی دەڵێت: «بۆ ئەوەی ئەرخەیان بێ، قەینا با بچێتە ژوورێ.» لەگەڵ حەمیدی و بەڕێوەبەردا دەچیتە ژوورەوە. بەرەو لای قەرەوێڵەکە دەڕۆیت. دەنوشتێیتەوە. دەڵێیت جانتاکەم لەوێدایە. هیچ جانتایەکی لێ نییە. چەندجارێکی دی بانگی کوبرا دەکەیت. بەرەو سەرئاو و گەرماوەکە دەچیت. لەوێیش نییە. لە دڵی خۆتدا دەڵێیت نەکا بە هەڵە بۆ ئەم میوانخانەیە هاتبێتم. «دەی باشە بۆ چی ڕەمەزانی و پرسگەوان ئەناسم!» بەرەو لای بەڕێوەبەر دەچیت، دەڵێیت: «کوبرا کوانێ؟ نەخۆشە نەخۆش... دوێنێ لە هەمەدانەوە هاتین بۆ تاران، دیمانەی دکتۆری هەبوو. نیو کاتژمێرێ لەمەوبەر چوومە دەرێ تا دەرمانەکانی بۆ بکڕم. بڕیار وا بوو دەمەوئێوارەش بچم ئەنجامی پشکنینەکانی وەربگرمەوە. کورە لەوانەبوو شەوێ بگەڕاینایەتەوە هەمەدان.» پەژارە دایگرتوویت. پێت وایە خەو دەبینیت. ئارەقت کردووەتەوە، دەپاڕێیتەوە. هەڕەشەی چوونە لای پۆلیس دەکەیت. دەتکەنە دەرەوە. لە تابلۆی میوانخانەکە دەڕوانیت. خۆیەتی. بڕوا ناکەیت بەوەی وەیشوومەیەکی وەهایان بەسەردا هێنابیت. ناونیشانی بنکەی پۆلیس لە چەند ڕێبوارێک دەپرسیت. هەریەکێکیان جێیەکت پیشان دەدات. دڵەڕاوکێ دایگرتوویت، سۆراغی کوبرا لە یەکێکیان دەپرسیت. کوڕێکی لاوە. سەیری ناو گیرفانی دەکات. دەڵێت ئا لێرەدایە. لەو قوڵاییبە. گیرفانەکەی هەڵەوگێڕ دەکات: «بێ! خۆو تواشای کە.» لێی دوور دەکەویتەوە. بەرەو کابینەیەکی تەلەفۆن هەنگاو دەنێیت. تەلەفۆن بۆ ماڵەوە دەکەیت. کوبرا وەڵام دەداتەوە. لە ترسان تەلەفۆنەکە دادەخەیتەوە. دیسن ژمارەکە لێ دەدەیتەوە. دەڵێیت: «ئەوە کوبرا تۆ لە هەمەدان چی ئەکەی؟»

«چی ئەکەم؟! ئەرێ تێکچووی؟ جا ئەوە کەی پرسیارە؟ ها؟»

«مەگەر دوێنێ لەگەڵ منا نەهاتی تاران؟»

«دوێنێ؟ تاران؟ نەکا ئێسا لە تاران بی؟»

«بۆ چی چییە؟ تۆ کەی گەڕایتەوە؟»

کوبرا دەکەنێت و تۆ دەگریت. کەسێک بیستۆکەکە لە دەستی کوبرا دەڕفێنێت. دەنگێکە هاوشێوەی دەنگی حەمیدییە دەڵێت: «بەڕێزتان؟»

وشک دەبیت. گوێت لە دەنگەکەیە کە بە کوبرا دەڵێت: «لەگەڵ کێیا قسەو ئەکرد؟» دەنگی لاڵانەوەی کوبرا و ئێش و پیاکێشانی بیستۆکەکە بە سەری کوبرادا دێت. دەقیڕێنیت: «کوبرا. کوبرا.» ئەو چەند کەسەی

لای کابینەی تەلەفۆنەکەوەن، تێت دەورووکێن. بێئەوەی پارەی تەلەفۆنەکە بدەیت خێرا تێی دەقوچێنیت. خۆت دەگەیەنیتە میوانخانەکە. دەچیتە سەرەوە. پرسگەوان دوات دەکەوێت. پێت ناگاتەوە. خۆت دەگەیەنیتە دەرگای ژوورەکە، بە مستەکۆڵە و پێلەقە بەردەبیتە وێزەی دەرگاکە. حەمیدی و ژن و منداڵەکەی تۆقاوانە دێنە بەردەم دەرگاکە. بە زۆرەملێ دەچیتە ژوورەوە؛ بانگی کوبرا دەکەیت. بەرۆکی حەمیدی دەگریت. ڕەمەزانی و بەڕێوەبەر لەگەڵ پێنج-شەش کەسی تردا دێن. بەڕێوەبەر هاوار دەکات: «ئەم شێتەپەتەڕییە فڕێ بدەنە دەرەوە!» مەبەستی تۆیە. دەکەونە وێزەت و شلوکوتت دەکەن. خوێنی دەم و لووتت بەر دەبێت. لەسەر زەوییەکە تەخت دەبیت. بە گاگۆڵکێ لەو ناوە دەخولێیتەوە تا دەڵقی[1] دەرمانەکە بدۆزیتەوە. دەڵێیت: «کوبرا لێرەیە. ئا لەو ژوورەیە.» ڕوو لە حەمیدی دەکەیت: «هەی خوێڕی! ئەوە لە کوێ شاردووتەتەوە؟ خۆم گوێم لە دەنگی بوو.» هەموویان پێکەوە هاوار دەکەن: «کوبرا.» دەنگەکە ناو سەرت و ڕێڕەوەکە دەتەنێت؛ دەنگی پێکەنین و گریانی کوبرایش هەروەها. دەڵێیت: «گوێ گرن، نووزەی گریانەکەی ئەبیستم. ئەوە دەنگی کوبرایە.» هەڵدەستیتەوە سەر پێت. دەنگەکە لە هەموو ژوورەکانەوە دێت. نازانیت بۆ کام ژوورەیان بچیت. شین و ڕۆڕۆ دەکەیت، خۆت بەسەر قاچی حەمدیدا دەدەیت: «تکایە ئیتر هەقت بەسەریەوە نەبێ. ئەو لەگەڵ منا قسەی ئەکرد. تکاو لێ ئەکەم...» باڵت دەگرن و هەڵتدەستێننەوە. فڕێت دەدەنە دەرەوە. بەرەو کابینەی تەلەفۆنەکە مل دەنێیت. هەرکەسێک کە دەتبینێت پەرێزت لێ دەگرێت. کوڕپەیەک بە باوەشی دایکییەوە لە حەژمەتدا دەکەوێتە گریان. کەسێک پێنجسەد تمەنییەک دەخاتە ناو قولەمشتتەوە. ناهێڵن بچیتە نێو کابینەکە. دەڵێیت هاتوویت تەلەفۆنێک بکەیت. لێیان دەپاڕێیتەوە. دەڵێیت لە شارێکی دیکەوە هاتوویت، غەوارەیت، لێرە کەس ناناسیت، ژنەکەتت لێ ون بووە. دەهێڵن بچیتە ژوورەوە. ژمارەی ماڵەوە لێ دەدەیت. دەنگی پرسگەوانەکە دەناسیتەوە: «میوانخانەی چوارباخە، فەرموون.»

دڵنیایت ژمارەی ماڵەوەت لێ داوە. هەر ناکرێت ژمارەی میوانخانەکەت بە هەڵە لێ دابێت. خۆ ژمارەکەی نازانیت. لە ترسی ئەوەی نەوەکا تەلەفۆنەکە دابخاتەوە لێی ناپرسیت لەوێ چی دەکات؟

«کارم بە ژووری ژمارە هەشتە.»

«ئاغای کەریمی کەمێک پێش ئێستا چووە دەرەوە.»

دڵخۆش دەبیت. شایی لە دڵت دەگەڕێت. ئیدی تەواو، گاڵتەوگەپ تەواو بوو. دەزانێت کە لەوێ بوویت.

«خانمەکەشیان چووە دەرێ؟»

«نەخێر. ئەوان لێرەن. پێم وا بێت خۆیشیان زوو بێنەوە. ناونیشانی دەرمانخانەیەکیان لێ پرسیم. لەم نزیکانە دانەیەکی لێیە.»

«ئەتوانم لەگەڵ خانمەکەیانا قسە کەم؟»

«لەسەرهێڵ بن تاکوو پەیوەندییەکە دەگوازمەوە.»

[1] دەڵق: عەلاگە – وەرگێر.

دەنگی کوبرا دەڵێت: «ئەوە لە کوێی چاوەکەم؟ دەرمانەکانت کڕی؟»

بە لووشکەلووشک دەڵێیت: «کوبرا... کوبرا گیان... های لە کوێ؟»

«مەسعوود! ئەرێ ئەوە بۆچی دەگریت؟! لە میوانخانەکەم و لە ژوورەکەی خۆمم. هیچ بووە؟ زوو کە دڵم تەقی.»

«نا، هیچ نەبووە. هەر ئێسا یەم بۆ لاو. دەرمانەکانیشم کڕیوە. کاتێ گەڕامەوە، بینیم لە ژوورەکەیا نەماوی! ژن و پیاوێکی تری لێ بوو. مناڵێکیشیان هەبوو!»

«کوڕ بوو یان کچ؟»

«چی کوڕ بوو یان کچ؟»

«مناڵەکەیان.»

«قسەی سەیر ئەکەی کوبرا. جا من چوزانم. خۆ زۆر سەرنجم نەدا. تۆ لەوێ نەبووی، ئیتر هەر دڵم لای تۆ بوو. بەڵام باقڵێکم کچ بوو.»

«مەسعوود، تۆ حەزت لە کچە؟»

«کوبرا؟!»

«وەڵامت نەدایەوە؟»

«جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، هەر ساغ بێت بەسە.»

«دڵخۆش بوو؟»

«کێ کوبرا؟»

«قابیلە کێ؟ مناڵەکە ئیتر.»

«کام مناڵ؟»

«ئەوەی لە باوەشی حەمیدییا بوو؟»

«حەمیدی؟! ئا بێسە بزانم تۆ حەمیدی چۆن ئەناسی؟!»

«نەتوت، دڵخۆش بوو یان نە؟»

«کوبرا توخوا وەڵامم بدەرەوە، تۆ حەمیدی چۆن ئەناسی؟»

دەنگی پێکەنینی کوبرا گوێ و سەر و دڵت دەتەنێت. دەڵێیت: «کوبرا. کوبرا.» کوبرا تەنێ دەکەنێت.

«ئەلوو... ئەلوو... ئەلوو کوبرا... کوبرا گیان... ئەلوو... ئەلوو...»

ئەم جارەیان پارە دەدەیت. دیسانەوە دەگەڕێیتەوە میوانخانەکە. لە قوژبنێکدا حەمیدی و ژنەکەی لەگەڵ ڕەمەزانی و بەڕێوەبەر، لە دەوری مێزێک کۆ بوونەتەوە. بەرەو لایان دەچیت. پرسگەوان هەڵدەستێت:
«بفەرموون؟ ژوورتان ئەوێ؟»

بە شێوازێک هەڵسوکەوت دەکات وەک بڵێی ناتناسێت! لە دڵی خۆتدا دەڵێیت ئەمە فیتێکی نوێیە. پاڵێک بە پرسگەوانەوە دەنێیت و دەچیتە پێشتر. چاولەچاوی بەڕێوەبەر دەوەستیت. هەموویان سەریان هەڵدەبڕن. لە تێڕوانینی کەسیاندا هێمای ئاشنایەتی بەدی ناکرێت! بەڕێوەبەر لەسەر کورسییەکەی هەڵدەستێت: «شتێکتان ئەوێ؟»

«یانی ئێستا ئیتر من ناناسیتەوە؟»

بەڕێوەبەر دەتاسێت و لە چەلەحانێی حەمیدی و ڕەمەزانی دەڕوانێت:

«ببوورە بیرم نایەتەوە!»

«بۆ مەگەر تۆ بەڕێوەبەری ئەم کاولبووە نی؟»

«چی چی؟! من و بەڕێوەبەرایەتی؟! وا بزانم لێو تێک چووە...»

پرسگەوانەکە دێت: «کێشەیەک ڕووی داوە؟»

«پێئەچێ ئەم کاکەیە کاری بە تۆ بێ.»

پرسگەوانەکە لە نووکی پێتەوە تا تەوقەسەرت هەڵدەڕوانێت: «بفەرموون؟»

«من دوێنێ ئێوارە لێرە ژوورێکم بە کرێ گرت. ئێسا ئەمەوێ بچمەوە ژوورەکەم.»

«ئێوە؟»
«کەریمی. ژووری ژمارە هەشت.»

ژنەکەی حەمیدی هەڵدەداتێ: «ژمارە هەشت؟! خۆ ژووری ژمارە هەشت هیی ئێمەیە!»

لەو کاتەوەی هاتوویت هەست دەکەیت ژنەکەی حەمیدی چاو لە نیگات دەدزێتەوە. زەقزەق چاوی تێ دەبڕیت. شتێکی ئاشنا لەودا دەبینیت. نازانیت چییە؟ حەمیدی هەڵدەستێت. دەڵێت لە پێرێوە لەگەڵ ژن و منداڵەکەی لە ژووری ژمارە هەشتن. دەڵێیت: «ژنەکەم لەوێیە.» هەر کە وا دەڵێیت، ژنەکەی حەمیدی بە مێردەکەی دەڵێت کە دەیەوێت بۆ ژوورەکەیان بگەڕێتەوە. چەند هەنگاوێک دوور دەکەوێتەوە و لەچکەکەی دەناسیتەوە. بانگی دەکەیت. ژنە ناگەڕێتەوە. تەنانەت هەنگاوەکانی گورجتر دەکات. قاییمتر بانگی دەکەیت: «خانم.» حەمیدی بەلەسە دەبێت. بە ژنەکەی دەڵێت بگەڕێتەوە. لە بەرامبەرتدا سەرشۆڕانە دەوەستێت. دەڵێیت: «ئەو لەچکە، لەچکی ژنەکەی منە. لەچکەکەی کوبرایە.» ژنە سەیری حەمیدی دەکات: «کە پێرێ ژوورەکەمان گرت لەوێ بوو. ڕەنگە موسافیری پێشوو لێی جێ مابێ. ویستم بیدەم بە ئاغای...» بە سەر ئاماژە بە پرسگەوانەکە دەکات. دەچیتە پێشەوە: «ئەم لەچکە هیی کوبرایە. دڵنیام بەڵایەکتان بەسەرا هێناوە. ئێمە پێرێ لە هەمەدان بووین.» پرسگەوان دەڕوات و دەفتەرەکەی دەهێنێت. پێش ئەوەی حەمیدی و وان بێن، پیاوێک بە ناوی «کامەران بادپا» لەو ژوورە بووە. سێ ڕۆژیش لەوێ ماوەتە. بە بیستنی ئەم ناوە چاوت دەچێتە پشتی سەرت. دەڵێیت کەرەتێکی دیکە ناوەکە بخوێنەرەوە. کامەران بادپا. دەڵێیت: «خۆ ئەوە ناوی دکتۆرەکەی کوبرایە، ئەوەی دوێنێ سەرمان لێ دا.» لە دەڵقەدەرمانەکەدا ڕەچەتەکەی کوبرا دەردەهێنیت و مۆری دکتۆرەکەیان پیشان دەدەیت.

«جا ئێمە هەقمان بەسەر بەم ترۆتەشقەڵەیەوە چییە! هەرچەندە ئەو پیاوەشم چاک لە بیر ماوە. سەروچاوی لە هەمووشتێ ئەچوو بەس لە دکتۆر نەبێ. گەر بە هەڵەیا نەچووبم لە سنەوە هاتبوو. خۆ لەوانەشە ناویان وەک یەک بێ!»

«ناسنامەکان، خۆم دوێنێ ئێوارە ناسنامەکانم پێ دای. بەو ناونیشانەی خستیشنە ناو چەکمەجەی مێزەکەوە.»

«ناسنامەی چی؟! من ئەڵێم قەت چاوم بە چاوت نەکەوتووە!»

دەتەوێت بچیتە ئەودیو مێزی پرسگەکە، ناهێڵێت. پێداگری دەکەیت لەوەی ناسنامەکان لەوێدان. پرسگەوان بۆ ئەوەی بیانووت ببڕێت هەموو ناسنامەکانت پیشان دەدات. ناسنامەی تۆ و کوبرای هەر تێدا نییە. ڕووت بەرەو ژنەکەی حەمیدی وەردەگێڕیت. دەڵێیت: «بڕوانن خەریکی چ درۆ و دەسەلەیەکن. ئەی ئەم لەچکە چییە؟ لە کوێوە هاتووە؟ گەر کوبرا جێی نەهێشتبێت، گەر ئێمە لەوێ نەبووبین؟» حەمیدی مۆڕە لە ژنەکەی دەکات. ژنەکە دەڵێت دەیەوێت بچێتە ژوورەوە تا لەچکەکەی بگۆڕێت. کە لەچکەکە وەردەگریتەوە، دەتکەنە دەرەوە. سەرت گێژ دەخوات. ساتمە دەکەیت. لە ترسی ئەوەی نەوەکا بە لادا بێیت، پاڵ بە دیواری فرۆشگایەکەوە دەدەیت. نازانیت ڕوو لە کوێ بکەیت. کاتژمێرێک بە سەرلێشێواویی بە شەقامەکە دەسووڕێیتەوە. دەترسیت بچیتەوە بۆ میوانخانەکە. دەترسیت تەلەفۆن بۆ ماڵەوە بکەیت. دەگریت. لە باخچەیەکی نێزیک میوانخانەکە لەسەر کورسییەک ڕۆدەنیشیت. هەوڵت وەگەڕ دەخەیت بیر لە دوێنێ بکەیتەوە کە لەگەڵ کوبرادا بۆ نۆڕینگەی دکتۆر چوون. دەتەوێت خۆت قایل بکەیت بەوەی پێشتر هیچ ناسیاوییەک لە نێوان کوبرا و دکتۆرەکەدا نەبووە. بیرت دەکەوێتەوە پاش سڵاوکردن دکتۆرەکە دانیشت. بەدەم خۆتەوە دەڵێیت دەی باشە بۆچی دکتۆرەکە لە جێی خۆی هەڵستا. بێگومان پێشتر کوبرای ناسیوە. هەوڵ دەدەیت بیهێنیتەوە بیرت داخۆ دکتۆرەکە فەرمووی کورسییەکی لێ کرد یان خۆی دانیشت. بە چەپۆک بە سەرتدا دەکێیشت. بێجگە لەمە هیچی ترت بە بیردا نایەتەوە. هەر دەڵێی لە مێژە ئەم ڕووداوە قەوماوە. هەر ساتێک تێدەپەڕێت، ڕابردوو لە هزرتدا کاڵتر دەبێتەوە. برسیتە. سکت قوڕەی دێت. چاوت بەرایی نادات بەبێ کوبرا نان بخۆیت. پێت وایە قەت قەت بەم ڕادەیە تەنیا نەبوویت. بەردەوام ڕووخساری کوبرای دڵپاک و ساویلکەت لەبەرچاوە. شەپۆلێکی دڵتەنگی فرمێسک لە چاوت دەهێنێت. دڵتەنگییەکەت زیاتر هاوشێوەی دڵتەنگیی ئەو منداڵانەیە کە دایکیان لێ بزر بووە. سەردەمی سەربازییت بیر دەکەوێتەوە. ئەو دەمانەی لەسەر بورجەکە ئێشکگر دەبوویت. ئەو شەوە ساردانەی شیراز. تەنێ بیری دایکتت دەکرد. بە لاتەوە سەیر بوو کە بۆ چی ناتوانیت بیری باوکت بکەیت! ئەمێستا کوبرا بووەتە دایکت. دایکتت لێ ون بووە. گوێت لە دەنگییەتی بانگت دەکات. وەک ئەو ژنەی لە تێرمیناڵەکە ون ببوو و دەگریا و بە دەنگی بەرز بانگی مێردەکەی و منداڵەکانی دەکرد. ئەو ڕۆژەی کە لە شیرازەوە بەرەو هەمەدان بەڕێ کەوتبوویت. تازە گەیشتبوویتە تێرمیناڵی ئازادی. هەمان ڕۆژ بوو کە قینت لە تاران هەڵستا. لە جەنجاڵی و پانوپۆڕییەکەی. لەوەی مرۆڤ هەڵدەلووشێت. خۆت دەگەیەنیتە کابینەی تەلەفۆنەکە. ئەو کوڕە لاوەی کە لەوێیە بە بینینی تۆ لە جێگەکەی هەڵدەستێت. چاکوچۆنییت لێ دەکات. لەو ڕێزگرتنەی لێت دەگرێت سەرت دەسڕمێت! دەچیتە ناو کابینەکانیان. ژمارەی ماڵەوە لێ دەدەیت. براکەت هەڵیدەگرێت. هەست بە لەشسووکی دەکەیت. بووەتە گرێیەک لەسەر دڵت، دەتەوێت لە نووکەوە بۆی بگێڕێیتەوە. وا دیارە براکەت بە لایەوە سەیرە کە بەو کاتەی ڕۆژ تەلەفۆنت کردووە. تۆیش بەلاتەوە سەیرە کە براکەت بەو کاتەی ڕۆژ لە ماڵی ئێوەیە.

دەڵێیت: «کارێکی باشو کردووە کە چووی بۆ لای کوبرا، برا.»

«کارێکی باشم کردووە؟!»

«هەر ئێسا منیش ئەچم بۆ تێرمیناڵ، بلیت ئەبڕم و خێرا یەمەوە.»

«بۆ تۆ لە کوێی مەسعوود؟»

«تاران. دوێکە لەگەڵ کوبرایا هاتم. بە دایەم وتبوو. لەبەر نەخۆشییەکەی کوبرا.»

براکەت پێدەکەنێت: «ئەوە چی ئەڵێی برا؟ باشی شکور؟ خۆ کوبرا نەخۆش نییە. دەی گریمان نەخۆشیش بێ، ئاخر بۆ چی دەبێ تۆ بیبەی بۆ تاران، مەگەر خۆم لەشم داوەشاوە؟»

دیسان پێ دەکەنێت. تۆیش پێ دەکەنیت. پێکەنینی براکەت گوڕوتینت پێ دەدات.

«نەکا ئێسا لە تاران بی؟»

«دەی خۆ وتم کە دوێنێ...»

دەنگی پێکەنینی براکەت ناهێڵێت ڕستەکەت تەواو بکەیت.

«ئەکرێ لەگەڵ کوبرایا قسە کەم؟»

گوێت لێیە: «ئا کوبرا گیان وەرە... کاکەم ئیشی پێتە.»

لە بیستنی ناوی کوبرا لە دەمی براکەتەوە لەرز داتدەگرێت. کەیفت بەو ڕاوێژەی براکەت نایەت.

«ئەلوو... سڵاو کا مەسعوود... فەرموو، فەرمایشتێکو هەبوو؟»

«کوبرا... کوبرا گیان... چ کارێکی باشو کردووە کە تەلەفۆنو بۆ سەلمان کردووە بێ بۆ لاو... بریا تەلەفۆنیشو بۆ دایە بکردایە.»

«شتێ بووە کا مەسعوود؟!»

«لە میوانخانەکە لەچکەکەکەت بیر چووبوو. وەرمگرتەوە.»

«کام لەچکە؟! کام میوانخانەیە ئێژی؟!»

«ژنەکەی حەمیدی کردبوویە سەری.»

گوێت لێیە: «سەلمان... ئا تۆ وەرە. باقڵێکم کاکەت حاڵی باش نییە!»

بڕوا بەوە ناکەیت کە کوبرا براکەتی بە **سەلمان** بانگ کردبێت. تا ئەو جێیەی بیرت مابێت قەت نەبووە بە ناوی خۆیەوە بانگی کردبێت. دەترسیت شتێک لە ئارادا بێت. شەرم لە خۆت دەکەیت.

«ئەرێ برا ئێسا چی بووە؟! کوبرا ئەڵێ حاڵو باش نییە.»

نا، دەبێت شتێک بووبێت. ئەوەتا ئێستا ئەویش لە لای تۆ بە ناوی خۆیەوە بانگی دەکات. دەنگت دەلەرزێت: «ئەرێ سەلمان تۆ بۆ چی چووی بۆ ماڵی ئێمە؟»

«ماڵی ئێوە؟! شتێکت لێ هاتووە مەسعوود. من لە ماڵی خۆمم. کە تۆ تەلەفۆنت کرد لەتەک کوبرایا خەریکی خواردنی فراڤین بووین.»

سووکەهاوارێک دەکەیت: «لەتەک کوبرایا؟»

«ئەی لەتەک کێ؟! مەگەر کێشەیەکی هەیە؟ دەی ژنمە!»

گوێچکەت کاس دەبێت. نازانیت درووست بیستووتە یان نا؟ ئەم قسە و پەیڤانە لە براکەت بەدوورە. براکەت هیی ئەم جۆرە گاڵتانە نەبوو. نازانیت تووڕە بیت یاخود نا. بەڕاستی دڵنیا نییت درووست بیستووتە یان نا.

«لەگەڵ کوبرای ژنو؟»

«ئەرێ، لەگەڵ کوبرای ژنما.»

تەلەفۆنەکەی بەسەردا دادەخەیتەوە. دەچیت پارەی پەیوەندییەکە بدەیت. کە کوڕە لاوەکە دەتبینێت، دیسان لە جێی خۆی ڕادەبێت. هەر وەک هێمای ڕێز دەستی لەسەر سنگی دادەنێت. حەز دەکەیت پێی بڵێیت شایستەی ئەم هەموو ڕێزە نیت. دەتەوێ پێی بڵێیت لەبری ڕێز دەبێت تف لە ناوچاوانت بکات. هەر کە لەوێ دەچیتە دەرەوە، بۆت دەردەکەوێت دەڵقی دەرمانەکانت پێ نییە. دەستوبرد بەرەو کابینەکە دەگەڕێیتەوە. لەوێ نییە. بەرەو باخچەکە دەچیت. کورسییەکە دەدۆزیتەوە. دوو پیاوی هاوتەمەنی خۆت لەوێ دانیشتوون. دەپرسیت دەڵقێک دەرمانیان لەوێ نەبینیوە؟ دەڵێن نەیانبینیوە. یەکێکیان پێی وایە لە کۆنەوە تۆ دەناسێت. حاڵت خاس نییە. دەتەوێت بڵێیت ئیتر ئێستاکە خۆیشم خۆم ناناسمەوە.

دەڵێت: «ئێوە ئاغای کەریمی نین؟»

لە ترسان دەتەوێت هەڵبێیت. چاو دەبڕیتەوە پیاوەکە. نایناسیتەوە. هیچ شتێکی ئەوت لا ئاشنا نییە.

پیاوەکە دەڵێت: «هێشتاکە ژنەکەو نەدۆزیوەتەوە؟»

دەڵێیت: «بەڕێزتان چۆن من ئەناسن؟»

پیاوەکە سەری لە دەموچاوی هاوڕێکەی نێزیک دەخاتەوە. شتێک بە گوێچکەیدا دەچرپێنێت. هاوڕێکەی سەیرێکت دەکات و بە تەوسێکەوە پێدەکەنێت. بە ڕوانین لە چاو و لێوی دڵت تێکەڵ دێت. هەوڵ دەدەیت گوێت شل بکەیت. گوێت لێیە: «هەموویان لێی کۆ بووبوونەوە. زووڕەزووڕ ئەگریا و بە مستەکۆڵە ئەیماڵی بە سەروگوێلاکیا.» دەتەوێت هەڵستیت. پیاوەکە دەستت دەگرێت. ناهێڵێت. هەمدیسان دەپرسیت: «بەڕێزتان چۆن من ئەناسن؟»

دەڵێت: «پارو بیر یە، ئەها لە تێرمیناڵی **غەرب**، بە دوای ژنەکەتا ئەگەڕای، بەقاییمی بانگو ئەکرد، کورە ناوێ خۆشیشی هەبوو.»

لە دەمت دەردەچێت: «کوبرا.»

هەردووکیان وێکڕا بەدەم پێکەنینەوە دەڵێن: «کوبرا؟!»

سەرت دادەخەیت.

«نەتدۆزییەوە؟»

بە سەرسڕمانەوە دەڵێیت: «پار؟ من؟! ئەویش لە تێرمیناڵی **غەرب**؟ دیارە لێتان تێکچووە. من سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ژنەکەمم لێ ون بوو.»

پیاوەکە دڵنیایە کە تۆ بوویت: «بەو ناونیشانەی دەڵقێک دەواودەرمانو بەدەستەوە بوو و پەیتاپەیتا ئەتوت کە دەرمانەکانت بۆ ئەو کڕیوە. ئەگریای و ئەتکێشا بە سەروگوێلاکتا و نیشانەکانیو دەرئەبڕی؛ خاڵێکی ڕەش بە خوارەوەی لای چەپی قوڕگییەوەیە، کاتێ قسە ئەکا برۆی هەڵئەتەکێنێ، لەچێکیکیشو بەدەسەوە بوو، گەر زەینم خیانەتم لێ نەکا باقلێکم سەوز بوو.»

لەچکەکەی پیشان دەدەیت. هەردووکیان بە دیتنی لەچکەکە دیسان دەکریکێنن. ئەوی تریان دەڵێت: «ئێ دەڵقی دەواودەرمانەکانو کوانێ؟»

هەمدیسان پێکەوە پێدەکەنن. جموجۆڵیان هێندە هاوتەریبە کە گومان دەکەیت لەوەی دوو کەس بن. دەڵێیت دەڵقەدەرمانەکەت لە جێیەک بیر چووە. هەردووکیان هەڵدەستن. لەسەر کورسییەکە دەڕوانن. بە دەوری کورسییەکەدا فڕەیەک لێ دەدەن، دادەنەوێن و بە وردی ژێر کورسییەکە دەگەڕێن، یەکێکیان بەرەو لای ئەو تەنەکەخۆڵە دەچێت وا چەند مەترێک لەولاترە، سەری دەکاتە ناو تەنەکەکە، دەڵێت لەوێیش نییە.

«نەکا پار لە تێرمیناڵەکە بیرو چووبێ؟»

هەردووکیان پێدەکەنن.

«گەر لەوێ بیرو چووبێ، خۆ لەوانەیە ئێکسپایەریش بووبێ!»

هەردووکیان قاقا پێدەکەنن.

«ڕەچەتەی دەرمانەکانو پێ نییە؟»

دیسان پێدەکەنن.

دوور دەکەویتەوە. هەرچەندێک دووتر دەکەویتەوە شیرەی پێکەنیان بەرزتر دەبێتەوە. لەپی دەستت توند بە گوێتەوە دەنووسێنیت. بەرەو میوانخانەکە مل دەنێیت. دڵنیایت لەوەی کە بەهەڵە نەهاتوویت بۆ ناونیشانەکە. بەڵام میوانخانەیەک لە گۆڕێ نییە. ئەو باڵەخانەیەی بەرامبەری وەستاویت لە لات ئاشنایە. یەکەیەکی نیشتەجێبوونە. دەتەوێت زەنگی ماڵەکە لێ بدەیت. دەست بەرەو زەنگەکە درێژ دەکەیت. دڕدۆنگیت. دەستت لا دەبەیت. لە ماڵەکە دوور دەکەویتەوە. چەند هەنگاوێک دوور نەکەوتوویتەوە دەگەڕێیتەوە. زەنگ لێ دەدەیت. خاتوونێک دەرگاکە دەکاتەوە. سڵاو دەکەیت. دەپرسیت جاران ئێرە میوانخانە نەبووە؟ ژنەکە دەڵێت: «ساڵانێ لەمەوبەر.»

دەڵێیت: «چەن ساڵێ؟»

«ئاوا دە ساڵێ لەمەوبەر.»

بە سەرسڕمانەوە هاوار دەکەیت: «چی چی؟! دە ساڵ لەمەوبەر؟ شتی وا نابێ. خۆ من سەعاتێ لەمەوپێش لێرە بووم.»

ژنەکە ڕەنگی هەڵدەبڕزکێت. پیات هەڵدەڕوانێت. دەیەوێت دەرگاکە دابخات. لێت دەترسێت. وا دەزانێت شێتیت. قاچت وەبەر دەرگاکە دەخەیت. ناهێڵیت دەرگاکە دابخرێت.

«تکایە! دەرگاکە دامەخە.»

ژنە شڵەژاوەکە مێردەکەی بانگ دەکات: «شارام... شارام.»

شارام دێت. دەیناسیت. مۆڕە لە یەکتری دەکەن. پێت وایە ئەویش تۆی ناسیووەتەوە، بەڵام خۆی لێ دەخڵافێنێت. لێت تێک نەچووە. خۆیەتی؛ حەمیدییە. کەواتە بۆ چی ژنەکەیت نەناسییەوە. هێشتا ژنەکەی لە تەنیشتی ڕاوەستاوە. لێی دەڕوانیت. ئەستەمە، ناکرێت ئەمە ئەو بێت! دەڵێیت: «ئاغای حەمیدی؟»

«فەرمایش؟»
«من ناناسیتەوە؟»

«ئەشێ بتناسمەوە؟»

«کەریمیم.»
هەینێ دەیەوێت قاپییەکە دابخات، دەڵێت: «من کەریمی ناناسم.»

ناهێڵیت دەرگاکە دابخات. دەڵێیت: «خۆو لە گێلی مەدە، چاک چاک ئەمناسی. قابیلە چۆن بیرو نایەتەوە! ها، خۆ میوانخانەی چوارباخو بیر یە؟ هەمووی لە ژێر سەری تۆ و ئەو پرسگەوانە ناجسن و ئەو بەڕەێوبەرە خوانەناسەدایە. چیتان لە ژنەکەم کردووە؟ ئەبوو هەر لە سەرەتاوە بە پۆلیسم ڕاگەیاندایە.» دەچیتە پێشتر. بەرۆکی دەگریت. بە هەردوو دەستی پاڵت پێوە دەنێیت. لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا دەکەویت. هەڵدەستیت. شاڵاوی بۆ دەبەیت. دەرەقەتی نایەیت. تا کەسێک دێت لەیەکتان جوێ بکاتەوە بێوچان تێت هەڵدەدرێت. خوێنی دەم و لووتت دەپژێت. چەند قۆپچەیەکی کراسەکەت هەڵدەوەرێت. دەنەڕێنیت کە پۆلیس ئاگادار دەکەیتەوە. بە دەنگوهەرای تۆ دراوسێکان دێنە دەرەوە. یەکیان باوەش بە حەمیدیدا دەکات و بەرەو ماڵەوە دەیباتەوە، یەکێکیش تۆ لەسەر زەوییەکە هەڵدەستێنێتەوە. هەردووکیان دەناسیت. ئەوەی تەنیشت حەمیدی، بەڕێوەبەری میوانخانەکەیە و ئەوەی لە تەنیشت خۆت ڕاوەستاوە، پرسگەوانەکەیە. چەند کەسێکی تریش کۆ بوونەتەوە. پێت وایە ئەوانیش دەناسیت. ڕووخساری هەر یەکێکیان وەها پیر و تێکقوپاوە وەک بڵێیت

ساڵانێک لەمەوپێش بینیووتن. زۆربەیان دراوسێ و ناسیاوەکانی خۆتن لە هەمەدان. ڕوو لە هەر کامێکیان دەکەیت، خۆیت لێ نەبان دەکات. واقت دەوڕمێت لەوەی کە چۆن لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا بەو ڕادەیە پیر و داڕووخاون. ژنەکەی حەمیدی دەقیژێنێت: «پیاوچاکێ بێ ئەم شێتە لە ماڵی ئێمە دوور بخاتەوە.» پاشان ڕوو دەکاتە حەمیدی: «ئەرێ ئەم شێتوشوورە چۆن تۆ ئەناسێ؟» هەموویان بە تێڕوانین ئەمە لە حەمیدی دەپرسن. حەمیدی دەڵێت کە تۆ ناناسێت. بە ژنەکەی حەمیدی دەڵێیت مێردەکەی ژنێکی تری هەیە. ڕوو لە حەمیدی دەکەیت: «ئەوەی لە میوانخانەکەیا لەگەڵتا بوو. منالێکیشتان هەبوو.» ژنەکە خێسە لە حەمیدی دەکات. حەمیدی بۆ ژنەکەی ڕوون دەکاتەوە کە ڕەنگە تۆ مەبەستت ژنی یەکەمی بێت کە ساڵانێکی زۆرە لە یەکدی جیا بوونەتەوە. ژنەکەی دەڵێت: «ناپاکیی لە ژنی یەکەمی ئەکرد. دەسی ژنێکی تری تیا بوو.» حەمیدی بەسەریدا دەگوڕێنێت. ژنە لە تەریقیدا دەچێتەوە ماڵەوە. هەموان دەڕوانن. هەر یەکێکیان شتێک دەڵێت. یەکێک بەزەییی بەو حاڵەتدا دێتەوە. یەکێک دەڵێت پۆلیس ئاگادار بکەنەوە. لە نێو ئەو غەڵبەغەڵبەدا بۆت دەردەکەوێت کە لەچکەکەی کوبرات بەدەستەوە نەماوە. بە ناو خەڵکەکەدا دەچەمێیتەوە. لە بن پێی چەند کەسێکدا دەیبینیتەوە. چڵکن و قوڕاویی بووە. هەڵیدەگریتەوە. ئاپۆڕاکە جێ دەهێڵێت. سەروگوێلاک و جلوبەرگت خوێناوییە. بە لەچکەکە دەموچاوت دەسڕیت. نزیکی هەرکەسێک دەبیتەوە، لە ترسان خۆی لا دەدات. قەڵافەتی هەموویانت لا ئاشنایە. وا هەست دەکەیت کە هەموو شارەکە دەزانن کوبرا لە کوێیە. ماڵ و شەقامەکانت لا ئاشنایە. لێیان دەترسێیت. چرپە و سرتە دەبیستیت. وا دەزانیت هەمووان لەبارەی تۆوە دەدوێن. بەرەو کابینەی تەلەفۆنەکە دەچیت. کوڕە لاوەکە بە دیتنت ڕەنگ بە ڕوویەوە نامێنێت. بێئەوەی لەل بکەیت، بەرەو تەلەفۆنەکە دەڕۆیت. هەر کە بیستۆکەکە هەڵدەگریت دەنگێک دەڵێت: «ئەلوو.» لە ترسان تەلەفۆنەکە دادەخەیتەوە. کاتێک دووپاتە بیستۆکەکە هەڵدەگریتەوە، دیسان هەمان دەنگ دەڵێت: «ئەلوو.» دەنگی خۆیەتی؛ کوبرایە. بە زەبوونییەوە دەڵێیت: «کوبرا... کوبرا گیان... های لە کوێ؟»

هۆنهۆن دەگریت.

«بەڕێزتان کێن؟»

«ئەرێ ئیدی نامناسیتەوە؟ گەوجە! کوڕە مەسعوودم مەسعوود.»

دیسان دەگریت. ئەم جارەیان بە شینوشەپۆڕ.

«کام مەسعوودەی؟»

«کام مەسعوودەم؟ دە توخوا ئیتر دەس پێ مەکەرەوە... مەگەر چەند مەسعوود ئەناسی؟ ... من مەسعوودم، مەسعوودی مێردو.»

«مەسعوودی مێردم...؟! تکایە لە کاتم مەگرن.»

«کاتگرتن؟ کوبرا بەڕاس نامناسیتەوە؟»

«نا! بۆ چی ئەشێ بوناسمەوە؟»

«مەگەر تۆ کوبرا محەمەدی نی؟»

«ئێ؟»

«مەگەر مەسعوود کەریمی مێردو نییە؟»

«ئێ؟»

«ئێ ئیدی خۆمم کوبرا گیان... من مەسعوودم... مەسعوودەکەی خۆو.»

«ئاخر مێردەکەم ئا ئێسەکانێ لە تەکما دانیشتووە.»

«مێردەکەو؟ لە تەکتا دانیشتووە؟ ئەرێ کوبرا ئاگات لە خۆتە چی ئێژی؟ شێت بووی یان ئەتەوێ منیش شێت کەی؟»

گوێت لێیە: «مەسعوود... مەسعوود... دا بێ.»

دەنگێک لە تەلەفۆنەکەوە دەڵێت: «ئەلوو؟»

دەنگەکە دەناسیتەوە. ساڵانێک بەو دەنگەوە ژیاویت. قسەت پێ کردووە. دەنگەکە دەنگی تۆیە. دەنگی خودی خۆتە. تۆ تەلەفۆنەکەت بەدەستەوەیە. تۆ لەوێیت، لە ماڵەکەی خۆت، لە هەمەدان، لە تەنیشت کوبرادایت.

دەڵێیت: «من مەسعوود کەریمیم. بەڕێزتان؟»

دەڵێت: «من مەسعوود کەریمیم. بەڕێزتان؟»

دەڵێیت: «کەی گەڕایتەوە هەمەدان؟»

دەڵێت: «هەر لە هەمەدانم. دوو پێم لەم شارە نەچۆتە دەرێ!»

«بۆ مەگەر کوبرا نەخۆش نییە؟»

«چی چی؟ کوبرا؟! تۆ کێی وا ژنەکەم بە ناوی خۆیەوە بانگ ئەکەی؟»

«گرنگ نییە. کوبرا باشە؟»

«ئەڵێم تۆ کێی ها؟»

«لەوانەیە دۆستێک.»

تا چەند چرکەیەک کەستان ورتەتان لێوە نایەت. هەوڵ دەدەیت هەناسەت لەگەڵ هەناسەکانیدا ڕێک بخەیت.

دەڵێیت: «حاڵی باشە؟»

دەڵێت: «حاڵی کێ؟»

«خێزانەکەو.»
«حاڵی خێزانەکەم پەیوەندیی بە خۆمەوە هەیە!»

«ئەی نەخۆشینەکەی چۆنە؟ دەواودەرمانەکانو بۆ پەیا کردووە؟»

«دەواودەرمانی چی؟ قوربانی خوا بم تۆزقاڵێ عەیبی نییە.»

هەست بەوە دەکەیت کە دەنگی لە دەنگی ئێستای تۆ گەنجترە. بیستنی دەنگی خۆت هێورت دەکاتەوە. هەستێکی خۆشت هەیە کە لە لای کوبرایە، کە لە لای کوبرایت.
دەڵێت: «ببوورن، تەمەنتان چەنە؟»

«نەتوت کێی؟»

«وتم خۆ. دۆستێک. بریا ئەمزانی چەن ساڵتە؟»

«وای دابنێ سیودوو.»

هەناسەکی قووڵ هەڵدەمژیت. بڕوا ناکەیت. چاوت پڕئەسرین دەبێت. نازانیت هۆیەکەی دڵخۆشییە یان بێتاقەتییە. کە وا بێت لە ئێستات گەنجتریت. شەش ساڵ گەنجتر. کوبرا هێشتا نەخۆش نەکەوتووە. هێشتا ئێوە بۆ تاران نەهاتوون. هێشتا پێکەوەن. دەترسیت بەسەرهاتەکە بۆ ئەو، بۆ خۆت، بگێڕیتەوە. لەوە دەترسیت پێیان ڕابگەیەنیت. دەتەوێت شتێک بڵێیت. هیچت بە مێشکدا نایەت. دەنگت دەرنایەت. ناو دەمت بووە بە پەڵاس. وا ئیدی دەنگی هەناسەکانی ئەویش نایەت. دەنگی هەناسەکانی خۆت، ئەوەی لە تەنیشتی کوبرایە. دەڵێیت: «ئەلوو؟» کەس بەرسڤ ناداتەوە. زیکەزیک سەرت دەتەنێت. ناو سەرت دەفیقێنێت. بیستۆکەکە دادەنێیتەوە و لە کابینەکە دێیتە دەرێ. ئەو چەند کەسەی لەوێن سەریان ڕووەو تۆ وەردەچەرخێنن. چاویان زەق بووەتەوە و لەسەر لێویان پێکەنینێکی گوماناویی خۆی مەڵاس داوە. کوڕەلاوەکە بە بینینی تۆ لە هاڕەی کەنین دەدات. بە پێکەنینەکەی ئەو، ئەوانی دییش پێدەکەنن. بەرەو لای دەچیت. تەقەتەقێک دەبیستیت. تەقەتەقەکە لەگەڵ هەنگاوەکانتدا هاوکاتە. ئاوڕێک دەدەیتەوە. جگە لە تۆ کەسی تر لەوێوە ناڕوات. تا دەگەیتە لای مێزەکە چەندجارێک ڕەت دەبەیتەوە. نازانیت بۆچی ناتوانیت لە ڕۆیشتندا هاوسەنگیی خۆت بپارێزیت. سەرت دادەخەیت. چاوت دەکەوێتە سەر پێڵاوەکەت. چاوت دەترووکێنیت. بە دەستت هەڵیدەگلۆفیت. ئەستەمە

ئەستەم! پێڵاوی بنکبەرزی ژنانەت لەپێدایە. گورج سەرت هەڵدەهێنیت تا کەس هەستی پێ نەکات. پارەکە لەسەر مێزەکە دادەنێیت. هێدی-هێدی بەرەو دەرگای کابینەکە هەنگاو دەنێیت. ساتی چوونەدەرەوە وێنەی خۆت لە شووشەکەدا دەبینیت؛ سیسەڵە، شپرزە، چڵکن، قژێکی درێژ و ئاڵۆسکاو کە لە ژێر لەچکەکەتەوە هاتووەتە دەرەوە و تا لای ملت گەیشتووە. پێت دەنێیتە سەر شۆستەکە. چۆڵوهۆڵە. کپە. هیچ دەنگێک نایەت؛ جگە لە تەقەتەقی پێڵاوەکانی تۆ کە وەک باوێشکێک هەواکە شەق دەکات.

**ژێدەر:** مردی کە تقریبا مرد بود / سە داستان / زاهد بارخدا

**تێبینیی وەرگێڕ:** پاش وتووێژ و ڕاوێژ لەگەڵ نووسەر، ناوی چیرۆکەکە لە کوردیدا گۆڕدرا.

# من لە مەریوان ون بووم!

## دیمانەی گۆڤاری ئیلیان لەگەڵ ڕۆماننووس و چیرۆکنووس:

## زاهید بارخودا

### دیمانەوان: سوورێن ئیبراهیم - ژیار هۆمەر

**#تایبەت بە ئیلیان**

**ئیلیان:** زاهید بارخودا کێیە؟

**زاهید بارخودا:** من بە خوێندنەوە و نووسین دوای وەڵامی ئەم پرسیارە کەوتووم. کاتێک چیرۆکێک دەنووسم، سەرپۆش لەسەر بەشێکی شاراوەی دەروونم لا دەدەم، تا لەوەی کە هەم نزیک ببمەوە. بەڵام گەر ئامانجی ئەم پرسیارە ناساندنی خۆم و بەروار و شوێنی لەدایکبوونم بێ، وەڵامەکەی نەختێک سادەیە، تەمەنم چەند مانگێک لە سیوپێنج ساڵ ترازاوە. لە مەریوان لەدایک بووم و هەر لە مەریوانیش ون بووم.

**ئیلیان:** ئێوە لە چ ساڵێکەوە دەستتان داوەتە نووسین؟ بۆچی بە زمانی فارسی دەنووسن؟ تەنێ بە فارسی دەنووسن؟ تا ئێستاکە هیچتان بە کوردی نووسیوە، یان هەوڵتان داوە بە کوردی بنووسن؟

**زاهید بارخودا:** لەم پرسیارە تێناگەم. گوایە نووسەر لە چ ساڵێکەوە دەست دەداتە نووسین. کاتێک سەیری ڕابردوو دەکەم، دەبینم هەمیشە خجڵی نووسین بووم؛ بەڵام هەر قۆناغەو بە شێوازێکی تایبەت. بە منداڵی، کاتێک هێشتا وشەم نەدەناسی، شێوازی دەربڕینی چیرۆک و زایەڵەی دەروونم لە ڕێی وێنەکێشانەوە بوو. وێنەم دەکێشا. سا هەوڵەکانی منداڵییم بووە هۆی ئەوەی لە تافی لاوییدا بکەومە سەر دووڕیانی وێنەکێشان و وێژە، وشە بەهێزتر بوو. وێنەکێشانم وەک ئەڤینە کۆنەکەم واز لێ هێنا. هانام بۆ هۆنراوە برد. بڕاوتیگان واتەنی چەند ساڵێک هۆنراوەم هۆنییەوە تا فێر بم چۆنچۆنی ڕستە بنووسم. دەمزانی چارەنووسم گرێدراوی نووسینە. هەستم دەکرد گەرەکە دەنگی ئەوانەی وا لە ناو سەرمدا دەمبیستن، دەربڕم. ئەو کەسانەی وا من نەبوون، یا تەنێ من نەبوون. لە ڕۆمانێکمدا بە ناوی 'ت' بە شوێنهەڵگرتنی دوو ئەڤیندارەکەی پێشووم، «وێنەکێشان» و «هۆنراوە»، خۆم بە وشە سپارد و هەوڵم دا بە وشە وێنە دابهێنم، هەوڵم دەدا ئەو بەڵایەی 'فرانسیس بیکۆن' لە وێنەکێشاندا بەسەر فیگۆری مرۆڤیدا هێنا، من بەسەر کەسێتیی چیرۆکەکدا بهێنم. ئەوەی بۆچی بە فارسی دەنووسم، تەنانەت ئازاری خۆیشم دەدات، پێم وایە هەر وەڵامێک بدەمەوە کلێشەییە، بەڵام دەبێ بڵێم بە کوردییش دەنووسم.

**ئیلیان:** وێژە لای ئێوە چی دەگەیەنێت؟ دەتوانن بە کورتی پێناسەیەکی وێژەمان بۆ بکەن؟

**زاهید بارخودا:** وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەشێ تا ڕادەیەک ترسناک یان ڕەنگە دەبەنگانە بێت. هیچ وەڵامێکیش تەواو نییە و ناتوانێ کرۆکی پرسەکە بپێکێ. بەڵام لە وەڵامدا دەتوانم بێژم ڕامان لە مرۆڤ و ژیانی مرۆیی و مژارەکانی وەک گشتێک و پەیوەندی و کێشمەکێشی ئەم گشتە لەگەڵ بوون و مێژوو، جارجارە وەک گۆڤانییەک دەنوێنێ، گەواهیی دەدات کە چی بەسەر مرۆڤدا هاتووە؛ هەروا بێتەوە نیشانی بدات کە جیهانە ناوەکییەکەی ڕێک هێندەی جیهانە دەرکییەکەی پانوپۆڕ و ڕیشاژۆ و کارەساتبارە.

**ئیلیان:** هەستتان چۆنە سەبارەت بە وەرگێڕانی چیرۆکەکانت بۆ کوردی و زمانی دایکییت؟

**زاهید بارخودا:** هەر هەستێکم هەبێ، پڕە لە سوێ. بەوەی وەرگێڕانی نووسراوەکانم بە زمانێک دەبینم کە زمانی ڕوانینی منە. بەوەی گەر خۆم ئەوانەم بە کوردی بنووسیایە کوێی چیرۆکەکان یان بگرە کەسێتییەکان دەگۆڕدران یان دەسڕانەوە. بەوەی بۆ من بەردەوام زمان یەکێکە لە کەسێتییەکانی هەر چیرۆکێکم. لە وەرگێڕاندا، بەشێکی هەوڵەکانم لە پانتایی زماندا دەفەوتێن. دەبێ ئاماژە بەوەیش بکەم لە هەر پەڕتووکێکمدا هەڵسوکەوتێکی تایبەتم لەگەڵ زمانی ئەو بەرهەمە کردووە. ڕەنگە شتێ خاس نەبێ من بە هۆی وەرگێڕانی ئەم چیرۆکانەوە بە خوێنەرانی زمانی دایکییم بناسرێم. زۆربەی ئەم چیرۆکانە لە کتێبی «مرگ‌ارضایی»ـەوە وەرگیراون. حەزم دەکرد خوێنەران بە هەڵسوکەوتم لەمەڕ زمان لە هەردوو ڕۆمانی «ت» و «ئەو»ـیش ئاشنا بوونایە.

**ئیلیان:** شاکەسی نێو چیرۆکی 'بەڵێننامە' وەک کاراکتەرێکی کافکاییە و پەڕیوەتە نێو ئەم چیرۆکە. فەرمانگەیەک، کۆمەڵێک فەرمانبەری مۆن و قسەتاڵ، بێناسنامە. هێڵێکی نەپچڕاو لە کۆمیدیای ڕەش. بێچارەیی و ڕاکەڕاک بۆ پێنووس و تەواوکردنی مامەڵە، تووڕەبوون و ڕووترشی. دەکرێت ئەو فەرمانگەیە نوێنەری دنیای تازە بێت؟ دنیای ڕاکەڕاک. هەر ڕادەکەین و بە هیچ ناگەین، تەواو نابێت، هەمیشە دەڵێین: "بەیانی! بڕۆن بەیانی وەرنە؟"

**زاهید بارخودا:** هەستکردن بە تەنیایی و لێکدابڕان و دڵەڕاوکێ تایبەتمەندیی ژیای مۆدێرنە. وەک بێژی هەموومان پەڕاوەکەی خۆمان لە بنهەنگڵ ناوە و لە دنیای ڕۆبۆتی و ساردوسڕدا پەیجووری وەرگرتنی مافی چوونەژوورەوەی ئەو شتەین وا ناویان ناوە ژیان. بێئاگا لەوەی هەر ئەو کۆشش و دڵەڕاوکێیە نەبڕاوەیە ژیانی ئێمەیە وا خەریکە تێدەپەڕێت. دەتوانین ئەمە بە ترس لە سیستەمە تۆتالیتارییەکان لەقەڵەم بدەین؛ کە بە فەرمی تاکایەتیی تاک ناناسێ و هەوڵ دەدات ڕابردووشی پاکۆ بدات. تا ئەو جێیەی تاک لای ئەم سیستەمانە دوژمنێکی بزێوە، ڕێ بە خۆیان دەدەن بۆ هەمیشە بە ئەوی تری گەورە بیترسێنن. تا تاکایەتیی خۆی بیر بچێتەوە.

**ئیلیان:** هێماسازییەکی سەیر لە شاکەسی چیرۆکی 'ئەو پیاوەی ژنەکەی لێ ون بوو'دا هەیە، خەون، وڕێنە، تێکەڵبوونی کات، گرێی ئۆدیپ و براکوژی، لە کۆتاییشدا 'کەریمی' دەبینین خۆی لێ دەبێتە ژنەکەی، بە جووتێک پێڵاوی پاژنەبەرزەوە. لەچکی ژنەکەی، ئەم هەموو گرنگییدانە بە کەرەستەکانی ژنەکەی فێتیشیزمە یان خۆلێونبوون و تەنیاکەوتنی مرۆڤی نوێ؟

**زاهید بارخودا:** دەکرێ کەریمی و کراسگۆڕکێی بۆ 'ژن'، کە «پرس»ـی ئەوە، هێمای هەرۆژانی ئەو مرۆڤە بێ

وا لە پێچوپلووچە زەینییەکانی خۆیدا دەستەویەخە بووە، هەروەتر ناچارە ڕووبەڕووی پێچەڵپێچەکانی کۆمەڵگەیش بێتەوە و شان بداتە بەر بەرخۆدانێک، کە دەزانێ هەرچۆن بێ، هەر دەدۆڕێ.

**ئیلیان:** هەبوونی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەمیشە هەبوونێکی نامۆ و تەپەسەر و دەرپەڕێندراو بووە، وەک زیخی ناو پێڵاو یان پاژنەی ئەخیلی گەلە سەردەستەکانی ناوچەکە چاوی لێ کراوە. درووست وەک کەریمیی نێو چیرۆکەکەی ئێوە، هەر وەک کەریمیی هەموو ئەو شانەی ئەم ماخۆیانە لە دەستیان ڕاپسکاندووە و هەڵیانفریواندووە. گەرەکمە بێژم: "ڕای ئێوە چییە لەمەڕ وێناکردنی کۆدەردی ئەم هەبوونە لە لە سۆنگەی سوێ تاکەکەسییەکانەوە، کە وەک ڕابردووی نەتەوەی جوو و نووسەرە جووەکان ئەمیش لەبن هەرۆژان و دارمانی کەسێتییدایە؟"

**زاهید بارخودا:** هەرچەندە پێم وایە لە پرسیارەکەتان تێنەگەشتووم، بەڵام کەسێتیی هەر چیرۆکێک بە ڕەچاوکردنی ئەو بەستێنەی تیایەتی و ئەو مژارەی دەرگیرێتی، نوێنەر و تەنانەت وێنای مژارێکی قووڵتر دەکات، کە بەشێک یان کەمینەیەک دووچاریەتی. شاکەسی چیرۆکی 'بەڵێننامە' تاکێکە و لە کۆمەڵی گەورەتردا ناپەرژێنرێ. شاکەسی 'ئەو پیاوەی ژنەکەی لێ ون بوو' کۆمەڵ شێتی دەکات، چونکە ناتوانێ پێملی ئەو بەڵایە بێت وا کۆمەڵ بەسەریدا هێناوە و بە شووناسگۆڕکێ دۆڕانەکەی دەپەژرێنێ. هەروەها چیرۆکەکانی 'تۆیش لەوێ ڕاوەستابوویت' و 'ئەوسەری کۆڵانی دووەم'، بە جۆرێک لە جۆرەکان بە مژاری مەرگەوە سەرقاڵن. وەک بێژێ کەسێتیی ئەم دوو چیرۆکە پەیجووری مەرگن؛ مرۆڤێک، کە ناتوانێ بێ ئامادەیی و گەواهییدەرێ بۆ مەرگەکەی بمرێ، ئەوی تر وەک بێژی تەنیا بە شوێنگۆڕکێ مەرگی دەپەژرێنن. ئامادەییی ئەوی دی گەورە، دانپێدانەنانی کۆمەڵ، ناچارکردنی تاک بۆ شووناسگۆڕکێ. نەبینین، تاک لە هەریەک لەم چیرۆکانەدا دەڵێی بووە بە شت. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی نووسەری ئەم چیرۆکانە کوردزمانە و بە زمانێکی جیاواز لە زمانی دایکیی نووسیوونی، ئەوا دەرچەیەکی تر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم چیرۆکانە دەکاتەوە و تێگەیشتنی خوێنەر بۆ مژاری کەسێتیی هەر چیرۆکێک دەگۆڕێ.

**ئیلیان:** گرنگیدان بە جەستە لە چیرۆکی ئێوەدا زۆر بەرچاوە، جەستەی تاک، زۆر جاران پاڵەوانەکانتان تووشی کێشەیەکی جەستەیی دەبنەوە و دەروونیشی داگیر دەکەن. ئەمە لە چیرۆکی 'ئەوسەری کۆڵانی دووەم و کۆست'دا زۆر بەرجەستەن و بەزۆری پەرژاونەتە سەری، ویستووتانە چی بڵێن؟

**زاهید بارخودا:** پێم خۆشە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاماژە بە ڕستەیەکی 'فرانسیس بیکۆن'ـی وێنەکێش بکەم: "بەزەییتان بە جەستەدا بێتەوە"، هەرچی بەسەر مرۆڤدا بێت لە سنووری جەستەی ویدا ڕوو دەدات، یان واژووی خۆی لەسەر ئەم جەستەیە خاڵکوت دەکات. هەر ئەم جەستەیە دەتوانێ چەپەرێک بێ بۆ خۆپاراستن لە دنیای دەروون. بۆ من نەخۆشییە جەستەییەکان هێما و نیشانەی سوێ دەروونییەکانن. وەک مارکس ڕاستییەکەی گوتووە، دەتوانین ئەم سوێ جەستەییانە وەک ژاربڕێک بۆ ئازارە دەروونییەکان بزانین. دەتوانین لە چیرۆکی 'کۆست'دا ئەو شتەی شاکەسی چیرۆکەکە هەڵیدێنێتەوە بە هێمای ژانە دەروونییەکان بزانین. جەستە بەو ڕاتەکانەی لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا دەیداتە خۆی، دێتە دەرێ. وەک

بڵێی دەیەوێ بە شاکەسی چیرۆکەکە بێژێ ئاگای لە ڕەنجی ئەوە. ئا لێرەدایە مرۆڤ ڕسوا دەبێ... ئاخر تێ

دەگات تەنانەت ئازارەکەیشی ئاگای لەو شتەیە وا بەسەری هاتووە و دێ.

# گازندەی خەنجەرەکەم

## جەلادەت عالی بەدرخان

## لە کورمانجییەوە: ژیار هۆمەر



***بۆ مامۆستای هێژا و خۆشەویستم تۆفیق وەهبی بەگ***

هەر لە زووەوە لێم نەڕوانیبوو. لەسەر پەڕتووکدانەکەم، لە قوژبنێکی ئەنگوستەچاو و تۆزنیشتوو، لەسەر لا و بە خواری هەڵواسرابوو. سا کێ دەزانێ لە کەنگێوە بە دەستمەوە نەگرتووە. جاڵجاڵۆکەکانی ژوورەکەم تەونیان لەسەر ڕستووە. لە سەرەوە لێی دەڕوانن، جاروبار دادەکشێن، بەسەر دەسکەکەیدا دەکشێن، شوێنپێی خۆیان جێ دەهێڵن و بەرەو هێلانەکەیان هەڵدەکشێن. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پێنووسەکەم کول ببوو. دەبوو تیژی بکەمەوە. بۆ چەقۆکەم گەڕام، کەچی نەمدۆزییەوە. چاوم بە چواردەوری خۆمدا گێڕا و لە شتێک دەگەڕام پێنووسەکەمی پێ تیژ بکەمەوە. چاوم بە خەنجەرەکە کەوت. ڕابووم بەرەو لای چووم. کاتێک دەستم بۆ درێژ کرد، جاڵجاڵۆکەکان هەستیان بە من، بە شتێکی نامۆ، کرد. لاقە قرژاڵییەکانیان بەسەر سەری خۆیاندا هەڵگەڕاندەوە و هەر یەکێکیان بە لایەکدا بازی دا.

خەنجەرە ژەنگاوییەکەم بە ئاستەم و کیڕەیەکی ناخۆش لە کێلانەکەی دەردەهات؛ خڕوهوڕ و کیڕەکیڕی لێ دەهات. ژەنگی هەڵهێنابوو. بۆیە کاغەزێکم تێ هەڵپێچا و ڕامتەکاند، تۆزێکی زەرد و کۆنی لێ دەوەری و هەڵدەفڕی. پێنووسەکەمم خستە بەر دەمەکەی. نە دەیگەست نەیش دەیبڕی. لە نێو دەستمدا عاسی ببوو. دڵی نەدەهات ئاوهایی بەم شێوازە خزمەتم بکات. خەنجەرەکەمم لە بەردەممدا دانا و لێم نواڕی.

نیوەی ژەنگەکەی هەڵوەری. سوورێکی کاڵ دەچووەوە. پەیتاپەیتا ڕەنگەکەی گۆڕا و یەکجاری سوور هەڵگەڕا، سوورێکی خوێنیین. ئەوساکە بۆم دەرکەوت خەنجەرەکەم لێم زیزە. دەیەوێ گازندەم بەسەردا هەڵبڕێژێت. دیسان هەڵمگرت و پێم گوت:

- خەنجەری وەشڵانێ[1]، ئەوە خێرە، خۆ ناشێ لێم زیز بووبی؟ مەگەر چیم لێ کردووی تا لێم بتۆرێی؟

زمانی خەنجەرەکەم هاتە گۆ، بەرسڤی دامەوە و بە دەنگە پۆڵایینەکەی، بەڵام دڵڕەق و زیز، گوتی:

- ئەیچۆن! لێت زیزم، جا چۆن لێت زیز نەبم. منت فڕێ داوەتە ناو پەڕتووک و کاغەز، منت کردووەتە هۆگر و هاوڕێی پاشماوەی تەڵاشەدار و پووشوپەڵاش و هاوسەری جاو و پارچەجلی پۆتکاوی زبڵدان. نە لێم دەپرسی، نە لێم دەڕوانی. تا ئەمێستا دەنگم نەدەکرد، خۆمم لە دنیای نەبووان دادەنا. بەڵام ئیدی نەمتوانی خۆم ڕابگرم. بەڵێ! ئیتر بە بەرمەوە نەماوە، لەبەر ئەوەی تۆ دەتەوێ بمخەیتە شوێنی ئاسنی زۆڵینگن[2] و قەڵەمەکەت بە من تیژ بکەیتەوە، لاپەڕەی کتێبەکانت بکەیتەوە. تۆ دەتەوێ باری کەر لە پشتی شێر بنێیت. خۆ من پۆڵای ڕەسەن، ئاسنی دەبانم، پێشینانی تۆ منیان بە پەراسووی پیاوان و پیاوچاکان و پاڵەوانان‌دا دەچەقاند و منیان بە گۆشت و دڵ و جەرگ بەخێو دەکرد، چییە تۆ دەتەوێ بە چیلکە و تەڵاشەدار بەخێوم بکەیت و شێو و بەرچاییم وەک کەر لە کا و جۆ بێت. نا! نا! کورە چش با برسی بم بەڵام ئەو پووشوپەڵاشە وشکە بە دەممدا مەکە. خۆ چوارپێی گیاخۆر نیم، من شێری گۆشتخۆرم.

بەڵێ! من خەنجەری دەبان[3] و پۆڵای نەڕزیوم. تۆ فڕێم دەدەیتە ناو کاغەزی ڕەش و بەڵەک، نە ئەوان پێم دەزانن، نە منیش پێیان دەزانم.

ئا ئا، خۆ دەزانم ئیرۆ ڕەدووی نووسین کەوتوویت، ڕەدووی لێکۆڵینەوەی کوردمانجی کەوتوویت. لە کازیوەی بەیانەوە تا زەردەپەڕی ئێوارە، جارجار تا نیوەشەو و جارجاریش تا بەر لە مەلابانگدان بە پرسیارێک یان نیوەپرسیارێکەوە خجڵ دەبی. داخۆ مێیە داخۆ نێرە، داخۆ ناوە، داخۆ ڕاناوە یان ئامراز و ئامرازی پەیوەندییە. یان ڕەچەڵەکەکەی کوردییە یان لە زمانێکی ترەوە وەرگیراوە و دواتر کوردێندراوە. خەریکی قژ و پرچ و سمێڵی خۆتی لەگەڵ سپی دەکەیت. لە ساڵێکدا ١٠ ساڵ دەژییت، لە پاییزی

[1] وەشڵانێ [هۆرامییە]: ژیکەڵە. خنجیلانە. نەشمیلانە. - وەرگێڕ.
[2] زۆڵینگن (Solingen): ناوی شارێکی ئەڵمانیایە و بە ئاسنی پۆڵایین بەناوبانگە. لە هەردوو شەڕی جیهانیدا، تفەنگ و کاسێکتی سەرباز و چەقۆ و گەلێک کەرەستەی سەربازی لەو ئاسنە پۆڵایینە چێ کراوە. هەروەها زۆڵینگن ناوی براندێکی جیهانییە کە بە دوێرد (مقەست) و چەقۆ بەناوبانگە - وەرگێڕ.
[3] خەنجەری دەبان: مۆرکی نەتەوەی کوردە، مێژووی دروستکردنی لە کوردستان بۆ ساڵانی ١٨٥٠ـکان دەگەڕێتەوە. دەبان واتا ئاودز، لە کوردەواریدا گەر برینێک زوو چاک نابێتەوە پێی دەڵێن ئاودزی کردووە، بۆیە برینی خەنجەری دەبانیش بەئاستەم چاک دەبێتەوە. دەبان لە ئاسنی ساغ درووست دەکرێ، دەسکەکەی لە شاخی ئاژەڵی کێوییە و چەرمی کێلانەکەی لە پێستی مارە. دەبان وەک هێمای نەتەوەی کورد دەناسرێ، زۆر سەرکردەی کورد وەک هێما دایانناوە، بۆ وێنە: شێخ مەحموودی نەمر، ساڵی ١٩٢٠ز وەک هێمایەک لەسەر دراوەکەی دایناوە. - وەرگێڕ.

تەمەنتدایت و لە بەهاردا بەفری زستان دەتەکێنیت. لێ بەڵێ دڵخۆشیت و لە دڵی خۆتدا دەبێژی من نەتەوەکەم بە خوێندن و نووسین، بەو کوردمانجییە، دەژێنمەوە. سا نەتەوەکەم دەبێتە خاوەنی پەڕتووک و خاوەنی زانین و ئاوها بە مرازی خۆی دەگات، سەربەخۆ دەبێت و خۆشی دەچێژێت، کامەران دەبێت. چیدی بێگانە ناتوانن بڵێن کوردەکان زمانیان نییە. زمانیان تەنێ زمانی ئاخافتن و دانوستاندنە. سا دێن و دەڵێن کوردیش وەک خەڵک، خاوەنی زمان و کتێبن و زمانی کوردی زمانێکی هێژا و تەکووز[1] و دەوڵەمەندە. کورد نەتەوەیەکی کۆنن و داهاتووی مادەکانن. ئەرێ، تۆ شوێنپێی ئەحمەدی خانی هەڵدەگری، دەتەوێ ئەو خەونەی ئەحمەدی خانی بۆی بەدی نەهات، تۆ بەدی بهێنیت.

ئەو دەیگوت:

بێگانە نەڵێن کە کورد نەزانن

بێ نووسەر و هۆنەر و زمانن[2]

تۆ دەتەوێ بگوترێت:

بێگانە گشتیان دەڵێن کە کورد زانان

خاوەن نووسەر و هۆنەر و زمانن

هەر لەبەر ئەوەیە منت پشتگوێ خستووە، منت لە چاو و دڵ دوور خستووەتەوە، منت کردووەتە زرتخانەی[3] جاڵجاڵۆکەکان، ئەو قالوونچە بێ چەرم و گۆشتانەی گشت ڕۆژێک بەسەرمدا بازبازێنیانە و دەیانەوێ لە بن تەون و شوێنەواریاندا بمشارنەوە و دامبپۆشن.

بەڵام بەتەما مەبە، نە زمان، نە خوێندن، نە نووسینەکانت بەبێ من سەر ناگرێت، ئاوەزت بهێنەرەوە سەر خۆت، بزانە تا ئێستاکە چۆن تۆ و نەتەوەکەت ماونەتەوە، چۆن زمانی خۆتانتان ون نەکردووە و ئیڕۆ دەزانن پێی بپەیڤن. گەر من نەبوومایە، هەر لە زووەوە تۆ و نەتەوەکەت زمانی خۆتان بزر دەکرد. مەگەر چەند جاران حەزیان بەوە نەکردووە زمانەکەتان ڕیشەکێش بکەن. زمانەکەتان بەری هەزار ساڵ زمانی ئیداری و زمانی حوکومەت بووە. ئەوسا حوکومی پێ دەکرا، هەزار قاتیش جێی شانازی بووە. گشت جارێک، من لەبەردەمتاندا ڕاوەستام و زمانەکەتم پاراست، نەک پێنووسەکەت.

سا هەگەر باوەڕم پێ ناکەیت لە چواردەورت بنواڕە، دەبینیت ئەوانەی لە من دوور کەوتوونەتەوە، هەردەوێڵ بوون و زمانی خۆیان بزر کردووە و ئیڕۆ نازانن بێژن «لۆ!» نە «لێ!» ژی، لەبەر ئەوەی پیاوێن بێ چەک، وەک مرۆڤێن بێ نینۆکن. کێچیش پێیان دەوێرن. سا بۆیە لەمەبەدوا ئەزبەنی قەدرم بزانە، لێم دوور مەکەوە، من لە خۆت دوور مەخەرەوە و بە من پەراسووی دژومنەکەت هەڵبدڕە نەک پێنووسەکەت!

خەنجەرەکەم لێرەدا قسەکانی بڕاندەوە. حەزم دەکرد وەرامی بدەمەوە، کەچی نەیدەویست گوێم بۆ ڕادێرێ. ڕابوو چووەوە کێلانەکەی، خۆی لێ کەڕ کرد و گوێی نەدامێ.

**سەرچاوە:**

گازندا خەنجەرا من، جەلادەت عالی بەدرخان، کۆڤارا هاوار، هەژمارا ١٢ - سالا ١٩٣٢

(ژ کورمانجی بۆ سۆرانی: ژیار هۆمەر)

[1] تەکووز tekûz: کامڵ – وەرگێڕ.

[2] سەرچاوە: مەم و زین، ئەحمەدی خانی، بۆ موکریانی: هەژار موکریانی، بڵاوکار: کانی کتێب – ١٣٩٤ – سنە. لاپەڕە: ١١ – وەرگێڕ.

[3] زرت: خۆبەزلزانین. لافوگەزاف. زرتخانە: لافخانە، گەزافخانە – وەرگێڕ.

# دیوار و ئەز

## تاهیر تانینها

## تیپگۆڕین و فەرهەنگۆک: ژیار هۆمەر

**-ژ بۆ کۆبانێ...**

ئەز وەستیا مە. خەوا من تێ. دترسم. برچی مە. د ڤێ شەڤا تاری دە دەنگێ چەکان ژ حەر دەری تێ. ل بەر دیوارەکی مە. نزانم د کیژان کوچەیێ دە مە، د کیژان کۆلانێ دە مە. ئەم چەند کەس بوون. هەڤاڵێن من ل کو دەرێ نە؟ نزانم. تەنێ ل بەر من دیوارەک هەیە. چەکا من د دەستێ من دە یە. گەلۆ چەند فیشەک مانە؟ کانێ ئاڤ؟

کەچا دەڤ ژێ بەر دە.

نها هن کەس ژ پشت ڤی دیواری ڤە وەرن ئەزێ چ بکم؟ ئەزێ چاڤێن خوە دانەینم ل سەر یەک و دوو. لێ پڕ خەوا من تێ. گەلۆ ساعەت چەندە؟ دیا من ڕازایە گەلۆ؟ ئۆف! باڵافرێ ل چەپەرێن وان دە. ئەز خوە باڤێژم عەردێ. کەس من نەبینە کو ئەز ل ڤێ دەرێ مە. هەتا سبێ ئەزێ ل ڤر بم. هەڤاڵێن من نەهاتن. شەهید کەتن قەی؟ گەلۆ بوون ئاخ؟ ئەزێ ببم چ؟ ئەو پۆڕێن من، چاڤێن منێن قەهوەیی دێ ببن ئاخ گەلۆ؟ مژگانێن من... وەڵڵاهی ئەز ژ مژگانێن خوە حەز ناکم. بلا ببن ئاخ. حەق دکن. کەنێ من تێ. پشت ڤی دیواری گەلۆ ئەو هەنە؟ ئەزێ چ ببینم. ئەزێ قەدەرا خوە... ئۆف! چما دەم ناچە. حەما هەڤاڵەکە من ل نک من هەبوونا.

کەچێ، نەکەڤە ناڤ خەیاڵان. تلیا خوە ژ تەتکێ ڕانەکە.

دەنگێ چەکان ژ هەر دەرێ تێ. ئەز ب کیژان ئالیی دە هەرم. نزانم. یا هەری باش ل بەر ڤی دیواری بمینم. ئەز ل بەر دیوار تەژانە مە. کەچێ، هشێ خوە هەری بینە سەرێ خوە.

دەنگێ هن کەسان تێ. قاپیتێ خوە باڤێژم سەر خوە. زمانێ عەرەبی تێ گوهێ من. نێزیکن. گەلۆ دیا من هشیارە؟ ئەز نها ڕابم بدم تلیلی، دەرباس وی ملێ دیوار ببم؛

بڕەشینم، بڕەشینم، بڕەشینم...

بەهنا خوە فرە بکە کەچێ. بسکەنە. هەتا سبێ بسکەنە. نها شەڤە. من نابینم. لێ گاڤا بوو سحەر دێ من ببینم.

کی دێ من ببینە؟

ئەو، ئان هەڤاڵێن من.

مێڤانێ ڤی ئالییێ دیوارم.

دیا من چ دکه نها گەلۆ؟ خەوا وێ تێ؟

خەوا من تێ. کەچێ، تلیا خوە ژ تەتکێ ڕانەکە. سحەر نێزیکه...

ژێدەر:

دیوار و ئەز / تاهیر تانینها / کۆڤارا ژەهر – هەژمار: ٦

(Dîwar û ez / Tahîr Tanînha / Kovara Jehr – Hejmar: 6)

فەرهەنگۆک / کورمانجی - سۆرانی:

برچی: برسی

ژ هەر بەر: لە هەموو لایەکەوە

کیژان: کامە

ل ڤر: لێرە، لە ئێرە

ئەم: ئێمە

ئەو: ئەوان، ئەو

لێ: بەڵام

دەڤ: دەم، زار

دەم: کات، سات

گوهـ: گوێ

پڕ: زۆر

هن: هەندێک، بڕێک

هەرم: بڕۆم، بچم

مژگان: برژانگ، مژۆڵ

چەپەر: سەنگەر

قاپیت: قاپووت، کۆت

ڕازایە |ڕازان|: خەوتووە |خەوتن|

باڵافڕێ: فڕۆکە

باڤێژم |باڤێژتن|: بهاوێژم، هەڵ بدەم، فڕێ بدەم |هاوێشتن، هەڵدان، فڕێدان|

پۆڕ: قژ، پرچ

بڵا: با، سا، دەسا

ئاخ: خۆڵ، گڵ، خاک

قەی؟: داخۆ؟، ئایا؟

دی: دایک

گاڤا: کاتێک

نها: ئێستا

حەما: نزیکەیی، تەقریبەن

نک: کن

بسەکنە: بوەستە، ئۆقرە بگرە، بساچێ، بسرەوێ

تەژان: گرمۆڵە

بەهن (بێهن): هەناسە، بۆن |بەهنا خوە فرەهـ بکە کەچێ: هەناسەی خۆت ڕابگرە کچێ، هەناسە لە خۆت ببڕە کچێ، ددان بە خۆتدا بگرە کچێ|

ئالی: لا |کیژان ئالی: بەرەو کام لا|

هش: هۆش |هشێ خوە هەری بینە سەرێ خوە: هۆشت بهێنەرەوە سەر خۆت|

بڕەشینم: تەقە بکەم، دەستڕێژ بکەم

تلی: پەنجە، قامک

تەتک: پەلەپیتکە

# مێش و ڕاسکۆلنیکۆڤ

## تاهیر تانینها

## لە کورمانجییەوە: ژیار هۆمەر

سەرم خستە سەر ئەو سەرینەی بە ئارەقەکەم زەرد هەڵگەڕابوو. سا چی بێژم، دە هۆدەیەکی بچووکدا بووم، تەنیا بووم. گیزەگیزی مێشێک لە بان سەرمەوە دەهات. ڕۆمانی «تاوان و سزا»ـی «دۆستۆیەڤسکی»ـم بە هەرتک دەست ڕاگرتبوو. ڕووپەل بە ڕووپەل، چاوم لەسەر ڕستەکانی دەهات و دەچوو. ڕابووم تا دوژمنەکەم، ئەو مێشەی تازە دەرکەوتووە، بکوژم. مێشەکە هەردوو باڵی بلەزتر دەهەژاند. هەرچەندم کرد بەر دەستم نەکەوت. وازم لێ هێنا، ڕاکشامەوە. ڕۆمانەکەم هەڵگرتەوە. ڕووپەلەکانی ڕۆمانەکەم بە سەرنجەوە هەڵدەدایەوە، لاپەڕەکانی بەری دابوو، نەدەهاتەوە بیرم ئەوە چەندەمین جارە دەیخوێنمەوە. ئەدی چما دیسان دەیخوێنمەوە، نازانم. پڕاوپڕی نێو ژوورەکەم ڕووپەلی ڕۆژنامە، دەڵقی ڕەش، کۆواری وێژەیی، شووشەی مەی، پەڕتووکی یاساخی لێ بوو. گۆرەوییە نەشۆردراوەکەم لە بن قەرەوێڵەکەمدا بوو. ڕۆژنامەیێن کوو دەموچاوی سەرۆک و شۆڕشگێڕانی گەلەکەمیان پێوە بوو، لەسەر مافووری ژوورەکە بڵاو بووبوونەوە. من پیوازیشم لەسەر دەموچاویان نەدەجنی. مێشی نەگریس دیسان هاتەوە بۆ گیانم. ئەو لاپەڕەیەم دەخوێندەوە کە ڕاسکۆلنیکۆڤ لە ژوورەکەیدا لەسەر نوێنە پیسوپۆخڵەکەی ڕاکشاوە. گێڕانەوەیێن نووسەر سەرنجی ڕادەکێشام، تاوناتاوێ لە چواردەوری خۆمم دەنواڕی. نازانم ئەوە چەندەمین جارم بوو.

جا ئێستا چ بکەم گەلۆ؟ هەڵبستم ڕاسکۆلنیکۆڤ دەڕوات و لێم زیز دەبێت. هەڵنەستم ئەو مێشەڕەشە تەواو وەڕەسم دەکات.

مێش و ڕاسکۆلنیکۆڤ.

من و مێش.

سا چی بکەم؟

دەستم لە ڕاسکۆلنیکۆڤ بەر نەدا. لێ مێشەکەیش وازی لە من نەهێنا. چاوم چووەوە سەر لاپەڕەیێن پەڕتووکەکە؛ ڕاسکۆلنیکۆڤ بە کۆڵانێکدا تێدەپەڕی. دەچووە مەیخانەی. لە مەیخانەکە پیاوێک ڤۆدکای دەخواردەوە. باسی خۆی دەکرد. چاوم چووە سەر بازاڕی باژێڕەکەم، پیاوێکی سەدساڵ، باسی پرچە سپییەکەی دەکرد. چایەکی ڕەشی هەڵدەقوڕاند.

ئەز هەڵستام، مێشەڕەش هەر لە بان سەرمەوە بوو. باڵەفرتەی پێ کەوت، ساتێک چاوی تێ بڕیم.

دیسان خەیاڵم بەرەو وڵاتەکەم پەلکێشی کردم. شوانی مەڕم. بێدەنگی باڵی بەسەر هۆبەکەدا[1] کێشاوە. بەسەر تاوێرێکەوەم، سەیری یارەکەم دەکەم. یار لە ناو دڵمدایە. دیتنی نەمشیلانەکەمی لێ بترازێ، هیچ خەم و پەژارەیەکم نییە. پەزەکان خەریکی شەوێن[2] بوون، پاشان خۆیشم کەوتمە ناوی خەوێکی گران.

تیرێژ لە دەموچاومی دا. هەڵستام، چواردەورم هیچ پەزێکی لێ نەمابوو. سا چ بکەم، خەو خۆش بوو. هەڵستامە سەر پێ. مێشەکەرانەکە لەسەر چیاوە هەڵفڕی و هات لە بان سەرم خولایەوە. ئەو ساتەی چاوم هێشتا لەسەر چاوی نەشمیلانەکەم بوو.

پاشان لە ناو قرەقڕی هۆبەکەدا فسم نیشتەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ هۆشیاری کردمەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ شاربەدەر کرابوو، لە ناو بەفر و سەرمادا لەسەر ڕێیێن دوور...

منیش کەوتمە نێوان ڕاسکۆلنیکۆڤ و مێشەکەوە.

سا چی بکەم، شەو ئەنگوستەچاوە، سەرشێتە، خوەشە، کۆچە، هیوایە، تەنیاییە.

ژێدەر:

MêŞ û Raskolnîkov, Lata Lêron, Tahir Taninha, WeŞanxaneya Lîs, 2016

[1] هۆبە: کۆی ئەو خێزان و کوێن و چیغ و ڕەشماڵانەی لە هەوارگەیەکدان – وەرگێڕ.

[2] شەوێن، شەڤین، شەوەکەژ: لەوەڕینی ڕانەمەڕ بە شەودا – وەرگێڕ.

# هاوارەکەمان

## فرات جەوەری

## لە کورمانجییەوە: ژیار هۆمەر

لە بەر ئەوەی زمانی کوردی نەبووەتە زمانی فەرمی و بەڕێوەبردنی دەزگە و دەوڵەت، بۆیە وێژە و چاپەمەنیی کوردییش لە مێژوودا جێگەی پێویستی نەگرتووە. زمان شەلێکی گەڕۆکە، وێژە لە بازاڕدا پارەی نەکردووە و زمانی ماڵەوەیش لە ماڵەوەدا پەستێوراوە و قەتیس کراوە. ئەوە هۆکارێکی بنچینەییە کە لە زەوییێن کوردیدا، چاپەمەنی و بڵاوکارێکی کارامە نەڕسکاوە. بەڵام سەرەڕای ئەو بارودۆخەیش، کوردی دڵسۆز، ئەوانەی هەموو ئەرکی سەردەمی خۆیان لە کۆڵ نابوو و بەریان بەرەو پاشەڕۆژ بوو، بە توانستە بێسنوورەکەیانەوە هەوڵیان داوە بناغەی زمان و وێژەی کوردیی هاوچەرخ دابڕێژن. ئەو زمانی کوردییەی چیدی کەوای کەلەپووری لە بەردا تەنگ دەبوو، هیواخوازی هۆگر و پەرەسێن بوو. لەو هۆگر و پەرەسێنانەدا، میر جەلادەت عالی بەدرخان بە هاواری ئەو زمانە دێرینەوە، ئەو زمانەی لە ئاویلەکەدا بوو، چوو. بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببووژێنێتەوە، وێژەی کوردی سەرلەنوێ بژیەنێتەوە و پردێک لە نێوانی وێژەی کوردیی دوێنێ و ئەمڕۆ ڕۆبنێت، سا دەستی بە وەشاندنی کۆواری هاوار کرد. هەرچەندە دە زاری کورمانجیدا پێش بڵاوبوونەوەی کۆواری هاواریش بڕێک پەڕتووکی کوردی بڵاو کرابوونەوە، هێشتا مرۆ ناتوانێ باسی وەشانخانەیەکی کارامە و بەردەوام بکات. بێگومان لەم نێوەندەدا کوردانی سۆڤیێتی پێشوویش لە بواری وێژەدا گەلەک پەڕتووکیان وەشاندووە، لێ ئەوانیش وەشانخانەیەکەیان تایبەتی، نموونەیی، یان بازرگانی نەبووە، وەشانخانەیێن دەوڵەت بوون و بە دەستوور و فەرمانی حیزبی کۆمۆنیست چاپ بوونە.
هەرچی بڵاوکراوەکانی هاواریشە، وەک کۆواری هاوار، بەرهەمی جەلادەت عالی بەدرخان بووە؛ کارامەیش نەبووە، لێ بە بیرۆکەی دانانی بناغەیەکی کارامە وەگەڕ خراوە. بە ناوی «پەڕتووکخانەی هاوار»، بۆ یەکەمین جار لە چاپەمەنیی کورمانجیدا بەردەوامییەک چێ بووە و پەڕتووک لە دوای پەڕتووک وەشێنراوە.

**بڵاوکراوەکانی هاوار**

ئێمە لە ژمارەکانی سەرەتای هاواردا پەڕتووکێن هاوارمان بەرچاو ناکەوێ، لێ تا کوو ساڵانێک بەسەر وەشاندنی هاواردا تێدەپەڕێ و لە ساڵی ١٩٣٢ـەوە دەگەینە ساڵی ١٩٤٠، ئیدی ڕیکلام و ناساندنی پەڕتووکەکانی هاوار لە پشتبەرگی هاواردا دەبینین. دەگەڵ ئەوەی ساڵی چلەکان ماوەی ١٠ ساڵێک بەسەر وەشاندنی هاواردا تێپەڕیوە و چەند نووسەرێکی تێدایە، کەچی دیسان هەموو پەڕتووکێن کتێبخانەی هاوار هیی هەردوو براکەیە؛ «جەلات عالی بەدرخان» و «د. کامەران عالی بەدرخان». یەکەمین پەڕتووک هیی جەلادەت عالی بەدرخانە بە ناوی «ڕێزانا ئەلفابیا کوردی». دووەم پەڕتووکیش هیی «د. کامەران عالی بەدرخان»ـە بە ناوی «ڕووپەلنە ئەلفابێ».

**بەرهەم و وەشانخانە**

لە بەر ئەوەی هەردوو براکە، لە پاڵ نووسیندا سەرقاڵی دانانی بنچینەی زمانی کوردیی ستاندارد و ڕێنووسی کوردی بوون، بۆیە هەردوو پەڕتووکی سەرەتایان لەمەڕ ئەلفبێ بووە. سێیەم پەڕتووک هیی «د. ک. عالی بەردخان»ـە بە ناوی «دلێ کورێ من». چوارەمیان «بیشا پێخەمبەر» بە کوردیی زازاکییە، جەلادەت عالی بەدرخان پێشەکیی بۆ نووسیوە.

کتێبخانەی هاوار پەڕتووکێکی تری بە ناوی «نڤێژێن ئێزیدییان» بە پێشەکیی «جەلادەت عالی بەدرخان» وەشاندووە. شەشەم پەڕتووکیش هیی «جەلادەت عالی بەدرخان»ـە بە ناوی «مەکتووب ژ مستەفا کەمال پاشێ رە». جەلادەت عالی بەدرخان بە بۆنەی دەساڵەی کۆماری تورکیاوە ئەو پەڕتووکەی بە شێوازی نامەیەک، بە تورکی، بۆ موستەفا کەمال نووسیوە. ئەو دە پەڕتووکەیدا باسی کورد؛ جڤاک، زمان، چاند و مێژوویان دەکات و داوای مافەکانی کورد لە موستەفا کەمال دەکات. پەڕتووکەکانی دواتر بە ڕیز؛ «ژ مەسەلا کوردستانێ / ج. ع. بەدرخان»، «ئەلفابەیا کوردی / د. ک. ع. بەدرخان»، «خوەندنا کوردی / د. ک. ع. بەدرخان»، «ئەلفابەیا من / د. ک. ع. بەدرخان»، «دەرسێن شەریعەتێ / د. ک. ع. بەدرخان»، «چارینێن خەیام / د. ک. ع. بەدرخان» بڵاو بوونەتەوە. دە لیستی کتێبخانەی هاواردا هەندەک پەڕتووک بە زمانی فڕانسییش هەن کە بە خامەی «کامران بەدرخان» نووسراون.

زۆرینەی ئەو پەڕتووکانەیش ساڵی ١٩٣٧ وەشێندراون. هەروەها لە لیستەکەدا پەڕتووکێکی «بازڵ نیکتین»[1] بە ناوی «مەسەلا کوردستانێ» دەبینین. ئەو پەڕتووکەی نیکتین تەنانەت چەند جارێک چاپ کراوەتەوە و بووەتە یەکێک لە پەڕتووکە گرنگ و ناسراوەکان لەسەر کورد و دۆزی کورد.

هەندێک پەڕتووکی تری هاوار هەیە لە لیستەکەدا نابینرێ، لێ لە نێو ڕووپەلەکانی هاواردا بە چەند ڕیزێک باسیان لێ کراوە. پەڕتووکێکیان پەڕتووکی زارۆکانە، ناوی «جۆنی و جمێما»ـیە و نووسەری ئینگلیز «بڕاین گینز» نووسیوویەتی و «جەلادەت عالی بەدرخان» لە فڕانسییەوە بۆ کوردی وەریگێڕاوە. دەتوانین بە سانایی پەڕتووکەکەی جەلادەت عالی بەدرخان بە ناوی «بنگەهێن گرامەرا کوردمانجی» کە ساڵی ١٩٩٣ وەشانخانەی «نوودەم» بڵاوی کردەوە، لە لیستەکەدا زێدەی بکەین. هەروەها پەڕتووکی نووسەرانی هاوار «قەدری جان، نوورەدین زازا، جەگەرخوین، عوسمان سەبری و ڕەشیدێ کورد»ـیش کە دواتر لە ناو لاپەڕەکانی کۆواری هاواردا کۆ کرانەوە و وەک پەڕتووک ڕووناکییان بینی و چوونە ناو لیستی کتێبخانەی هاوارەوە. هاوار وەک کۆوار و وەشانخانە یەکەمین دەزگەیە کە ڕێچکەی نوێگەری و ژیانەوەی لە بەردەم زمان و وێژەی کوردیدا کردووەتەوە. یەکەمین دەزگەیە کە زمان و وێژەی لە سیاسەتی حیزبایەتی و بەرژوەندیی خێڵەکی و سیاسی پاراستووە؛ لە هەموو چین و توێژێکی کوردیان وەرگرتووە، هۆنیوویانەتەوە، بژاردوویانە و دیسان بۆیان گەڕاندوونەتەوە. مرۆڤ دە هاواردا دووربینی، گەشبینی، ئۆقرە، هێمنی و دۆستایەتیی بەرچاو دەکەوێ. تۆزقاڵێک نەیاری و بیری دژایەتی لە هەمبەر هیچ کەس و تاقمێک دە هاوار و بڵاوکراوەکانیدا نابینرێ. تەنێ هیوای لێ هەڵدەقوڵێ.

[1] Bazil Nikitin

بەڵام مخابن، بە مردنی جەلادەت بەدرخانی ڕەحمەتی، ژیلەمۆی ئەو هیوا و خەباتە دامرکایەوە. ئەو جیلەی ساڵی حەفتاکان لە پێناو دۆزی کورد ڕابوون، لە هاوار بێبەش بوون. ئەز بۆ خۆم ساڵی ١٩٨٢ بە خێری «حەمرەش ڕەشۆ»ـی ڕەحمەتی هاوارم ناسی؛ سا ناسیم و بوومە بانگەشەکارێکی کۆوارەکە. هەرچەندە من ساڵانێک بەر لە دیتنی هاوار دەستم دابووە نووسین بە زمانی کوردی، کەچی دەتوانم بەبێ دوودڵی بێژم کە بە خێری هاوار لە نووسین بە کوردی گەرموگوڕتر بووم. بۆیە دوای شوێنپێی هاوار کەوتم، دوای هاوکاران و نووسەرانی کەوتم. خۆم گەیاندە «نوورەدین زازا»، لە شام میوانی «عوسمان سەبری» بووم و لە بانیاس لە ماڵی «ڕەوشەن خانم»ـی خێزانی جەلادەت بەدرخان مامەوە. ئەز دوای خەزێنەیەک کەوتبووم، دەمویست ئەو خەزێنەیە دەربهێنم، نەک تەنێ لۆ خۆم، بەڵکو لەگەڵ هاووڵاتیانیشم بەشی بکەم. ساڵانێک بێوچان هەوڵم دا و گەڕام تا هەموو ژمارەکانی کۆواری هاوارم پەیدا کرد و بە خێری هاوار و پەڕتووکە بڵاوکراوەکانی، حەسامەوە. ئارمانجی سەرەکیم ئەوە بوو پەڕتووک و خاوەن و بەڕێوەبەرانی هاوار بە جیلی نوێ بناسێنم و لە ڕێی «نوودەم» و بڵاوکراوەکانییەوە بە ١٠ ساڵی ڕەبەق ئەوەم کرد. دە دەستپێکی ساڵانی ٢٠٠٠ـدا کاتێک نوودەم ماڵاوایی لە خوێنەران و ئەویندارانی وێژەی کوردی کرد، هەردوو بەرگی هاوار، ١٠ بەرگی نوودەم و نێزیکەی ١٠٠ پەڕتووکی کوردی لە پاش خۆی بەجێ هێشت و ڕۆیشت.

**دوای هاوار نوودەم هات**

دوای هاوار، نوودەم، دوای نوودەمیش بەردەوامیی وەشانگەریی کوردی ڕانەوەستاوە، لە تورکیا گەلەک وەشانخانەی نوێ کراونەتەوە و هەر یەکێکیان لە بواری خۆیدا کاری باش و بەرچاوی کردووە. ئەو وەشانخانانەی ئەمێستاکە لە بیرمدان ئەمانەن: دۆز، نووبهار، ئاڤێستا، پێری، ئاڤا، سی، ئارام، دۆ، لیس، ڕۆناهی، ئەنستیتوویا کوردییا ستەنبۆڵ و دیاربەکرێ، دەنگ، باژاڕ، بەلکی، ڤاتە، کۆماڵ، و هود.

بڵاوکراوەکانی نوودەم، پاش درێژەناوبڕێک، نها دیسان هەڵستاوەتەوە و وەک پێشوو ڕۆحی هاوار دەژیەنێتەوە؛ سیاسەت بۆ سیاسەتوانان بەجێ دەهێڵێ، وێژە بە وێژەوانان دەسپێرێ و بە هیوایە لە نێونەتەوەییکردنی وێژەی کوردیدا دوو بەرد لە سەر یەک دابنێ.

ژێدەر:

Hawara me / Firat Ceweri / www.radikal.com.tr - 13/05/2011